# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتیکی فیدراڵدا ■ سێشەممە ١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٥ ـ ٧ی ژوئەنی ٢٠١٦ ■ ژمارە: ٦٨١ ■ www.kurdistanukurd.com


## یادێک لە ٥٩ شەهیدی مەهاباد

ڕۆژی ١٢ی جۆزەردانی هەر ساڵێک بیرخەرەوەی کارەساتیکی تاڵ و دڵهەژێنە. لەو ڕۆژەدا ٥٩ کەس لە خەڵکی مەهاباد لە زیندانی تەوریز بە حوکمی دادگای شەرع بە تاوانی هاوکاری کردن لە گەڵ دژی شۆڕش ئێعدام کران. ئەو ٥٩ کەسە بە تاوانی هاوکاری کردنی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەی نێوان دوو مانگی خاکەلێوە و بانەمەڕی ئەو ساڵەدا بە شێوەی ڕەشبگیر دەسبەسەر کرابوون.

ئەو ٥٩ کەسە لە تەمەنی جۆراوجۆردا بوون، لاوی تەمەن ١٦- ١٧ ساڵیان تێدا بووە هەتا پیاوی کامڵ تەمەن ٤٠ بۆ ٥٠ ساڵو لە هەمان حاڵدا لە چینو توێژی جۆراوجۆری شاربوون، لە قوتابیو خوێنداکار هەتا دوکانداریو بازاڕیان تێدا بوو. هەربویە چ لە بواری تەمەنەوە چ لە بواری تێڕوانین بۆ ڕووداوەکان، ئەو ٥٩ کەسە نەیاندەتوانی وەک یەک بن، بەڵام دادگای شەرعی تەوریز بێ گوێدان بە هیچ بنەمایەکی قانوونیو ئەخلاقی، وەک ئەوەی ئەو ٥٩ کەسە لە مەیدانی شەڕدا گیرابن، محاکمە و سەرەنجام بە ئێعدامی مەحکوم کردن.

لە یادرۆژی ئێعدامی ٥٩ لاوی بێتاوانی کوردی مەهابادی، سەری ڕێز و ئێحترام دادەنوێنین بەرامبەر بە روحی پاکیانو، بۆ جارێکی دیکە ئەو کردەوە دژەئینسانییەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکەین.

# پێداگریی کوردانی مافخوازی پارێزگەی ورمێ، ڕۆحانیی وەقسە هێنا

## پەیامی دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان

**منداڵە خۆشەویستەکان!**
**ئامادەبووانی بەڕێز!**

سەرەتا لەلایەن دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، بەبۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵانەوە پیرۆزبایی لە سەرجەم منداڵان و هەموو ئەو کەس و لایەنانە وەک دایکان و باوکان, مامۆستایان ، کە ئەرکی پەروەردەکردن و بارهێنانی منداڵانیان لەسەرشانە، دەکەم و هیواداری دەردەبڕم کە جیهانی منداڵان بەگشتی لەسەرانسەری دنیاو منداڵانی کورد بە تایبەتی دووربێت لە ناخۆشی و شەڕو شوورو نا ئەمنی.

جێ خۆیەتی لە پێشەکیدا سوپاسی یەکیەتی لاوان ویەکیەتی ژنان بکەم کە ئەو ساڵیش هیمەتیان کردوو بە ڕێوڕەسمە جوانە ڕێزیان لە ڕۆژی منداڵان گرتوە و بەوشیوە بزەی خۆشی و شادیان خستۆتە سەر لێوی منداڵان.

منداڵە خۆشەویستەکان!

جێژنی ڕۆژی جیهانی منداڵان کە هەموو ساڵێک لە١ی ژوئەندا بەڕیوە دەچێ، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆبوونەوەی یەکێتی نێونەتەوەی دیموکراتیک ژنان لە پاریس لە ساڵی ١٩٤٩دا کە ئەو ڕۆژەیان بە ناوی ڕۆژی نێونەتەوەی منداڵان ڕاگەیاند و لەو ڕۆژە بەدواوە لە زۆربەی وڵاتان بەتایبەتی وڵاتانی بەرەی سۆسیالیستی ئەوکات بە بەڕیوەبردنی ڕێوڕەسم و گرتنی کۆنفڕانس وکۆبوونەوە لەسەر دۆخی منداڵانی جیهان، ڕێزیان لەو ڕۆژە دەگرت کە ئێستاشی لەگەڵ دابێ لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ئەو ڕۆژە واتە ١ی ژوئەن دەکرێ بە جێژن و شادی بۆ منداڵان.

نزیک بە ١٠ ساڵ دواتر لەو ریکەوتە واتە ساڵی ١٩٥٩ لەلایەن کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەیاننامەی مافی منداڵان پەسەندکرا و لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە ڕۆژی٨ی ئۆکتۆبر کە ڕۆژی دەرچوونی بەیاننامەکەیە بە ڕۆژی جیهانی منداڵان دیاری کردووە و ٣٠ساڵ دواتر واتە لە ٢٠ی نوامبری ساڵی ١٩٨٩ کۆنوانسیونی مافی منداڵان لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسند کرا کە هەتا ئێستا١٩٣ دەوڵەت تێیدا ئەندامن .

ل ٣



پرسی ستەمو هەڵاواردنی ڕەسمیو بەکردەوەی کاربەدەستانو دامەزراوە حکوومەتیو دەوڵەتییەکانی پارێزگەی ورمێ دژی دانیشتوانی کوردی ئەم پارێزگەیە، لە مانگەکانی ڕابردوودا ڕەنگدانەوەو دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی لە کۆڕو کۆبوونەوە سیاسییەکانو ڕاگەیەنەکاندا هەبوو. بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی پاڕلمانیو هەوڵدانی دانیشتوانی کوردی ئەم پارێزگەیە بۆ خستنەڕووی کێشەو گرفتەکانیان لە سەروبەندی هەڵبژاردندا، دەرفەتێک بوو بۆ ئەوەی پەردە لە سەر ستەمو هەڵاواردانی نەتەوەییو ئایینی لە دژی خۆیان لەقاو بدەن. سەردانی حەسەن ڕۆحانی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ ورمێو مەهاباد لەم ڕۆژانەی دواییدا، هاندەری چالاکانی مەدەنی و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی کوردی ئەم پارێزگایە بوو بۆ ئەوەی جارێکی دیکە، سکاڵاو نارەزایەتیدەربڕینو چاوەڕوانیی خۆیان لەو ستەمو هەڵاواردنانە بە بڵاوکردنەوەی نامەی سەرئاوەڵاو پەیامی تایبەت، بەرەوڕووی ناوبراو بکەنەوە.

پێداگرو ڕاشکاوبوونی خەڵکی کوردی پارێزگەی ورمێ لە دەربڕینی داخوازو چاوەڕوانییەکانیاندا لە لایەکو لە لایەکی دیکە حاشاهەڵگرنەبوونی ستەمو هەڵاواردنی کاربەدەستانی تورکی ئەم پارێزگەیە بەرامبەر بە کوردەکان، ڕۆحانی سەرکۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانی ناچارکرد لە سەفەری ئەم دوایانەی خۆیدا بۆ شارەکانی ورمێو مەهاباد، گرنگییەکی تایبەت بەم پرسە بدا. ناوبراو بێ ئەوەی بە ڕاشکاوی دان بەوە دابنێ کەکاربەدەستانی تورک و دامەزراوە حکوومەتییەکان بە پشتیوانیی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی، کوردەکانیان خستووەتە پەراوێزو هەموو مافەکانیان پێشێل کردوون، لە زۆربەی وتارو لێدوانەکانیدا دژی هەڵاواردنی «قومی و مذهبی» دواو لە سەر پێویستیی یەکسانیی نێوان کوردو تورک و، شیعەو سوننی، قسەی کرد. وەک ئاوڕدانەوەیەک لە دروشمەکانی کاتی هەڵبژاردنی خۆیو وڵامدانەوە بە پێداگریی دوو نەتەوەی کوردو تورک لە سەر مافە نەتەوەییەکانیشیان، چەند بەڵێنو ڕاسپاردەیەکی هێنایە گۆڕێ کە خوێندنی زمانی ئەو نەتەوانە لە هێندێک خوێندنگەی چەند شارێک یەک لەوان بوو.

## گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە



باروودۆخی جەستەیی محەممەدسەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووسی بەندکراوی کورد لە بەندی ٣٥٠ی زیندانی ئێڤین کە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بە باروودۆخی خۆیو کرانەوەی پەروەندەی نوێ لە دژی، لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتووە یەکجار شپرزییەو مەترسیی وەستانی دڵی لەسەرە.

سەرچاوەیەکی نزیک لە بنەماڵەی کەبوودوەند وێڕای ڕاگەیاندنی ئەم هەواڵە گوتی تا ئێستاش کاربەدەستانی پێوەندیدار هیچ وڵامێکیان بە داواکانی ئەو نەداوەتەوەو بنەماڵەکەشی زۆر نیگەرانی باروودۆخی سڵامەتیی ئەو و خەمساردی کاربەدەستانن.

ئەولەڤیەتی هەموو هەوڵەو تەقەللا پزیشکییەکان دوای تێکچوونی باروودۆخی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕێگری لە سەکتەی دڵی ناوبراوە کە بەهۆی دابەزینی پۆتاسیۆمی خوێن مەترسیی لە سەر دروست کردوە.

ئەو هەوڵەی پزیشکان لە حاڵێک دایە کە تا ئێستاش کاربەدەستانی دەزگای قەزایی هیچ وەڵامێکیان بە داواکانی کەبوودوەند نەداوەتەوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند لە ڕێکەوتی ١٠ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٨٦ دەستبەسەرو زیندانی کراوە. ناوبراو لە دادگای شۆڕشی ئیسلامیی تاران بە تۆمەتی هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی دامەزراندنو بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان، حوکمی ١٠ ساڵ زیندانو لە بابەت پڕوپاگەندە بەدژی نیزامی کۆماری ئیسلامی حوکمی ١ ساڵ زیندانو سەرجەم ١١ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

لەو پێوەندییەدا ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە بەیاننامەیەکدا لە ژێر ناوی گیانی ڕۆژنامەنووسی بە هەڵە بەندکراوی کورد لە ئێران بە موو بەندە“، وێڕای دەربڕینی نیگەرانی سەبارەت بە باروودۆخی محەممەدسەدیق کەبوودوەند ڕایگەیاندوە گیانی ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە لەبەردەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دایە.

لەم بەیاننامەیەدا هاتووە کە کەبوودوەند بە هۆی نزیک بە مانگێک مانگرتن لە خواردن باروودۆخی بە هۆی نەخۆشییەوە زۆر نالەبارەو مەترسی مردنی لەسەرە. لەم بەیاننامەیەدا جۆن لینچ، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقا لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی داوای ئازادکرانی خێراو بێمەرجی محەممەد سەدیق کەبوودوەندی کردوە.

جۆن لینچ، جێگری بەشی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستو باکووری ئافریقا لە ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی گوتی، محەممەد سەدیق کەبوودوەند بە هۆی چالاکی قانوونیی مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسی نزیک بە ١٠ ساڵە زیندانی کراوە. ئەمە لە حاڵێک دایە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە حاڵی دروستکردنی پەروەندەیەکی نوێ لە بەرەبەری ئازاد کرانی ناوبراودان. ئەمە بەم مانایەیە کە کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لێی دەترسێنو هەر بۆیە لە هەوڵی ئەوەدان کە لە زینداندا ڕایبگرن.

لە درێژەی ئەم بەیاننامەیەدا وێڕای ئاماژە بە باروودۆخی خراپی جەستەیی، گیروگرفتی گورچیەلەکانیو دڵی ئەم بەندکراوە لە بەر مانگرتن لە خواردن هاتوە کە فشارهێنان بۆ گەڕاندنەوەی بۆ نێو زیندان بەردەوامە، بەڵام تا ئێستا کاربەدەستانی نەخۆشخانە لە هەمبەر داواکانیان خۆیان ڕاگرتوە.


لینچ هەروەها پێداگریی کردوە کە کاربەدەستان نابێ بە گیانی ڕۆژنامەنووسێ یاری نەکەن. ئەوان لەسەریانە کە دەسبەجێ ناوبراو ئازاد بکەن.

ئەم کاربەدەستەی ڕێکخراوی لێبووردنی نێودەوڵەتی لە کۆتاییدا پشتڕاستی کردەوە کە بەرپرسانی ئێرانی پێش ئەوەی کە تراژیدیایەکی تاڵ بۆ محەممەد سەدیق کەبوودوەند، بنەماڵەی ناوبراوو گەورەتر لەوەش لە کۆمەڵگەی مافی مرۆڤ لە نێوخۆ و دەرەوەی ئێران ڕوو بدا، کۆتایی بە ئەم ناعەداڵەتیان بێنن. ناوبراو لە سەرەتاوە نەدەبا بەندکراباو کاربەدەستانی ئێران دەبێ دەسبەجێ ئازادی بکەن.





«کوردو سەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست» ٦



لە یادی کاک عەزیز یوسفیدا ٦



ناتۆ و رووسیە یاریی بە ئاگر دەکەن ٧



سزای «محاربە»؛ دەسمایەی کوشتنی ئازادیخوازان ٨

ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە «بەشی حەوتەم» ٩

## نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ سەرکۆماری هەڵبژێردراوی ئوتریش لەبارەی پەروندەی تێرۆری دوکتور قاسملوو

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری نوێی وڵاتی ئوتریش، پیرۆزبایی ئەو هەڵبژێرانەی لە بەڕێزیان کردوەو لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری دوکتور قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان‌دا چەند داوایەکی لێ کردوە.

ئەوەی خوارەوە دەقی نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ ئەلکساندر واندێبێلن، سەرکۆماری تازە هەڵبژێردراوی وڵاتی ئوتریشە:

بەڕێز: ئەلکساندر واندێبێلن!

وێڕای سڵاو و ڕێز!

بە بۆنەی هەڵبژێرانت بە سەرکۆماری ئۆتریش پیرۆزباییت لێ‌دەکەم، بەڕێزتان لە وڵاتێک متمانەی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکت پێ‌دراوە کە نزیک بە ٢٧ ساڵ پێش ئێستا لە ڕێکەوتی ١٩٨٩/٧/١٣ د. قاسملوو ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڤییەن بە دەستی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کرا.

بەڕێز واندێبێلن؛ د. قاسملوو بۆ چارەسەری ئاشتیانەی کێشەی کوردی ئێران لە ڕێگای وتووێژ، وڵاتەکەی جەنابتی بۆ ئەو مەبەستە دیاری کرد. بەڵام بەداخەوە پەیامی ئاشتیی دوکتور قاسملوو بە گوللەی



تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی وڵامی درایەوەو کاربەدەستانی ئەو کاتی ئۆتریش نەتەنیا تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌یان ڕەوانەی ئێران کردەوە، بگرە هەرگیز نەیانهێشت کە دەزگای دادوەریی ئۆتریش بەدواداچوون بۆ ئەو پەروەندەیە بکا.

ئەگەر لە کاتی خۆیدا لێپرسینەوەو بەدواداچوون بۆ ڕووداوەکەی ڤییەن کرابا، بێ گومان کۆماری ئیسلامی وابە ئاسانی نەیدەتوانی تیرۆری میکۆنووس لە بێرلین‌و دەیان تیرۆری دیکە لە ئورووپاو وڵاتانی دیکەدا بکا.

بەڕێز ئەلکساندر واندێبێلن، بۆ ئێمەی کوردی ئێران و حیزبی دێموکرات ئەم کەیسە دانەخراوەو هەرگیز تەواو نەبووە، بۆیە ئەو چاوەڕوانییە لە جەنابەت هەیە کە بەدواداچوون‌و لێپرسینەوە لەو ڕووداوە دڵتەزێنە بکەی.

**بە حورمەتەوە**
**خالید عەزیزی**
**سکرتێی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**٢٥/ ٥/ ٢٠١٦**

## نامەی سکرتێری گشتیی حدک بۆ ناوەندە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی کەبوودوەندا
## «گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، سبەی لەوانەیە درەنگ بێ!»



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ناوەندە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی محەممەد سدیق کەبوودوەنددا، سەرنجی ئەو لایەنانەی بۆ دۆخی نالەباری ئەو چالاکەی مافی مرۆڤی کورد لە زیندانی کۆماری ئیسلامیی ئێران‌دا ڕاکێشاوە.

دەقی ئەم نامەیە بەم جۆرەیە:

گیانی کەبوودوەند لە مەترسی دایە، سبەی لەوانەیە درەنگ بێ!

بەڕێزان!

بان کی مون، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

شورای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی!

فیدراسیۆنی نێونەتەوەیی مافی مرۆڤ!

کۆمیسیۆنی مافی مرۆڤی پارلمانی ئورووپا!

ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ!

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور!

کۆڕو کۆمەڵە جیهانی‌یەکانی دیکەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ!

محەممەد سدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس‌و چالاکی مافی مرۆڤ لە ئێران کە لە ڕۆژی ٨/ ٥/ ٢٠١٦ی زایینی‌یەوە مانی لە خواردن گرتوە، بەهۆی کۆمەڵە نەخۆشییەک کە لە ماوەی ٩ ساڵ بەندکرانی لە زیندان‌دا تووشی هاتوە، لە بارودۆخێکی زۆر خراپی جەستەیی‌دا لە نەخۆشخانە کەوتوەو گیانی لە مەترسی دایە.

محەممەد سدیق کەبوودوەند بۆ نارەزایەتی‌دەربڕین بە وەزعییەتی بەندکرانی لە زیندان‌دا مانی لە خواردن گرتوەو ڕایگەیاندوە مانگرنەکەی تا وەڵامدانەوەی بەرپرسانی زیندان‌و دەزگای قەزایی بە داواکەی درێژەی دەبێ.

بەڕێزان!

محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرنووسەری ڕۆژنامەی "پیام مردم"و ئەندامی دامەزرێنەری "ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان" ڕۆژی ٣٠/ ٦ / ٢٠٠٧ بە بڕیاری وەزارەتی ئیتلاعات دەسبەسەرو زیندانی کرا. ئەو لە دادگایەکی ناعادڵانەدا بەهۆی "دامەزراندن‌و بەڕێوەبردنی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان"و چالاکییەکانی دیکەی لە بواری مافی مرۆڤ‌و ڕۆژنامەنووسی‌دا سەرجەم سزای ١٠ ساڵ‌و ٦ مانگ زیندانیی بەسەردا سەپا. ئەو هەروەها بە تاوانی پێوەندی‌گرتن بە ڕێکخراوە جیهانی‌یەکانی مافی مرۆڤ‌و پێوەندیی ڕاستەوخۆو نامەگۆڕینەوەی لەگەڵ بەڕێز کۆفی عەنان، سکرتێری پێشووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌و، وتووێژ لەگەڵ ڕاگەیەنە گشتییەکان سزای یەک ساڵ زیندانیی دیکەی بەسەردا سەپاوە.

محەممەد سدیق کەبوودوەند هەروەها لە زیندان‌دا لەلایەن ڕێکخراوی چاوەدێری مافی مرۆڤ، " Human Rights Watch"ەوە خەڵاتی هێلمەنی ئەو ڕێکخراوەیەی بۆ ساڵی ٢٠٠٩ دراوەتێ‌و؛ هەمان ساڵ لە ڕێوڕەسمی خەڵاتی چاپەمەنی‌یەکانی بریتانیادا، خەڵاتی "ڕۆژنامەنووسی نێودەوڵەتیی ساڵ" بە کەبودوەند دراوە. کەبوودوەند لە هەموو ساڵانی هەڵسووڕانی‌دا لە پێناو پڕەنسیپەکانی مافی مرۆڤ‌دا تێکۆشاوەو قوربانیی داوە.

بەڕێزان!

محەممەد سدیق کەبوودوەند، چالاکو هەڵسووڕێکی بەندکراوی کورد لە بواری مافی مرۆڤە. لە ئێران تێچووی چالاکیی سیاسی‌و مەدەنی‌و هەڵسووڕان لە بواری مافی مرۆڤ بۆ چالاکانی کورد زۆر قورستر لە چالاکانی ئەو بوارە لە ناوچەکانی دیکەی ئێرانە. ئەوە وای‌کردوە کە کەبوودوەند لە ماوەی زیاتر لە ٩ ساڵ بەندکرانی‌دا لە زۆربەی هەرە زۆری مافی زیندانی‌یەک بێبەش بێ.

ئەو لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەدا تەنیا یەک‌جار، ئەویش دوای مانگرتنێکی درێژماوە بە مەبەستی چاوپێکەوتن لەگەڵ کوڕەکەی کە نەخۆشییەکی زۆر سەختی هەبوو، بۆ ماوەی چەند ڕۆژ مەرەخەسی دراوەتێ. لە ماوەی ئەو ٩ ساڵەش‌دا کە لە بەنددا بووە، تووشی زۆر نەخۆشی هاتووەو ئەوەش هەم مانەوە لە زیندانی بۆ ناوبراو سەخت کردوە، هەم ئێستا کە مانی لە خواردن گرتوە، بە قسەی پزیشکان ئەو نەخۆشییانە مەترسیی مردنیان لەسەر ناوبراو دروست کردوە.

بۆیە داوا لە هەموو ئێوە بەڕێزان دەکەم بە هانای ئەو چالاکەی مافی مرۆڤەوە بچن‌و بە فشارخستنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئێران بوار بۆ پێڕاگەیشتن‌و چارەسەری پزیشکی بۆ کەبوودوەند، وڵامدانەوە بە داواکەی‌و ئازادکردنی لە زیندان‌دا خۆش بکەن.

**لەگەڵ ڕێز**
**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٣٠/ ٥/ ٢٠١٦**

## پەیامی پیرۆزبایی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بەڕێز مامۆستا سەلاحەددین بەهائەدین!

لەگەڵ ڕێز و سڵاو!

بەبۆنەی کۆتایی کۆنگرەی ٧ی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان‌و هەڵبژێرانەوەی جەنابتان وەک ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بە ناوی خۆم و ڕێبەریی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە پیرۆزبایی گرتنی سەرکەوتووانەی کۆنگرەکەتان لێدەکەم.

لە ڕێگای ئێوەشەوە پیرۆزبایی بە هەموو ئەندامانی کۆنگرەکەتان دەڵێم و بۆ ئێوەو یەک بە یەکی ئەندامی هەڵبژێردراوی سەرکردایەتیی حیزبەکەتان سەرکەوتن لە ئەرکەکانتان بە ئاوات دەخوازم.

کۆنگرەی ٧ی ئێوە لە



هەلومەرجێکی زۆر ناسک و هەستیاردا بەسترا. هیوادارم لەو قۆناغە هەستیارەی ئێستادا بە هاوکاریی سەرجەم لایەنە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان و پشت ئەستوور بە گیانی تەبایی و یەکگرتوویی، لە پێناو سەرخستنی پرسی کورد لە باشووری کوردستان تێبکۆشن.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان**
**٢ / ٦/ ٢٠١٦**

## بەشداریی سکرتێری گشتیی حدک لە یادی ٢٤٠ ساڵەی سەربەخۆیی ئەمریکادا

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەر بانگهێشتی سەرکونسولگەریی ئەمریکا لە هەولێر بەشداری یادی ٢٤٠ ساڵەی سەربەخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بوو.

لەو بۆنەیەدا کە ڕۆژی پێنج شەممە، ١٣ی جۆزەردان بەبەشداریی مەسعوود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان‌و نوێنەرانی کۆمەڵێک حیزب‌و لایەنی سیاسی‌و یەک لەوان کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە هۆتێل ڕۆتانای شاری هەولێر بەڕێوەچوو، ماتیوس میتمان، سەرکونسوڵی ئەمریکا لە هەولێر وتەی بەخێرهێنانی میوانەکانی پێشکەش کرد.

لەو مەراسیمەدا کە لەلایەن کونسوڵخانەی ئەمەریکا لە هەولێر ساز درا بوو، ژمارەیەکی زۆری بەرپرسە سیاسی و ئەمنی و ئیدارییەکانی هەرێمی کوردستان و هەروەها نوێنەری وڵاتانی بیانی و ڕاگەیاندنەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئامادە بوون.

لەو ڕێورەسمەدا ستوورر جۆنز، باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق باسێکی لە مێژووی ئەمریکاو سەربەخۆیی ئەو وڵاتەو قۆناغو هۆکارەکانی پێشکەوتنی ئەمریکا کردو وتاری حکومەتی هەرێمی کوردستان بەو بۆنەیە لەلایەن فەلاح مستەفا، بەرپرسی ئیدارەی پەیوەندییە بیانییەکانی حکومەتی هەرێم خوێندرایەوە.

لە بڕگەکانی دیکەی ئەو یادەدا کاک خالید پیروزبایی خۆی‌و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو بۆنەیەی بە "ستووەر جونز، باڵوێزی ئەمریکا لە عیراق‌و ماتیاس میتمان، سەرکونسوڵی ئەمریکا لە هەرێمی کوردستان ڕاگەیاند.

لە پەراوێزی میوانداری‌و بۆنەکەش‌دا سکرتێری گشتیی حیزب چاوی بە کۆمەڵێک دیپلۆمات‌و کەسایەتییە سیاسی‌و ئیدارییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان‌و وڵاتانی بیانی کەوت.



## لە شاری ستۆکهۆڵم خۆپیشاندانێک بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند بەڕێوەچوو

دوانیوەڕۆی ڕۆژی چوارشەممە جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی خۆپێشاندانێک لە لایەن کوردەکانی نیشتەجێی ستۆکهۆڵم دەوروبەری بە مەبەستی نارەزایەتی دەربڕین لە سەردانی محەممەد جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی ڕژێمی ئیسلامیی ئێران بۆ وڵاتی سوئێدو هەروەها پشتیوانی لە بەڕێز محەمەد سەدیقی کەبوودوەند کە ماوەی ٢٥ ڕۆژە لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران مانی لە خواردن گرتووە پێک هات.

ئەم خۆپێشاندانە سەرەتا بە خوێندنەوەی جەماوەریی سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب‌و دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان لە مەیدانی ناوەندیی ستۆکهۆڵم( سێرگێل تۆری) دەستی پێکرد.

لەو کۆبوونەوەیەدا چەند وتار بە زمانی سوئێدی‌و کوردی پێشکەش کران‌و لەگەڵ



ئەوەش‌دا وتار و دروشمی دژی کۆماری ئیسلامیی و لایەنگریی لە کەبوودوەند لە گۆڕەپانەکەدا لە لایەن بەشدارانەوە دەگوترانەوە، دواترخۆپێشاندەران بە ڕێپێوانێکی هێمنانە بەرەو دەرکی پارلمان و وەزارەتی دەرەوەی سوئێد وەڕێکەوتن و پاش خوێندنەوەی بڕیارنامەی خۆپێشاندانەکە، نامەیەک کە بۆ وەزارەتی دەرەوەی سوئێد نووسرابوو، لە لایەن نوێنەرانی خۆپیشاندەرانەوە درایە کاربەدەستێکی ئەم وەزارەتخانەیە.

شایانی باسە کە ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم خۆپێشاندانەدا بەشداربوون و هاوکات چەند کەس لە ئەندامان لەگەڵ ڕێبوارانی سەر شەقام لە سەر هاتنی محەممەد جەواد زەریف بۆ سوئێد و هەروەها ئازادی محەممەد سدیق کەبوودوەند قسەیان دەکرد و مەبەستی خۆپێساندەرانیان بۆ ڕێبواران شی دەکردەوە.

## بەشداریی کۆمیتەی سوئیسی حدک لە خۆپیشاندانی مەحکومکردنی پەیماننامەی سایکس_پیکۆدا

کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە خۆپیشاندانێکدا کە بۆ مەحکومکردنی پەیماننامەی سایکس_پیکۆ ڕێکخرابوو، بەشداری کرد.

لەو خۆپیشاندانەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٥ ی جۆزەردان‌و بە دەستپێشخەریی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردی سووریە بەڕێوەچوو، داوای هەڵوەشانەوەی پەیمانی سایکس_پیکۆ کراو دروشمی سەربەخۆیی‌و مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ کوردەکان درا.

لەو خۆپیشاندانەدا پەیامی یەکیەتیی دێمۆکراتی کوردی سووریە لەلایەن هەواڵ شێخ مووس، بەرپرسی ئەو ڕێکخراوەیە خوێندرایەوەو لە بڕگەیەکی دیکەی ئەو ئاکسیۆنەدا هەواڵ مامۆ وتارێکی لەسەر چۆنیەتیی ڕێککەوتنی سایکس_ پیکۆ و دابەشکرانی ١٠٠ ساڵە کوردستان بەسەر چوار پارچەدا پێشکێش کرد.



لە درێژەی چالاکییەکانی ئەو ئاکسیۆنەدا پەیامی کۆمیتەی سوئیسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن خاتوو مەریەم ئەحمەدزادەوە خویندرایەوە.

لە پەیامی کۆمیتەی حیزب‌دا باس لە خوێندنەوەی حیزبی دێموکڕات بۆ خەباتی نەتەوەیی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان‌و ، خەباتی بێ‌وچانی حیزبی دێموکڕات بۆ دیاریکردنی مافی چارەنووسی کورد لە ئێران کرابوو. لەو پەیامەدا تیشک خرابووە سەر قوربانیدانی زۆری حیزبی دێموکڕات، وەک پێشکێشکردنی زیاتر لە ٥ هەزار شەهیدی سەنگەرو شەهیدکرانی سێ سکرتێری ئەو حیزبەوک هاوکات بەردەوامی‌و مانەوەی لە گۆڕەپانی خەبات‌و تێکۆشان‌دا.

شایانی باسە لە نێوئاخنی بەرنامەکانی ئەو خۆپیشاندانەدا کۆمەڵێک شێعرو سروودی حەماسی پێشکێش کران.

## بانگەوازی سکرتاریای یەکیەتیی لاوان بۆ پشتیوانی‌و بەهاناوەچوونی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازێکدا دەڵێ محەممەد سەدیقی کەبوودوەند پێویستی بە پشتیوانی هەموومانە با فریای بکەوین.

ئەوەی خوارەوە دەقی بانگەوازەکەیە:

بانگەواز

محەممەد سەدیقی کەبوودوەند پێویستی بە پشتیوانی هەموومانە با فریای بکەوین

کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان!

داکۆکیکارانی مافی مرۆڤ!

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، ڕۆژنامەنووس و سەرۆکی ڕێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان کە بەتاوانی هەوڵدان دژی ئەمنیەتی میللی و پڕوپاگەندە دژی ڕێژیم لە ڕێگای دامەزرانی ڕێکخراوێک بۆ داکۆکی لە مافی مرۆڤ و پەیوەندی بە ڕێکخراوە نێونەتەوەییەکانی مافی مرۆڤ و وتووێژ لەگەڵ میدیای بێگانە، بە ١٠ساڵ زیندان لە ئێران مەحکوم کراوە و هەنووکە لەزیندانی ئێڤین دایە، لە دەورانی زیندانی خۆی لە چوکترین مافی هەر زیندانییەکی ئاسایی وەکوو مەرەخەسی، ملاقات و دیداری پزیشک بێبەش کراوە. هەروەها بەهۆی ئەوەی لە زستانی ساڵی ڕابردوودا بەرپرسانی زیندان پەروەندەی ئەمنییەتی نوێیان لەسەر دروست کردووە، ١٩ی بانەمەڕی ١٣٩٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٠١٦/٠٥/٠٨ بۆ دووهەمین جار لە زیندان مانی لە خواردن گرتووە، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەڕێز کەبوودوەند سلامەتی جەستەیی لە مەترسی دایە و لە زینداندا تووشی نەخۆشیَ دڵ و پڕۆستات بووە.

مانگرتنی ئەمجارەی بەڕێز کەبوودوەند وەکی خۆی باسی کردوە روون نییە تا چ کاتێکە، ئەمەش مەترسی لەسەر ژیانی ئەم چالاکوانەی مافی مرۆڤ هەیە و بەردەوامی ئەم مانگرتنە زۆر مەترسیدارە لەسەر ژیانی.

هەر بۆیە داوا لە سەرجەم کەسایەتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان و هەموو ناوەند و ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی مرۆڤ دەکەین هەنگاوی بە پەلە هەڵ بگرن و هەموو هەوڵی خۆتان بۆ گوشارهێنان بۆ سەرکۆماری ئیسلامیی ئێران بە کار بێنن بۆ ئەوەی ڕێز لە داواکانی کەبوودوەند بگرێ و نەک هەر هەلومەرجێکی باشتری بۆ ڕاگرتنی لە بەندیخانە دا پێک بێنێ، بەڵکوو لە زیندان ئازادی بکا و لەمەش زیاتر چاو بە سەرجەم سزا وبڕیارەکانی خۆی لە پێوەندی لە گەڵ چالاکانی سیاسی و مەدەنیی بەندکراو دا، بخشێنێتەوە.

هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە پەیامی مانگرتنەکەی کەبوودوەند کە نارەزایەتیدەربڕین لە ستەم و بێدادی کۆماری ئیسلامییە، بە گوێی بیروڕای گشتیی بگات و خەڵکی کوردستان و ئێران و ویژدانە زیندووەکان لە رادەی جیهانی دا، ئەرکی خۆیان لە پێوەندی لە گەڵ بارودۆخی کەبوودوەند و داوا ڕەواکانی دا جێبەجێ بکەن.



**یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی رۆژهەڵاتی کوردستان**
**سکرتاریا**
**٢٠١٦/٠٥/٢٦**

## کۆبوونەوەی نوێنەرانی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ئاڵمان

نوێنەرانی هێزە سیاسییە کوردییەکان لە ئاڵمان بە مەبەستی تاوتوێی هەندێ بابەتی پێوەندیدار بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆبوونەوە.

لەو دانیشتنەدا کە ڕۆژی یەکشەممە، ٩ ی جۆزەردان کرا، جیا لە باس‌و ئاڵوگۆری بیروڕا لەسەر گرینگترین پرس‌و بابەتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسەر چۆنیەتیی هاوکاریی باشترو زیاتری لایەنە سیاسییەکان لە وڵاتی ئاڵمان لەگەڵ یەکتری، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا.



لەو دانیشتنەدا وا ساغ بوونەوە کە لایەنە سیاسییە کوردییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ئاڵمان لە سەر ڕووداوە گرینگەکانی کوردستان هاوهەڵوێست بن.

ئەو لایەنانەی لەو کۆبوونەوەیەدا بەشدار بوون بریتی بوون لە:

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران
پارتی ئازادی کوردستان

## دیداری کۆمیتەی نۆڕوێژ لەگەڵ ئەندامی پارڵمان‌و جێگری سکرتێری پارتی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ

هەیئەتێکی کۆمیتەی نۆڕوێژی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پارتی سۆسیالیستی چەپی نۆڕوێژی لە بارودۆخی مافی مرۆڤ لە ئێران، بە تایبەت دۆخی کەبودوەند ئاگادار کرد.

ڕۆژی سێ شەممە، ١١ ی جۆزەردان ( ٣١ی مانگی ٥ی ٢٠١٦ی زایینی)، هەیئەتێکی حیزب پێکهاتبوو لە ناسر قادرپوور، بەرپرسی گشتیی پەیوەندییەکان حیزب لە نۆرویژو خاتوو مەحبوبە رەحیمی، بەرپرسی یەکیەتیی ژنانی دێموکڕات لە نۆڕوێژ سەردانی پارڵمانی ئەو وڵاتەیان کردو، لەلایەن "سنورە واڵن"، ئەندامی پارڵمان‌و جێگر سکرتێری پارتی سوسیالیستی چەپەوە پێشوازییان لێ کرا.

لە سەرەتای دیدارەکەدا ناسر قادرپوور بەتێرو تەسەلی لە سەر وەزعی زیندانیانی سیاسیی کورد بە گشتی‌و بەتایبەتی سەرۆکی مافی مرۆڤی کوردستان، محەمەد سەدیق کەبودوەند کە بە هۆی مانگرتن لەخواردن گیانی لە خەتەر دایە، بۆیە سنورە واڵن دوا. لە درێژەی باسەکەیان‌دا هەیئەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان داوایان لە پارتی سوسیالیستی چەپ کرد کە لە پەیوەندی لەگەڵ دۆخی کەبوودوەندو سەرجەم زیندانیان‌و چالاکانی سیاسیی کورد کە لە زیندانەکانی ئێران‌دان، بەدەم داواکەی حیزب دێموکراتی کوردستانەوە بێ.

لەو دیدارەدا سنۆرە واڵن لە وڵامی داواکەی هەیئەتی حیزب‌دا بەڵێنی‌دا کە بەدوای ئەو مەسەڵەیەدا بچن‌و هەوڵی خۆیانی بۆ بدەن. هەر لە درێژەی چاوپێکەوتنەکەدا هەیئەتی حیزب باسیان لە نامەکەی خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب کرد کە لە سەر وەزعی کەبوودوەندو بۆ سەرجەم ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ نێردراوە.




لە بڕگەیەکی دیکەی باسەکانی ئەو چاوپێکەوتنەدا باس لە پەروەندەی تیرۆری دوکتور قاسملوو لە ڤیەن کراو لەو پێوەندییەش‌دا بە ئاماژە بە نامەی سکرتێری حیزب بۆ کاربەدەستانی نوێ دەوڵەتی ئوتریش، داوا کرا وڵاتانی ڕۆژاوایی لایەنگری دێموکڕاسی‌و مافی مرۆڤ تێرۆرەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئورووپا لە بیر نەکەن‌و داکۆکی لە مافی لایەنەکانی قوربانیی ئەو ڕووداوە بکەن.

لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەش‌دا شاندی پێوەندییەکانی حیزب لە نۆڕوێژ پێداگرییان لەسەر پتەوتر کردنیی پەیوەندیەکانی حیزب دیمۆکراتی کوردستان‌و پارتی سوسیالیستی چەپی نۆرویژ کردوە.

## ئێعدامی ٦٠ کەس لە ئێران لە ماوەی یەک مانگدا

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور دەڵێ لە ماوەی ئەو مانگەی زایینی‌دا کۆماری ئیسلامیی ئێران ٦٠ زیندانیی لەدار داوە.

ڕێکخراوی هەواڵنێرانی بێ‌سنوور دەڵێ تەنیا لە ماوەی دوو ڕۆژی ڕابردوودا ١٧ زیندانی لە ئێران ئێعدام کراون.



ئەو ڕێکخراوەیەی داکۆکی لە مافی مرۆڤ‌و ڕۆژنامەنووسان دەڵێ ئەو کۆمەڵە کەسە لە دوو زیندانی شاری کەرەج‌دا لە دار دراون‌و بە ئێعدامکرانی ئەو ١٧ کەسە ژمارەی لەداردراوانی ئێران لەو مانگەدا لە ٦٠ کەس تێپەڕی.

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵی ڕابردووی زایینی‌دا زیاتر لە ٧٩٠ کەسی لەدار دابوو.

**درێژەی**

## پەیامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
## بە بۆنەی رۆژی جیهانی منداڵان

لە پێشەکی کۆنوانسیونی مافی منداڵان داهاتووە:

« منداڵان دەبێ لە ژینگەیەکی پڕ لە بەختەوەری و خۆشەویستی و تەبایی دا گەورە ببن «.

ئەگەر ئەو رستە کورتە کە لە پێشەکی کۆنوانسیونی مافی منداڵان داهاتووە بکەین بە بناخەی ڕێکاری پەروەردەی منداڵان، ئەرکێکی قورس دەکەوێتە سەرشانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی بەگشتی و دەوڵەتەکان بەتایبەتی کە دەبێ سرنجی زیاتر بدەن بە دۆخی منداڵان چ لە بواری ژینگە و چ لە بواری پەروەردەوە، چونکە منداڵ ئەو ئەندامە بچوکەیە چ لە بنەماڵە و چ لە کۆمەڵگادا پاک و بێگەردە و لە ڕاستی‌دا خۆی ناتوانێ لەسەر چارەنووسی خۆی بڕیار بدا و ئەوە گەورەکانن چارەنووسی ئەو دیاری دەکەن و هەر ئەو منداڵە بچوکەی ئەورۆ، سبەی گەورە دەبێ و ئەویش دەبێتە بەرپرس لە بارهێنان و ڕاهێنانی نەسلێکی دیکە، بۆیە ئەرکی بارهێنان و پەروەردە کردن و دابین کردنی ژینگەیەکی تەندروست کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر پێ گەیاندنی نەسلەکانی داهاتووی نیشتمان.

منداڵە کان،ئامادە بووانی بەڕێز!

لە کاتێکدا منداڵانی جیهان و منداڵانی نەتەوە ئازاد و سەربەستەکان ڕۆژی خۆیان جێژن دەگرن کە منداڵانی کوردستان بەگشتی و منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یا هەر لە بنەڕەت‌دا ئاگایان لەوە نییە کە ڕۆژێک بەناوی ڕۆژی منداڵان لە جیهان دا هەیە یا ئەگەر بشزانن لەبەر سەختی ژیان و بارودۆخی بنەماڵەو کۆمەڵگاکەیان ناتوانن ئەورۆژە بکەن بە جێژن.

لە وڵاتانی پێگەیشتوو ودێموکراتی دنیادا یاساکان و بەها کلتورییەکانی کۆمەڵگا خزمەت بە پەروەردە و گەشە و هەڵدان و پارێزراو بوونی مافی منداڵان دەکەن، بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دا ئەوە یاساکانن کە ژیانێکی تاڵ و کوڵە مەرگی‌یان بەسەر منداڵاندا سەپاندووە.

ئەمڕۆ کە منداڵانی ئیران ورۆژهەلاتی کوردستان قوربانی سەرەکی دیاردەکانی وەک هەژاری و بێکاری سەرپەرستەکانیانن و شەقامەکان پڕن لەو منداڵانەی کە بۆ پەیدا کردنی بژێوی ژیانیان خەریکی دەستگێری و کاری جەستەیی قورس لە کارگە و کارخانەکانن و بەهۆی هەژاری و دەسکورتی بنەماڵەکانیان لە خوێندن بێبەش و یان لە رووی ناچاریەوە وازیان لە خوێندن هێناوە و بەهەزاران منداڵ لە تەمەنی جۆراوجۆردا بە تاوانی جۆراوجۆر کەوتوونەتە پشتی دەرگاکانی زیندانەوە و لە نێو ئەوانەش‌دا کەم نین ئەو منداڵانەی کە چاوەڕێی ئەوە دەکەن تەمەنیان بگاتە ١٨ ساڵ بۆ ئەوە سزای ئیعدامیان لەسەر جێبەجێ بکرێ کە ئەو کردارەی کۆماری ئیسلامی لەگەل هەموو قانوون و بنەماکانی مافی مرۆڤ لە ناتەبایی دایە و لەیەک کەلام دا دەتوانین بڵێین کە هۆکاری هەموو نەهامەتیەکانی منداڵان لە ئێراندا قانوونەکانی کۆماری ئیسلامین کە خولقێنەری کولتورێک و ژینگەیەکە کە منداڵی تێدا دەچەوسێتەوە و لە مافە سەرەتاییەکانی منداڵی بێ بەشیان دەکا.

ئامادەبوانی بەڕێز!

منداڵە ئازیزەکان!

حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بە پشت بەستن بە پەیام و دەسکەوتەکانی کۆماری کوردستان کە یەک لەوان گرینگی دان بە منداڵان و پاراستنی مافەکانیان بووە، وەک هەمیشە خۆی بەپشتیوانی منداڵان و مافەکانیان دەزانێ و هیچکات و لە هیچ هەل و مەرجێکدا لەو ئەرکەی خۆی بەرامبەر بە پێ گەیاندن و پەروەردەکرانی منداڵان غافڵ نەبووە. بۆ نموونە لە سەردەمی کۆماری کوردستان دا زمانی کوردی کە زمانی زگماکی منداڵانی کوردە، کرا بە زمانی رەسمی خوێندن و نووسین و بە قانوون دایک و باوکەکانی وەزیفە دار کران کە دەبێ کچ و کوڕەکانیان بێ جیاوازی ڕەوانەی قوتابخانەکان بکەن و لە سەردەمی شەڕی داسەپاو لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا ئەرکی بەڕیوەبردنی شەڕێکی قورس و گرانی کەوتبوو سەرشانی و رۆژنەبوو خوێنی پێشمەرگەی دیموکڕات تێکەڵ بە خاکی نیشتمان نەبێ، بەوحاڵەش لە پەروەردەکردنی منداڵان غافڵ نەبووە و بە کردنەوەی خولی مامۆستایانی شۆڕش و چاپی کتێبی کوردی و کردنەوەی دەرگای قوتابخانەکان، هەوڵی داوە منداڵانی کورد لە نیعمەتی خوێندن بێبەش نەبن و تەنانەت ئەو کاتانەش کە لە رووی ناچارییەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان دابڕاوە و بنەماڵەی کادرو پێشمەرگەکان لە نزیک بنکەو بارەگاکانی حیزب نیشتەجێ بوون، دیسان حیزبی دیموکڕاتی کوردستان لەو ئەرکە پیرۆزەی خۆی کە پەروەردەکردن و پێ گەیاندنی منداڵان بووە بێ خەم نەبووە و هەوڵی داوە بە دابین کردنی ئیمکانات و دابین کردنی ژینگەیەکی سالم و تەناتەت پێک هێنانی ڕێکخراوێک بە ناوی ڕێکخراوی منداڵ پارێزی و دەرکردنی دنیا منداڵان ئەو ئەرکە نیشتمانی و ئەخلاقی‌یەی خۆی لە بەرامبەر منداڵان‌دا کە بەڕیوەبەرانی داهاتووی وڵاتن بەجێ بگەیەنێ.

منداڵەکان!

قسە لەسەر باردۆخی نالەباری منداڵان لە ئێران و کوردستان و ئەرکی ئێمە وەک حیزب و بنەماڵەکان گەلێک زۆرە بەڵام نامهەوێ بەو قسە و باسانە ئێوەی خۆشەویست نیگەران وماندوو بکەم، ئەورۆ رۆژی ئێوەیە، پێویستە شادی بکەن و لەو شادی و خۆشییەدا ئێمە گەورەکانیش بەشدار بکەن.

بۆ جارێکی دیکە رۆژی یەکی ژوئەن لە هەموو منداڵانی کوردستان پیرۆزبێ و بەو هیوایە کە ئێمە گەورەکان بە ئەرک وەخۆگرتن، بەرپرسایەتی خۆمان لە ئاست ئێوە منداڵان دا بەجێ بگەیەنێن بۆ ئەوە بتوانرێ پاشە رۆژێکی باش و دور لە ترس و دڵەڕاوکێ و هەژاری و دەسکورتی، بۆ ئێوە منداڵان بونیاد بنرێ.

**دەفتەری سیاسیی**
**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**١ی ژوئەنی٢٠١٦**
**١٢ی جۆزردانی١٣٩٥**


# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور

به داخو کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە شەوی ڕابردوو چوارشەممە ١ی ژوئەنی ٢٠١٦( ١١ی جۆزەردانی ١٣٩٥)، تێکۆشەری دێرینو هاوڕێی زیاتر لە پێنج دەیە تێکۆشانو خەباتی نهێنیو ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور، کۆچی دوایی کرد.

حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە خەڵکی شاری سەردەشت بوو، ساڵی ١٣٢١ هەر لەو شارە لە دایک بوو. بنەماڵەی حەسەنپوور لەو بنەماڵە ناسراوانەی شاری سەردەشت بوون کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان‌دا، نیشتمانپەروەریو دڵسۆزیی خۆیان بۆ حیزبی دیموکراتی کوردستانو بزووتنەوەی نەتەوەییو ئازادیخوازانەی کوردستان سەلماند. حەمەڕەسووڵ لە ژێر کاریگەریی پەروەردەی بنەماڵەکەیو بە تایبەتی حەمەدەمینی مامی‌دا، هەر لە سەردەمی مێرمنداڵییەوە فێری خۆشەویستیی نەتەوەو نیشتمانو ئازادی بوو. حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور دوای ئەوەی قۆناغەکانی خوێندنی سەرکەوتوانە تەواو کرد، بوو بە مامۆستاو لە گوندەکانی ناوچەی سەردەشت خەریکی خوێندەوارکردنو پێگەیاندنی منداڵانی نەتەوەکەی بوو. لەو ساڵانەدا بوو کە بە هۆی بەشداریی کۆمەڵێک لە کەسایەتییەکانی خزمو تایفەی خۆی (لە سێ بنەماڵەی بە ناوبانگی سەردەشت حەسەنپوور، حەددادو حەکیم‌زادە ) لە تێکۆشانی سیاسیو حیزبی دا، هۆگریی کەوتە سەر حیزبی دیموکراتی کوردستان. لە دەیەی چلی هەتاویو لە کاتێکدا ببووە مامۆستایەکی ناسراوی ناوچەی سەردەشت، زۆر جار دیدارو چاوپێکەوتنی لە گەڵ کادرەکانو تێکۆشەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەبوو. سەرئەنجام ساڵی ١٣٤٢ی هەتاوی دێتە ڕیزی ئەندامانی نهێنیی حیزبی دیموکراتی کوردستان. کاک حەمە ڕەسووڵ بە هۆی جێگەو پێگەی کۆمەڵایەتیو، بەرزیی پلەی خوێندنو ئاگاییو هۆگریی زۆری بە تێکۆشان، زۆر پتر لە ئەندامێکی نهێنی خۆی بۆ کاری سیاسیو حیزبیو ڕێکخستن تەرخان دەکاو بە کردەوە ڕۆڵی کادرێکی حیزبی دیموکرات لە نێو تەشکیلاتی نهێنیی حیزب‌دا دەگرێتە ئەستۆ. ساڵی ١٣٤٧ لە هەلومەرجێکدا کە شۆڕشگێڕانی حیزبی دیموکرات ناوچەی سەردەشتو زۆر ناوچەی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان کردبووە مەیدانی بەرەنگاربوونەوەی قارەمانانەی خۆیان لە گەڵ ڕێژیمی شایەتی، حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کەوتە بەر شاڵاوی دوورخستنەوەو لەلایەن ساواکەوە بۆ شارەکانی ”گورگان“و ”تەفریش“ دوور خرایەوە.

هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور بە هۆی باوەڕی پتەوی بە ڕێبازی حیزبی دیموکراتی کوردستانو بەردەوامبوونی لە سەر تێکۆشان لە چوارچێوەی ڕێکخستنە نهێنییەکانی ئەم حیزبەدا، لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب کە ساڵی ١٣٥٢ی هەتاوی پێکهات، بێ ئەوەی بۆ خۆی لە کۆنگرە ئامادە بێو لە کاتێکدا هەر وا لە دوورخراوەیی‌دا ژیانی بە سەر دەبرد، بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب هەڵبژێردرا. کاتێک ماوەی دوور خراوەیی ئەم مامۆستا خەباتکارە کۆتایی پێ هاتو گەڕایەوە سەردەشت، بە جۆرێکی شایان لە لایەن خەڵکەوە پێشوازیی لێ کرا. ئەو مامۆستا دڵسۆز و نیشتمانپەروەرە بە گەڕانەوە بۆ سەردەشت، گوڕو تینێکی تازەی دایەوە بە تێکۆشانی حیزبیی خۆیو ڕێکخراوی نهێنیی حیزب لەو ناوچەیە. ساڵی ١٣٥٧ لە گەڵ دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکان بە دژی ڕێژیمی شایەتی، هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور کە هەم لە نێو فەرهەنگیانو هەم لە نێو ئەندامانو دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان‌دا، پێگەیەکی بەرینی هەبوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕێکخستنی خۆپێشاندانو نارەزایەتیدەربڕینەکان‌دا گرتە ئەستۆ. بە ڕووخانی ڕێژیمی شایەتیو دەستپێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دیموکراتی کوردستان، کاک حەمەڕەسووڵ هەموو کاتو توانای خۆی بۆ جێبەجیکردنی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی تەرخان کرد. ئەو هەر ئەرکو کارو بەرپرسایەتییەکی پێی سپێردرابا، بە دڵو گیانەوە خۆی بۆ تەرخان دەکرد. ئەو سەرەرای ڕابردووی زۆری حیزبایەتیو پلەی بەرزی خوێندەواری و ناسراویی بنەماڵە، لە وەرگرتنی بەرپرسایەتیی حیزبی دا، زۆر موتەوازع بوو و هەر بەرپرسایەتییەک ڕێبەریی حیزب پێی سپاردبا، بە ڕووخۆشی وەری دەگرتو بەو پەڕی جیددیەتەوە جێبەجێی دەکرد. ئەو وەک ئەندامی کۆمیتەی شارستانو وەک ئەندامی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی شارستانی سەردەشت ساڵانێک خزمەتی کرد. بە هۆی ئەزموونی زۆری لە مامۆستایەتیو کاری پەروەردەو فیرکردن‌دا چەندین ساڵ وەک ئەندامی کۆڕی پەروەردەو فیرکردنی سەرانسەریی کوردستان، تێکۆشانی هەبوو. بە هۆی ئەمانەتداریو دەسپاکی ماوەی پێنج ساڵ بەرپرسایەتیی تەداروکاتی پێشمەرگەی پێ سپێردراو سەرکەوتوانە بەرێوەی برد. کاک حەمەڕەسووڵ لە کۆمیسیۆنەکانی کۆمەڵایەتی، ماڵیو سیاسی-نیزامییش وەک ئەندام ئەرکو بەرپرسایەتیی بەرێوە بردووەو بۆ ماوە زیاتر لە دوو ساڵیش بەرپرسی کۆمیسیۆنی کۆمەڵایەتیی حیزب بوو.

هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، شانبەشانی بەڕێوەبردنی دلسۆزانەی ئەرکو بەرپرسایەتیی حیزبی، لە



کاری فەرهەنگییش غافڵ نەبوو. هەمیشە کاتی بۆ خوێندنەوەو وەرگێڕانو نووسین تەرخان دەکرد. لە گەڵ ڕاگەیەنەکانی حیزب، هەر هاوکارییەکی لە دەست هاتبایە درێغی نەدەکرد. بە هەوڵی ماندوویینەناسانەی کۆمەڵێک کتێب بریتی لە نووسینو وەرگێڕانی پێشەکشی کتێبخانەی کوردی کردوون.

ژیان لە سەنگەری فێرکردنو تێکۆشانو خۆ تەرخانکردن بۆ وانەکانی نیشتمانپەروەریو ئازادیخوازی، حەمەرەسووڵ حەسەنپووریان کردبوو بە کەسایەتییەکی خۆشەویست لە ناوچەی سەردەشتو لە نێو حیزبی دیموکراتی کوردستاندا. حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، مرۆڤێکی خاوەن کەسایەتی، هێمن، دلسۆز، نیشتمانپەروەر و ڕووناکبیر بوو. بە کۆچی دوایی ئەو خەباتکارە دێرینە، حیزبی دیموکراتو گەلی کورد، ڕۆڵەیەکی بەوەجو بە نرخی خۆیان لە دەست دا.

حیزبی دیموکراتی کوردستان، بە بۆنەی کۆچی دوایی هاوڕێ حەمەڕەسووڵ حەسەنپوور، سەرەخۆشیی گەرمی خۆی پێشکەشی هاوسەرە بەڕێزەکەی، کچو کوڕەکانیو بنەماڵەکانی حەسەنپوور، حەکیم‌زادەو حەدداد و تێکڕای کەسوکارو ئازیزانی ئەو نەمرە لە سەردەشتو دەرەوەی وڵات دەکا. هەر بەم بۆنەیەوە سەرەخۆشی لە هەموو ئەندامان و دۆستانی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەینو هەمووانیش دڵنیا دەکەین کە ڕەوەشتی بەرزی حەمەڕەسووڵ حەسەنپوورو وەفاداریو دڵسۆزییەکانی لە ئاست حیزبو نەتەوەکەی دەکەین بە سەرمەشقی خۆمانو یادو ناوی بە بەرزی ڕادەگرین.

بەرزو بەڕێز بێ یادی هاوڕێی خۆشەویست و ئازیزی تازە لە دەستچوومان حەمە ڕەسووڵ حەسەنپوور.

**حیزبی دیموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**ای ژوئەنی ٢٠١٦**
**١١ی جۆزەردانی ١٣٩٥**

# کۆچی دوایی تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکرات

تێکۆشەرێکی دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مەهاباد لە تەمەنی ٨١ ساڵی‌دا کۆچی دوایی کرد.

ڕۆژی یەکشەممە، ٩ی جۆزەردان مامۆستا مەلا خالید خاکی، کوڕی مەلا عەبدوڕەحمان خاکی کە کەسایەتییەکی دیارو خۆشناوی ناوچەی پیرانشارو مەهاباد بوو، بەهۆی پیریو نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

مامۆستا مەلا خالید خاکی لە ئاوایی لکبنی ناوچەی لاجانی پیرانشار لە بنەماڵەیەکی خۆشناو و نیشتمانپەوەردا لە دایک بوو. ئەو هەر لە سەرەتای لاوەتی‌ڕا تێکەڵ بە شۆڕشو خەباتی سیاسیی حیزبی دێموکرات بووە.

مامۆستا مەلا خالید لە تێکۆشانی ساڵەکانی ٤٦_٤٧ ی حیزبی دێموکڕات‌دا ئەندامی چالاکو کادرێکی دیاری ئەو قۆناغەی خەبات بوو، بەڵام دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی پاشایەتی پێیان زانیو سەبارەت بە تێکۆشانە سیاسیو نەتەوەییەکانی ٥ ساڵ زیندانی کرا. مامۆستا نەک لە زیندان‌دا کۆڵی نەدا، بەڵکوو دوای ئازادبوونی لە زیندان لە شاری مەهاباد دوکانێکی دانا کە پتر شوێنی کۆبوونەوەی تێکۆشەرانی دێموکڕات بوو.

پاش شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ٥٧ لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بەرپرسایەتیی سەرشاخانی پێ سپێردراو لە کۆنفرانسی پێش کۆنگرەی ٥ بە ئەندامی کومیتەی شارستانی مەهاباد هەڵبژێردراو پاشان بوو بە ئەندامی کومیتەی ئیجرایی شارستانی مەهابادو بەرپرسایەتیی بەشی قەزایی پێ ئەسپێردرا. خوالێخۆشبوو هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسی ناوچەی سارم و میرقازی شاری مەهاباد بوو، ئەو دواتر لە ساڵی ٦٤دا بە هۆی بارودۆخی تەمەنی لەسەر ئیجازەی حیزب بۆ شاری مەهاباد گەڕایەوە، بەڵام ساتێک لە خەباتو تێکۆشانی نەتەوەیی دانەبڕا.

مامۆستا مەلا خالید کەسێکی جێگەی متمانەو باوەڕی خەڵکی ناوچە بوو. ئەو وەک کاردێکی نهێنی لە ڕێگەی کومیتەی شارویرانی مەهاباد لە مینبەری مزگەوتەکان بە هەموو شێوەیەک باسی لە ئازارو مەینەتەکانی نەتەوە چەوساوەکەی دەکردو زۆر جارانیش لە لایەن ئیتلاعاتەوە بانگ دەکراو فشاریان بۆ دێنا، بەڵام خوالێخۆشبوو قەت پێملی داوای کاربەدەستانی ڕێژیم نەبوو و تا دوایین ساتەکانی وەفادار بە حیزب>و گەلەکەی مایەوە.

بنەماڵەی مامۆستا مەلا خالید کە بنەماڵە شەهیدی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشن، چوار کەس لە ڕۆڵەکانی خۆیان بە ناوی محەممەد خاکی، مەلا ڕەحیم خاکی، سەلاح خاکی و ساڵح خاکی قوربانیی خەباتی شۆڕشگێرانی نەتەوەکەی کردوە.

ناوەندی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی مامۆستا مەلاخالید خاکی سەرەخۆشی لە بنەماڵە، کەسوکارو خەڵکی ناوچەی مەهابادو پیرانشار دەکاو خۆی بە بەشداری خەمیان دەزانێ.

# داوای شیرین عیبادی لە بابەت ئازادکرانی محەممەدسەدیق کەبوودوەند

شیرین عیبادی، براوەی خەڵاتی نۆبێلی ئاشتیی ٢٠٠٣ بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک، بارودۆخی تەندرووستیی زیندانیی سیاسیی محەممەدسەدیق کەبوودوەند، دامەزرێنەری ڕێکخراوی بەرگری لە مافەکانی مرۆڤی ناڵەبار وەسف کردوەو داوای ئازادکرانی بێ ئەملا و ئەولای ناوبراوی کردوە.

شیرین عیبادی، هەروەها دەوڵەتی ئێرانی بە بەرپرسی گیانی کەبوودوەندو سەرجەم زیندانیانی سیاسی و عەقیدەتی زانیوە.

محەممەدسەدیق کەبوودوەند سەرەڕای توشبوون بە کۆمەڵە نەخۆشییەکی مەترسیدار، بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە کرانەوەی پەروەندەی نوێ لەدژی لە ڕێکەوتی ١٩ی بانەمەڕەوە مانی لە خواردن گرتووە. بە قسەی پەریناز باغبان حەسەنی هاوسەری کەبوودوەند، ئەو لە زستانی ساڵی ڕابردووڕا ٣ جار لە لایەن دادسەراوە بانگ کراوەو هەموو جارێ تۆمەتی نوێیان بەسەری‌دا ساغ کردۆتەوە.

شیرین عیبادی گوتوویەتی پەروەندەی نوێ بەدژی کەبوودوەند بە تۆمەتی ”هەوڵدان بەدژی ئەمنیەتی میللی لە ڕێگەی کەین و بەین و کۆبوونەوە لە نێو زیندان“ هاتۆتە ئاراوە تا لەم ڕێگەوە نەیهێڵن تەنانەت پاش کۆتایی حوکمی ناعادڵانەی پێشووش چاوی بە دەرەوەی زیندان بکەوێو بچێتەوە ناو کۆڕی هاوبیرەکانی خۆی.

لە لایەکی دیکەوە لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، ڕۆژی چوارشەممە ١٢ی جۆزەردان لە ژنێڤ، لەبەردەم مەقەڕی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لەم شارە بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بەرەو کەیسی کەبوودوەندو وەرگرتنی پشتگیریی ئەوان بۆ ئازاد کرانی ناوبراو و باقی زیندانییانی سیاسی و عەقیدەتی، کۆتایی هێنان بە هەر چەشنە ئەشکەنجە و توندوتیژییەک، دەستڕاگەیشتنی زیندانییان بە بێهداشت و هەڵوەشاندنەوەی سزای ئێعدام کۆبوونەوەیەک پێک هات.

# داوای کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە مەسعود بارزانی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی کەبوودوەندا

کۆمەڵێک لە چالاکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی محەممەد سدیق کەبودوەندا داوایەکیان بەرەوڕووی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردۆتەوە.

لەو نامەیەدا هاتووە کە ئێمە وەکوو کۆمەڵێک لە چالاکانی مەدەنیو مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوا لە جەنابتان وەکوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە لەسەردانە چاوەڕوانکراوەکەتان‌دا بۆ ئێران داوای ئازادکردنو پێداچوونەوە بە دۆخی محەمەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەرپرسانی تاران بکەن.

لە درێژەی ئەو نامەیەدا بە ئاماژە بە ٩ ساڵ بەندکرانی کەبودوەندو باس لە مانگرتنەکەی بەهۆی نارزایەتی دەربڕین بە کردنەوەی پەروەندەیەکی دیکە لە دژی ناوبراو لە دەزگای قەزایی‌دا، هاتووە کە: جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان محەمەد سدیق کەبوودوەند هەموو چالاکییەکانی لە بواری ڕۆژنامەنووسی، هەڵسوڕانی مەدەنیو مافی مرۆڤدا بووەو، لە دەرەوەی سیاسەت باسی لە گرفتو داوا مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردوە، هەر ئەوەش وایکردوە کە ئێستا لە زیندانی کۆماری ئیسلامی ئێران‌دا بمێنێتەوە.

لە کۆتایی نامەکەدا هاتوە کە بەڕێز مەسعود بارزانی، ئێمە وەکوو چالاکانانی مەدەنیو مافی مرۆڤو ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان داوامان لە جەنابتان ئەوەیە کە لەسەردانە چاوەڕوان‌کراوەکەتاندا بۆ تارانو دانیشتن لەگەڵ کاربەدەستانی ئێران داوای پێداچوونەوە بە دۆخی باوکی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستانو ئازاد کردنی کەبوودوەند بکەن.

# هەڵوێستەیەک لە سەر چەواشەکارییەکانی سایتی ”رجانیوز“

ڕۆژی ١٣ی جۆزەردانی ١٣٩٥ی هەتاوی سایتی «رجانیوز»ی سەر بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێک لە سەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی بەڕێز سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستان، کاک خالید عەزیزی هەوڵی چەواشەکاری و پێکانی چەند ئامانجێکی پیلانگێڕانەی داوە.

”رجانیوز“ بە چەواشەکردنی ڕوانگەو خوێندنەوەکانی بەڕێز سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر شێوازو ڕەهەندەکانی خەباتی مافخوازانەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و، ناوهێنانی بەڕێز کاک مستەفا هیجری، سکرتێری حدکاو کۆمەڵە، هەوڵی پیلانگێڕی بۆ دووبەرەکی نانەوە دەدا.

لە ڕاپۆرتەکەی «رجانیوز»دا وێڕای ریزکردنی کۆمەڵێک درۆ و دەسەلە و ئیدیعای بێ بنەما، هەوڵ دراوە بە زمان سکرتێری حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، پرسیار لە سەر خەباتی ڕەواو بەرحەقی چەکدارانەو پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دژبە سیاسەتە دژی گەلییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ساز بکات و هاوکات بە ناوهێنانی هەردوو بەڕێزان خالید عەزیزی و مستەفا هیجری، سکرتێرەکانی هەردوولای حیزبی دێموکرات، هەوڵی ناکۆکی نانەوەو دژایەتی سازکردنی لە نێوان ئەم دوو حیزبە دەدات.

ئەوە لە حالێک دایە کە هەر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زمان بەڕێز سکرتێری گستی یەوە زۆر ڕاشکلاوانەتر لە هەمیشە ڕوانگەو بیروبۆچوونەکانی خۆی سەبارەت بە شێوازو ڕەهەندەکانی خەباتی حیزب و خەڵکی کوردستان دەربڕیوەو خەباتی پێشمەرگانەی وەک هەمیشە بە یەکێک لە شێوازە ڕەواکانی خۆی داناوە.

هەر لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوویش دا حزووری پێشمەرگە بۆ ناوخۆی وڵات و بوونیان لە نێو خەڵکی کوردستان و، تەنانەت شەهیدبوونی نزیک بە دە کەس لە باشترین ڕۆڵەکانی بە دەستی بەکرێگیراونی ڕێژیم، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی ئیدیعای پوچ و بێ بنەمای ”رجانیوز“ کە خەباتی پێشمەرگانە بە کارێکی ”بێ سوود“ دادەنێ، بوونی هێزی پێشمەرگەو چالاکیی پێشمەرگانە بە زەرووڕەتێکی بی ئەملاوئەولای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی دەزانێ.

ئەوەی ئاشکرایە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ریگای ”رجانیوز“ و پێگەگانی دیکەیەوە بە بڵاوکردنەوەی وەها ڕاپۆرتگەلێکی پڕ لە درۆ و دەلەسە چەند ئامانجی دیاریان هەیە کە پێویستە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت ئەندامان و لایەنگرانی هەردوولای حیزبی دێموکرات لێی ئاگادار بن و هوشیارانە بەرەنگاری ببنەوە.

هەوڵدان بۆ قوڵترکردنەوەی ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان هێزە سیاسییەکان، پیلانگێڕی دژ بە پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکان و ئاژاوە سازکردن لە نێوان ئەندامان و لایەنگرانی هەردوولای دێموکرات و خستە ژێر پرسیاری بەها و ئەرزشەکانی خەبات مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و یەک لەوان خەباتی پڕ لە شانازیی پێشمەرگانەی حیزبی دێموکرات و هێزە سیاسییەکانی دیکەی کوردستان، ئەو ریزە ئامانجانەن کە ڕێژیم لە ڕێگای سایتی ”رجانیوز“ و ئەرتەشی سایبێری خۆیەوە پیلانیان بۆ دادەرێژێ.

بۆیە لیرەدا وێڕای وەدرۆ خستنەوەی سەرجەم ئەو درۆ و دەلەسەو ئیدیعایانەی کە ”رەجانیوز“ لە سەر بۆچوونەکانی بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بڵاوی کردۆتەوە، داوا لە سەرجەم تێکۆشەرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەت تێکۆشەرانی سەربە هێزو لایەنەکانی کوردستان دەکەین کە پێویستە زیاتر لە جاران یەکگرتوو بین و یەکگرتووانە دژ بە پیلانەکانی نەیارانمان هەڵوێست بگرین.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیونی ڕاگەیاندن**
**١٥ی جۆزەردانی ١٣٩٥**

## مانگرتنی چوار چالاکی سیاسیی کورد لە ئاڵمان بۆ پشتیوانی لە کەبودوەند

بە مەبەستی پشتگیری لە کەبوودوەند، چوار چالاکی سیاسیی کورد لە وڵاتی ئاڵمان مانیان لە خواردن گرت.

دوای درێژەکێشانی مانگرتنی محەممەد سدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەندیخانەی "ئێڤین"ی تاران و خەمساردیی کاربەدەستانی دەزگای قەزایی لە هەمبەر داواو بارودۆخی تەندرووستی ناوبراو، کۆمەڵێکی زۆر لە چالاکانی سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی بۆ ڕزگار کردنی گیانی ئەو تێکۆشەرە کەوتوونەتە هەوڵ و تێکشان.

لەو چالاکییانەدا بە نووسینی نامەو بەیاننامەی ڕەسمی لە لایەن حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستە جیهانییەکان، نوێنەرایەتیی وڵاتان و ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هاوکات بە وەڕێخستنی خۆپێشاندان و دەربڕینی نارەزایەتی، هەوڵیان داوە دەنگی کپکراوی کەبوودوەندو هەموو بەندکراوە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێران بە گوێی خەڵکی جیهاندا بدەن.

سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوەڵا بۆ ناوەندە جیهانییەکان، خوازیاری چارەسەری بەپەلە و سەربەست بەردانی ناوبراوی کردبوو.

هەر لەو پەیوەندییەدا لە ڕۆژی چوارشەممە، ١٢ ی جۆزەردانەوە هەڵمەتێکی مانگرتن لەلایەن چەندین چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ پشتیوانی لە محەممەد سەدیق کەبوودوەندو محەممەد عەبدووڵڵاهی سەرجەم زیندانیانی سیاسیی کورد کە مانیان گرتوە، لە شاری بێرلین دەستی پێکردوە.

ئەم هەڵمەتە بە شێوەی مانگرتن لە خواردن بەڕێوە دەچێ و شوێنی ئەو هەڵمەتە پێش ئۆفیسی پارلمانی ئورووپا لە بێرلینە.

هاورێیانی مانگرتوو بریتین لە:

کاوە شەریفیان، کارزان شباهنگ، فەخرەدین فەرەجیو پێشەوا موتیعی ئەو چوار چالاکیە



سیاسییەن کە پێشەنگی ئەو مانگرتنەن.

پێویست بە ئاماژەیە کە ڕۆژی پێنجشەممە، ١٣ ی جۆزەردان لە دووهەم ڕۆژی ئەم مانگرتنەدا نامەیەک ئاراستەی کۆنسولگەری وڵاتانی فەرانسە، ئامریکا، ئاڵمانو ئۆفیسی پارلمانی ئورووپا کراوە کە تێیدا ئاماژە بە هۆکاری مانگرتنو داخوازیەکانی مانگرتوان کراوە.

مانگرتووان داوا لە هەموو چالاکانی سیاسیو تێکۆشەرانی کورد بە تایبەت لە دەرەوەی وڵات دەکەن کە بۆ پشتگیری لە کەبوودوەندو پەرەگرتنی نارەزایەتیو گەیاندنی دەنگی مەزلوومییەتی ئەو تێکۆشەرە بەندکراوە، بە مانگرتنو وەڕێخستنی خۆپێشاندان ببنە بەشێک لە هەڵمەتی ئازادی کەبوودوەند.

## وەزارەتی دەرەوەی فینلاند بۆ لایەنەکانی ڕۆژهەڵات: پرسی مافی مرۆڤ لە ئێران یەک لە باسەکانی دیدارمان لە گەڵ جەوادی زەریف دەبێ

نوێنەرانی چوار لایەنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەردانی وەزارەتی دەرەوەی فینلاندیان کرد تا ئەم وڵاتە بەر لە هاتنی وەزیری دەرەوەی ئێران، سەبارەت بە دۆخی نالەباری مافی مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان وشیار بکەنەوە.

نوێنەرانی لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەن خاتوو "کیرسیکا لێهتۆ ئاسیکاینێن"، بەرپرسی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو باکووری ئەفریقای وەزارەتی دەرەوەی فینلاندەوە پێشوازیان لێ کرا.

سارا ئیبراهیمی، بەرپرسی بەشی پێوەندیەکانی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە یەک لە ئەندامانی لێژنەکە بوو، لەبارەی ناوەرۆکی دیدارەکە ئاشکرای کرد کە لایەنەکانی ڕۆژهەڵات نامەیەکی نارەزایەتییان دا بە لایەنی خانەخوێو سەبارەت بە دۆخی خراپی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوونکردنەوەیان دا. لەوانە سەپاندنی دۆخی ئەمنیەتی لە سەر کوردستان بە درێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی مادە هۆشبەرەکان لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەو ڕێژیمە بە نێو لاوانی کوردستاندا، گرتن، ئەشکەنجە و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد و دۆخی نالەباری ژنان. لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی باسیان لە وەزعی سەرۆکی بەندکراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە بەندیخانەی کۆماری ئیسلامی دا کرد کە دوای ٩ ساڵ بەندکران، لە ژێر ئەشکەنجە و ئازاری مەئمورانی ڕێژیم و دۆخی خراپی زیندان لە گەڵ کۆمەڵێک نەخۆشی بەرەوڕوو بۆتەوە. بەو حاڵەش دەزگا ئەمنیەتی و قەزاییەکانی کۆماری ئیسلامی هەروا خەریکی پیلان داڕشتن و کردنەوەی دۆسیەی تر دژی محەممەد سەدیقی کەبوودوەندن بە مەبەستی هەرچی زیاتر درێژ کردنەوەی ماوەی بەندکرانی.

بەرپرسی کەیسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە وەزارەتی دەرەوەی فینلاند بەڵێنی دا کە بابەتی مافی



مرۆڤ لە ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت کەیسی کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان یەک لە باسەکانی دیداری نێوان وەزارەتی دەرەوەی فینلاند لە گەڵ محەممەد جەوادی زەریف دەبێ.

محەممەد جەوادی زەریف وەزیری دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەمڕۆ سێشەممە، ١١ی جۆزەردان گەیشتە وڵاتی فینلاندو بڕیارە لە گەڵ گەورە بەرپرسانی ئەو وڵاتە کۆ بێتەوە. هاوکات هەر ئەمڕۆ لایەنە سیاسیەکانی کوردستانو ئێران خۆپێشاندانێکی نارەزایەتیان سەبارەت بە پێشێلکاریە سیستماتیکەکانی کۆماری ئیسلامی لە سەر خەڵکی کوردستان و سەرانسەری ئێران وەڕێخستوەو لەم خۆپێشاندانەدا هاوکات داکۆکی لە خواستەکانی محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، سەرۆکی ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان دەکەن کە ماوەی ٢٣ ڕۆژە مانی لە خواردن گرتوە.

شیاوی ئاماژەیە کە وێنەیەک لە نامەی سەرئاوەڵای ڕێزدار خالیدی عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە دۆخی نالەبارو مەترسیی گیانی لە سەر محەممەد سەدیقی کەبوودوەند، لە لایەن بەشی پێوەندیەکانی کۆمیتەی فینلاندی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕادەستی وەزارەتی دەرەوەی فینلاند کرا.

## ڕێگری لە چاوپێکەوتنی قوتابیانی ڕووداوەکەی شیناوێ لەگەڵ حەسەن ڕوحانی کرا

قوتابیانی شیناوێ داوایان کردبوو تەنیا ١٠ دەقە چاویان بە سەرکۆمار بکەوێ، بەڵام ڕێیان لێگیرا.

باوکی سیما مرادی، یەکێک لە قوتابییە سوتاوەکانی شیناوێ بە هۆی هاوکارینەکردنی فەرمانداری پیرانشارو پارێزگاری ورمێ بۆ دیاریکردنی ١٠ دەقە چاوپێکەوتن لەگەڵ سەرکۆمار، حەسەن ڕۆحانی کە سەردانی ئەم پارێزگایەی کردبوو، ڕەخنەی توندی لە کاربەدەستان گرت.

جەلال مرادی، باوکی سیما گوتی بەداخەوە وادەو بەڵێنییەکانی وەزیری بێهداشتو سەرۆکی ڕێکخراوی بەڕێوەبەریو پلاندانانی ئێران، بۆ پێدانی مووچەی یەک میلیۆنو ٢٠٠ هەزار تمەن بە قوربانیانی ئەو ڕووداوەو پەلەکردن لە ڕەوتی چارەسەریان نەهاتەدی. هەروەها لەبارەی دەرمانکردنیشیان کە قەراربوو ئەو کچانەی لە ئێران چارەسەر ناکرێن بۆ دەرەوەی وڵات بنێردرێن، بەڵام هیچ کام لەم وادەو بەڵێنیانە جێبەجێ نەکران.

باوکی ئەم قوتابییەی شیناوێ لە درێژەدا دەڵێ، بەداخەوە بوودجەی ٨ میلیارد تمەنی کە لە لایەن ڕێکخراوی مودیرییەتو پلاندانان بۆ سندوقی بیمەی کۆمەڵایەتیی جووتیاران، گوندنشینانو عەشایر تەرخان کرا تا لەم ڕێگەوە بەرنامەی دەوڵەت بۆ پشتیوانی کردن لەم قوتابییانە جێبەجێ بکرێ، بە باشی بە قوتابیان و بنەماڵەکانیان نادرێ.



مرادی لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژەی بە دیداری ئەم دواییانەی وەزیری بێهداشت لەگەڵ قوتابیانی شیناوێ کردوە و گوتوویەتی: وەزیری بێهداشت لە سەردانی خۆی بە بۆنەی جێژنەوە بەڵێنی پێ داین کە باشترین ئیمکانات بۆ ئەم منداڵانە دابین بکا، بەڵام پاش ئەم دیدارە کە سەردانی نەخۆشخانەی "مۆحیببی کەوسەر"مان کرد گوتیان زانکۆی زانستە پزیشکییەکان بە ئێمە قەرزدارەو، هەر بۆیە ڕەوتی دەرمانو چارەسەری ئەم قوتابییانە زۆر بە خاوی دەچێتە پێشێ.

جێی بیرهێنانەوەیە کە مانگی سەرماوەزی ساڵی ٩١ لە ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لە قوتابخانەی کچانەی ئاوایی شیناوێ، ٢٩ قوتابیی کچ لەم ئاگرە بێ ئامانەدا سووتانو دوو کەس لەوان بە ناوەکانی ساریا ڕەسوولزادە و سەیران یەگانە بەهۆی قووڵی برینەکانیان گیانیان لە دەست دا.

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان:
## دەبێ زێنەب جەلالیان دەسبەجێ ئازاد بکرێ

گرووپی کاری دەستبەسەرکرانە سەرەڕۆیانەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای لە کۆماری ئیسلامیی ئێران کردوە کە بەپەلە زێنەب جەلالیان ئازاد بکاو بەپێی ڕێوشوێنە نێودەوڵەتییەکانو بەبێ خۆگنخاندن، هەوڵی پێویست بۆ قەرەبوو کردنەوەی ئەم زیانانەی پێیان گەیاندووە بدرێ.

زێنەب جەلالیان چالاکی سیاسیی کورد، تاقە زیندانیی سیاسیی ژنی مەحکووم بە زیندانی ئەبەد لە ئێرانە.

لەم حوکمەدا کە لە لایەن کارگرووپی دەستبەسەرکردنە سەرەڕۆیانەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەرکراوە، زەوتکرانی ئازادی لە زێنەب جەلالیان، هەوڵێکی تەواو سەرەڕۆیانەو بەپێچەوانەی ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤو بەڵێننامەی نێودەوڵەتیی مافە مەدەنی ـ سیاسییەکان ڕاگەیەندراوە.

لەم بڕیارەدا کۆماری ئیسلامی ئەرکدار کراوە تا لە ڕێگەی قانوونەوە ڕووبەڕووی ئەم کەسانە بێتەوە کە مافەکانی ئەم چالاکە سیاسییە کوردەیان ژێر پێ ناوە.



ئەم حوکمە لە ڕەوتی پێڕاگەیشتن بە سکاڵانامەیەک هاتۆتە ئاراوە کە مانگی ڕەشەممەی ١٣٩٤ لە لایەن ڕێکخراوە عیداڵەت بۆ ئێران و ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی قەرەبوو کردنەوە، لە بابەت دەستبەسەر کرانو گرتنی ئەم چالاکە سیاسییە کوردە تۆمار کراوە.

زێنەب جەلایلیان لە ڕێکەوتی ٢٠ی ڕەشەممەی ١٣٨٦، لە تەمەنی ٢٥ساڵی لە لایەن ئیدارەی ئیتلاعات لە کرماشان دەستبەسەر کراو لە مانگی سەرماوەزی ساڵی ١٣٨٨، لە لقی ١ی دادگای شۆڕش لە کرماشان بە تۆمەتی شەڕ لەگەڵ خودا لە ڕێگەی ئەندامەتی لە پژاک، لە دادگایەکی چەند خولەکی و نائاشکرا، تەنانەت بەبێ ئامادە بوونی پارێزەر حوکمی ئێعدامی بەسەردا سەپا و ئەم حوکمە لە لایەن دیوانی بەرزی وڵات پشتڕاست کرایەوە و پێی ڕاگەیەندرا.

## نامەی کۆمەڵێک پزیشک، ئەندازیار، پارێزەرو چالاکی مەدەنیی کورد بۆ حەسەن ڕوحانی

کۆمەڵێک پزیشک، ئەندازیار، پارێزەرو چالاکی مەدەنیی کوردی پارێزگای ورمێ لە بەرەبەری سەفەری حەسەن ڕوحانی بۆ پارێزگای ورمێ نامەیەکیان بەرەوڕووی ئەو کردۆتەوەو لەو نامەیەدا قامکیان لەسەر هەندێ لە کێشەکانی ئەو پارێزگایە داناوە.

لەو نامەیەدا بە بیرهێنانەوەی دەنگی سەدی ٨٠ی کوردەکانی ورمێ بە حەسەن ڕوحانی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماریی ٩٢ دا، باس لە وەدینەهاتنی وادەو بەڵێنەکانی سەرکۆمار بە کوردەکانو بەردەوامیی سیاسەتی هەڵاواردنی کوردەکان لە پارێزگای ورمێدا کراوەو ڕەخنەی توند لە ڕوانگەی ئەمنیەتی بە سپاردنی ئەرکو



بەرپرسایەتیی شارو ناوچەکان بە کوردەکانو بێبەشیی ئەوان لەو هاوبەشییەدا گیراوە.

ڕەخنەو تیشکخستنە سەر قەیرانی بێکاری، بارودۆخی شپرزەی دەرمانو بێهداشت، وەزعی خراپی ڕێگاوبان، توندو تیژی لە دژی کۆڵبەران، دەسەڵاتی دووفاقە لە پارێزگای ورمێ، دانەمەزراندنی خەڵکی خۆوڵاتی لە کۆمەڵە پێترۆشیمیی مەهاباد چەند بەشێکی دیکەی ئەو نامە سەرئاوەڵایەن.

لە کۆتایی نامەکەشدا بە بیرهێنانەوەی بەیاننامەی ژمارە ٣ ی حەسەن ڕوحانی لە هەڵبژاردنەکان کە بە بەیاننامەی "مافی نەتەوەو کەمە ئایینییەکان" ناوی دەرکرد، هاتوە کە دوای تێپەڕینی سێ ساڵ لە سەرکۆماریی ڕوحانی هێشتا ئاوڕ لەو وادەو بەڵێنانە نەدراوەتەوەو داوا کراوە کە حەسەن ڕوحانی هەنگاو بۆ جێبەجێکردنیان هەڵگرێتەوە.

## دەرکرانی مامۆستایەکی ژن لە کرماشان بەهۆی بیرو باوەڕە ئایینییەکانی

فاتمە جادری جەلیلوەند، مامۆستای ژنی یارسانی بەهۆی باوەڕە ئایینییەکانی لە کارەکەی دەرکرا.

حەوتووی ڕابردوو ئیدارەی پەروەردەو بارهێنانی شاری کرماشان لە نامەیەکدا فاتمە جادری جەلەیلوەندی بەهۆی باوەڕمەند بوون بە ئایینی یاری، لەسەر کارەکەی دەرکردوە.

ئەم مامۆستا کرماشانییە پێشتریش لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانو حەراسەتی پەروەردەو بارهێنانەوە کەوتبووە بەر لێکۆڵینەوەو هەڕەشەی دەرکردنی لێ کرابوو.



پێویست بە ئاماژەیە تا ئێستا وەزارەتی ئیرشاد ڕێگری لە بڵاو بوونەوەی دوو کتێبی ئەم مامۆستا کوردە بە ناوەکانی "چاوپێداخشاندنەوەیەک بە ئایینی یاری" و "ڕوون کردنەوەیەک لە مەسلەکی مەرامی ئەهلی حەق" کردوەو ڕێگەی چاپو بڵاوبوونەوەیان ناداتێ.

## نوێنەری مەهاباد: بەشداریی کوردەکان لە بەڕێوەبەریی پارێزگای ورمێ سیفرە

جەلال مەحمودزادە، نوینەری مەهاباد لە مەجلیس دەڵێ کوردەکان کە بەڕێوەبەریی پارێزگای ورمێدا هیچ جێیەکیان نەدراوتێو، تەنانەت لە کارخانەی پێترۆشیمیی مەهاباد کە پشکی ئەو شارە لە پڕۆژەکانی پارێزگایە، تەنیا سەدی ٢٠ ی خەڵکی خۆوڵاتین.

جەلال مەحمودزادە کە بەبۆنەی سەفەری حەسەن ڕوحانی بۆ پارێزگای ورمێ لەلایەن ماڵپەڕی ئێنتێرنێتیی «کوردپرێس»ی ڕێژیمەوە وتووێژی لەگەڵ کراوە، دەڵێ نێونجی پێوەرەکانی گەشەی پارێزگای ورمێ بە تایبەت پێوەرەکانی پەروەدە، فێرکاری، بێهداشت، ڕێگاوبانو زۆر پێوەری دیکە لە خوارووی نێونجی وڵاتەو ئەو پارێزگایە لە پلەی ٢٨ ی وڵاتدا جێی گرتوە.

نوێنەری هەڵبژێردراوی مەهاباد بۆ مەجلیس بە ئاماژە بەوەی ڕوانینی وەک یەکو بەرامبەر، بەبێ هەڵاواردنو فەرقو جیاوازیدانان یەکێک لە داوا سەرەکییەکانی کوردەکان لە پارێزگای ورمێ لە سەرۆک کۆمارە، دانی بەوە داناوە کە بەشی کوردەکان لە بەڕێوەبەریی پارێزگای ورمێدا سیفرەو لە دانانی پارێزگار، جێگرەکانیو بەڕێوەبەرە گشتییەکانی پارێزگادا هیچیان نەدراوەتێ.

جەلال مەحمودزادە هەروەها باسی لە



وەدینەهاتنی چاوەڕوانییەکانی خەڵک لە دەوڵەتی ڕوحانی کردوەو دەڵێ حەسەن ڕوحانی لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا ١٠ بەڵێنی گرینگی بە کوردەکان دا، بەڵام تا ئێستا تەنانەت یەک لەو دە بەڵێنەشی نەبردۆتە سەرێ.

# «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست»

## دەقی وتەکانی بەڕێز خالید عەزیزی لە ئەنیستیتۆی مێری لە شاری هەولێر (بەشی یەکەم)

***رۆژی ١٩ی مانگی مای لە شاری هەولێر و بە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتی و ئەکادیمیسیەنی کورد،سمینارێکلە ژێر ناوی «کوردو سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست» بۆ بەڕێز خالید عەزیزی، سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانله لایەن «ئەنستیتوی مێری»یەوە بەڕێوە چوو.***
***بەرێز خالیدی عەزیزی لەو سمینارەدا باسێکی هەمەلایانەی سەبارەت بە بارودۆخی رۆژهەڵاتی نیوەڕاست و وڵاتانی ئەو ناوچەیە و بارودۆخی کورد لەم ناوچەیە بە تایبەتی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکێش کرد. ئەوەی دوای ئەم پێشەکی‌یەدا دێ، دەقی پیادەکراوی وتەکانی سکرتێری گشتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان لەو سمینارەیە:***

کاتێک باسی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست دەکرێ باس لە شوێنێکی گرینگ دەکرێ. لە ئەنیستیتۆیەک دا قسە دەکەم کە کاری تۆژینەوە دەکا. لە وڵاتیکی وەک ئامریکا زۆربەی زۆری ئەو موئەسساتانەی کە کاری لێکۆلینەوە دەکەن قوورسایی کاریان لە سەر رۆژهەلاتی نێوەراستە. دەورانێک کە لە واشنگتۆن بووم بە حوکمی کارەکەم وەک نۆێنەری حیزبی دێموکرات زیاتر لە ئەوەی کە لەگەڵکاربەدەستانی ئەمریکایی دەبوا پێوەندیم هەباو لەسەر ئێران و قەزییەی کوردستانی ئیران و قەزییەی کورد بە گشتی- ئەوندەی کە حیزبەکەم پێی ئەسپاردبووم- کارم کردبا، زۆربەی زۆری کارەکەم پێوندی بە موئەسساتی جۆراوجۆری لێکۆلینەوە بوو لە وڵاتیک دا کە بە زۆر تەعبیر پێ دەگوترێ «وڵاتی تەقاتوعی بەرژەوندییەکان» و «وڵاتی تەقاتوعی موئەسسەکان». لێکۆلینەوەو تۆیژینەوە کە بەرچاو روونی و مەعلوومات دەدات دڵنیام هەم کۆمەڵگا بە قووەت دەکات هەم سیاسەتمەداران و رێبەران مەجبوور بە وەڵامدانەوە دەکا و لەو حاڵەتەدا کۆمەڵگایەکی بەقووەت و بەهێز دەبێ لە چونییەتی بردنە پێشی کارەکان. جا بە تەبیعەتی ئەو کورتە باسە لە شوێنێک ئێمە کوبوونەوە دەکەین کە رۆژهەڵاتی نێوەراستە و لە شوێنێک ئەو کۆبوونەوەی دەکەین کە کوردستانە و لە شوێنێک ئەو کۆبوونەویە دەکەین باشوری کوردستانە کە ئیستا کە چۆنییەتی تەرحی مەسەلەکەی خۆیدا بە لەحازی نیزامی و بە لەحازی چونییەتی سەلماندن و نیشاندانی خۆی وەک ئەمری واقع، گەیشتۆتە لووتکە. بۆیە لەو شوێنە تەبیعەتەن ئێمەش وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان یا وەک کوردستانی ئیران بە شێوازی جۆراوجۆر وەسڵی ئەو چارەنووسەین و بە شێوازی جۆراوجۆر دەور و تەئسیرمان دەبێ و لە هەمان کاتیش دا ئەزموونێکی گەورەیە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە زۆر بابەتەوە وەک عێراق دەچێ، لە زۆر بابەتەوە ئێرانی داهاتوو لە عێراقی ئێستا پێچییدەترە، لە زۆر بابەتەوە لە ئێرانی ئیستاو ئێرانی داهاتوودا قسە لە وڵاتێکە جیاواز لەو دەسەڵاتە سیاسیەی کە لە تاران هەیەتی وڵاتێکە لە گەشە دایە، وڵاتێکە دەمێکە موئەسساتی جۆراوجۆری تێدا هەیە، وڵاتێکە شعوری سیاسی تیایدا لە گەشە دایە، وڵاتێکە لە ناوچەکەدا بە موقایسە لەگەڵ دەوڵەتانی دراوسێ رێژەی خوێندکاری کچ و ژن لە دانیشگاکان لە پیاوان پترە، وڵاتێکە سەرەڕای دەیان ساڵ شەڕ لە کوردستانی ئێران کە بەسەر ئێمەدا تەحمیل کرا، ئێستاش خەبات؛ جەموجۆڵی مەدەنی لە نێو کوردی ئێران دا لە ئارا دایە جا ئەگەر وایە قسە کردن لە وڵاتێکی ئاوا بە هەمووی ئەو تەنەوعاتەو قسە کردن لە چارەسەریی پرسی کورد لە وڵاتێک کە تایبەتمەندیی خۆی هەیە بێگومان دەتوانێ بەرچاوڕوونی زۆر بۆ ئێمە درووست بکا.

ئەگەر بە کورتی موقایسەی ئێران بکەم لە گەڵ دوو وڵاتی عێراق و سوریە، ئێوە لە من باشتر دەزانن ئەو دوو وڵاتەی ئەخیر بەرهەمی شەڕی یەکەمی جیهانی بوون. بەڵام ئێران پاشخانێکی زیاتر لە دووهەزار ساڵەی لە وڵاتداری هەیە، لە ئیمپراتۆرییەتی هەیە و بەدوای ئەودا ئاینی شیعەش بە شێوەی خۆی هاتۆتە نێو بازنەی سیاسیی دەسەڵات لە ئێران دا.کاتی خۆی کە سایکسپیکۆ پێک دێت، تەئسیرێکی لەسەر جوغرافی ئێران نەبووە، تەنیا گۆڕانێکی جوزئی لە سنوورەکانی بەینی عێراقی ئێستا و ئێران دا پێک دێت. جا ئەگەر وایە ئێران بە هەر شێوەیەک بێ جیاواز لە خۆێندنەوەی سیاسی ئێمە لە ماهییەتی ئەو حکومەتە، ئێران فاکتۆرێکە لە رۆژهەڵاتی نیوەڕاست و ئیعتراف بەوەی ئەو وڵاتە فاکتۆرێکە، دەبێتە هۆی ئەوەیکە ئێمە بە قەبووڵی ئەو واقعیەتە بە دوای خاڵەکان دا بڕۆین. لانیکەم ئێمە وەک کوردی ئێران لەو بازنەیە دا ئێران پێناسە بکەین و بە دوای ئەوەدا بزانین ئاڵوگۆڕەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست چۆن لە گۆشەیەک جیاواز لە قەزییەی کورد لە کوللیەتی خۆی دا بۆ ئێمە (کوردی ئێران) دەتوانێ چ پەنجەرەیەک بکاتەوە.

رۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە پێناسەیەکی کلاسیک دا دەورانێکی زۆر بە مانای سیاسی کە لە دنیای دەرەوە باسی دەکا تەنیا بە کێشەی فەلەستین و ئیسرائیل پێناسە دەکرا. زۆربەی زۆری ئەحزابی سۆسیالیست و سۆسیال دێموکرات و کۆمۆنیست لە دنیای دەرەوەی سابق دا لە ژێر تەئسیراتی بلۆکی شەرق و غرب کە ئاوڕیان لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نەداوە، بە تەواوەتی چاوەکان دەگەڕانەوە سەر ئەو کێشەیە(کێشەی ئیسرائیل و فەلەستین). بۆیە کێشەکانی دیکە بە تەواوی لە پەڕاوێز خران، شەڕی سارد و سوڵحی سارد هیچی بە قازانجی کورد نەبوون. شێوانی ئەو سناریۆیەو هاتنە گۆڕی سناریۆیەکی دیکەو هەڵوەشانەوەی سوڤیەتی سابق و هاتنە گۆڕی کۆمەڵێک فاکتۆر، وردە وردە کۆمەکی بەوە کرد کە پێناسەی سیاسیی رۆژهەڵاتی نێوەراست بگۆڕێ. لەو پێناسەیەدا فاکتۆرەکانی ئاینی،تایفی، قەومی و کۆمەڵێک فاکتۆری سیاسی و هەڵوشانەوەی ئەمری واقعی پێشوو لە شکڵی کلاسیک دا کۆمەڵێک دەسەڵاتی ناوچەییشی درووست کردوە کە رەنگە چیدیکە بە ئاسانی زلهێزەکان بە ئیعتباری پێناسەی پێشوو نەتوانن لە واشنگتون و مسکۆ یەکجێئارستەی چارەسەرییەکان بگۆڕن و نەخشەرێگای خۆیان بە شیوەی پێشوو بۆ راگرتنی ئەمری واقع، واتە بە قەولی ئێرانییەکان»تەشەنوج زوودایی» بڕۆنە پێشێ. ئێمە لە ناوچەیەک دا ئیستا قسە لە داهاتووی خۆمان دەکەین، بە خۆشیوە کوردیش بۆتە فاکتۆرێک. ئاڵۆزییەکانی ئەو ناوچەیە و ئەو فاکتۆرە جۆراوجۆرانەی هاتوونەتە گۆرێ جیاواز لە هەندێک گیروگرفتی نێو ماڵی کورد، مانای ئەوە نیە فورسەتی بۆ ئێمە درووست نەکردبێ. کورتە ئاوڕدانەوەیێک بە مێژووی خەباتی تێکۆشانی ئێمە ئەگەر بگەرێمەوە سەر مەوقەعیەتەکان؛ لە کۆماری کوردستان دا بەشی زۆری ئەوەی ئێمە بەدەستمان هێناوە تا رادەیەک توانیومانە کەڵکی لێ وەربگرین و بیکەین بە ئەمری واقع یا دێفاکتۆر سەرەرای خەبات و تێکۆشان و قوربانیی هەزاران پێشمەرگە، بەرهەمی ئیمکانی عەینی یە. کۆماری کوردستان بەرهەمی ئیمکانیکی عەینی بوو. فەزایەک درووست بوو، لە ماوەیەکی کورت دا کۆمەڵەی (ژ.کاف) کە کانوونی بیرو فکرو کێشەی فکری و هیتد بوو، زۆر زوو بە ژیریی و زیرەکی پێشەوا قازی محەممەد لە نەخشی جووڵانەوەیەکی فکری دێتە دەرێ و تەبدیل بە پرۆژەیەکی سیاسی (دامەزرانی حیزبی دێموکرات) دەبێ. پێشەوا قەزییەکە دەقۆزێتەوەو لە ماویەکی کورت دا حکومەتی کوردی دادەمەزرێ. رەئیس جمهوور، کابینەی وەزیران، هۆڤییەتی کوردی بە هەموو پێناسەکانی خۆی ئیستاش موستەنەداتی ئێمەیە. جیاواز لەو شکڵە سیاسییە کە موستەنەدی کرد، بەشداریی کوردەکانی عێراق، بە تایبەت شەخسی مەرحومی بارزانی، بە جۆرێک لە جۆرەکان پێوانەو وەسفێکی میللی بەو مەسەلەیە دا کە هەموو کەس بە هی خۆی بزانێ. ئێستا ئێمە لەو سناریویەدا چۆن تەعاموول دەکەین؟! لە سناریۆی ئێستای رۆژهەڵاتی نێوەراست دا ئێمە لە گەڵ دوو حاڵەت رووبەرووین؛ حاڵەتێکیان «دەرفەتەکان»ن حاڵەتێکیان «ئاستەنگەکان»ن. ئێمە چۆن باڵانس لە نێوان ئاستەنگەکان و دەرفەتەکان درووست دەکەین؟! دەرفەتەکان ئەوەیە کە لە دنیای ئێستا دا کە لە پێوندی لە گەڵ شەڕی داعەش دا کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بەشداره لەو کێشەیەدا، بە خۆشییەوە کۆمەلگای نێودەوڵەتی سەرەڕای هەموو ئێحترامی ئێمە بۆ ئایینی شیعە و سوونی و هەموو ئایینەکان لەو ناوچەیە، کێشەی کورد بە بەشێک لە کێشەی ئەو ئاینانە پێناسە ناکرێ. ئەوە بە باوەڕی من لە ناوچەیەک دا کە هەموو مەزهەبەکان لێرە لە دایک بوونە، مەزهەبە ئاسمانییەکان و ئەو کێشانە سەدان ساڵە بەردەوام دێنە پێشی، بەڵام کێشەی کورد بە ئەوە پێناسە ناکرێ، ئەوە درفەتێکە، ئەوە فورسەتێکی بۆ ئێمە گونجاندووە. فوورسەتی دووهەم؛ هەرچەند داعش بە هەموو حەرەکەت و جووڵانەوە و ئەوەیکە لێرە درووست بوو، زەرەرو زیانێکی زۆری مادی و ئینسانی بۆ ئێمەی کورد هەبووە، بەڵام لە تەنیشت ئەوەدا بوو بە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵگای نیودەوڵەتی پتر ئەهەمییەتی مەسەلەی کوردو توانایی و پوتانسێل و زەرفییەتی کوردو، لە هەمانکات دا مەوقعییەتی جوغرافیایی کورد بناسێ. ئەوەش بوو بە فورەسەتێک بۆ ئێمەی کورد کە ئێستا لە چۆنییەتی تەفسیرو تەعبیری ئەو ناوچەیەدا کەس ناتوانێ نادیدەمان بگرێ و لە هەمان کاتیش دا ئەگەر ئێعترافیشمان پێدەکرێ، ئێعترافێکی موسبەتە.

دەرفەتی سێهەم؛ تەجرووبەی هەرێمی کوردستان لە چونییەتی ئیدارەی خۆی سەرەڕای کێشەو ناکۆکی، دەریخست لانی کەم روو بە دەرەوە لەو ناوچە ئاڵۆزەدا دەتوانین ئێمە ئیدارەی خۆمان بکەین. ئەوەش سیگناڵێکی جیدی و پۆزتیوو و باش بوو کە لە هەمان کات دا دەتوانێ باش بڕوا. ئاخرییەکەی هەموو ئەو سێ حاڵەتە، قەزییەی کوردی گەیاندۆتە لوتکەیەک کە من پێی دەڵێم «دەرفەت بۆ کورد بە گشتی لە رۆژهەڵاتی نێوەراست» بە ئیعتباری هەمووی ئەوانە.

ئاستەنگەکان؛ ئێمە زۆر جار دەرفەتمان بۆ هەڵکەوتووە، بەڵام رەنگە ئەو دەرفەتە بە باشی کەڵکی لێ وەرنەگیرابێ و زۆر جار ئێمە عادەتمان گرتووە




کە ئاماژە بە مێژووی شکست و سەرکەوتنەکانەکانی خۆمان دەکەین، خەتاکان بەرینەوە لای خەڵکی دیکە، زوو بە پەلە دەڵێین؛ خەتای ئیستعماری ئینگلیس بوو، خەتای فەڕانسە بوو، خەتای سایکسپیکۆ بوو خەتای کێشەکەی سیڤەرو لۆزان بوو!. زۆر زیرەکین لەویکە زوو خەتاکان بخەینە سەر خەڵکی دیکە. کەم وا هەیە کە بڵێین خەتاکان هی خۆمان بوو . من لەو کەسانەم کە پێم وایە ئێمە لە ئاوڕدانەوە لەوەی کە نەمانتوانیوە لە فورسەتەکەن کەڵک وەرگرین، بەشێکی زۆری رەخنەکە رووی لە خۆمان بێ. من دەلیلێک نابینم بریتانیای سابق و فەڕانسەی سابق و ئەمریکای ئێستاو ئەم و ئەو دەوڵەت لە خۆشەویستی کورد بەرەو ئێمە بێ. دنیای سیاسەت و موعادلات و هەمووی ئەوانە بەرژەوەندییەکانە. حەتمەن ئێمەی کورد ئەو وەختی بە دەلیلی ئەوەی کە بە لەحازی سیاسی، نەتەوەیەک نەبووینەو نەمانتوانیوە گوفتمانێکی واحیدمان هەبێ. بە هەردەلیلێک نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە بۆیە نەمانتوانیوە بچینە نێو موعادلاتی بەرژەوەندییەکان.

بۆ لە دنیایی ئەورۆدا نیزیک بە ٢٠٠ دەوڵەت هەیە؟! بۆ لەسەردەمانێک دا دەوڵەتان درووست دەبوو کە رێبەرانیان نەیاندەزانی کە دێموکراسی و پرولاریزمی سیاسی و ماف یەعنی چی!. دەوڵەت دروست بووە رێبەرانیان لە تئۆرییەکانی لیبڕالیزم و ماکسیزم و ناسیونالیزم و رێئالیزم و ئیدئالیزم و پۆست مودێرنیزم و مۆدرنیزم هەر حاڵیش نەبوون و دەوڵەتی میللی خۆشیان دروست کردوە. پرۆسەی «بە دەوڵەت بوون»، واتا دروستکردنی دەوڵەت و دروستکردنی دەسەڵات، هەموو ناگەرێتەوە نێو ئەو چەمکانە. چەمکی دێموکراسی، میکانیزمی پێوەندیی خەڵکە لەگەڵ دەسەڵات کە چۆن لە یەکتر دەپرسنەوە، ئەوەی دیکە ئەگەر دەتهەوێ ببی بە شت، دروست کردنی ئادرەسە. لە دنیای ئەورۆدا بە پێی بەرژەوەندییەکان دێن لەو ئادرەسە دەپرسن. بۆیە لەو خانەیەدا چۆنییەتی تەعاموول لەگەڵ وەزعییەتی ئیستا ئەوەی بەلای ئێمەوە مەسئەلەیە هەرێمی کوردستانە. ئایا هەرێمی کوردستان ئەوە چۆن دەقۆزێتەوە؟ کورد بە گشتی چۆنی دەقۆزێتەوە؟!

# لە یادی کاک عەزیز یوسفی‌دا



**رەحمان پیرۆتی**

داگیرکەرانی کوردستان هەمیشە لە زیندان وەک ئامرازێکی زەبر و زەنگ بۆ سەرکوتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد کەڵکیان وەرگرتووە، بەڵام لە بەند کردنی هەڵسوڕاوانی سیاسی نەک نەبووەتە ئاستەنگ لە پێش گەشەی بزووتنەوەکە، بەڵکوو بە خۆڕاگری خەباتگێڕانی کورد، زیندان هەمیشە سەنگەرێکی بەربەرەکانی بووە دژی سەرکوت و داگیرکاری. کاک عەزیز یوسفی، ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە ساڵی ١٣٢٧ تا ١٣٥٦ نزیکەی بیست و پێنج ساڵ لە تەمەنی خۆی لە زیندانەکانی رژێمی پاشایەتی تێپەڕاند، نموونەیەکی هەرە دیاری زیندانی‌یانی خۆڕاگر و بە ئیرادەی نێو زیندانەکان بوو.عەزیز یوسفی لە ١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٥٧ بەهۆی ئەو نەخۆشی‌یانەی لەنێو زیندان تووشی ببوو، لە تاران کۆچی دوایی کرد و رۆژی دواتر تەرمەکەی بە رێوڕەسمی تایبەت و بە بەدرەقەی کۆمەڵێک هەڵسوڕاوی سیاسی کورد و ئێرانی گەیەندرایەوە مهاباد. هەرچەند حکومەتی پاشایەتی هەوڵی دا پێش بەوە بگرێت کە بەخاک سپاردنی ئەو کەسایەتی‌یە سیاسی‌یە بە بەشداری ئاپۆرای خەڵک بەڕێوە بچێت، بەڵام بە هەوڵی رێکخستنەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێداگری خەڵک، رێوڕەسمی بەخاک سپاردنی کاک عەزیز کرایە دەرفەتێک بۆ هاتنەسەر شەقامی خەڵکی کوردستان و تێکەڵ بوونی نەپساوەیان لەگەڵ نارەزایەتی‌یەکانی خەڵکی ناوچەکانی دیکەی ئێران دژی رێژیمی پاشایەتی. ئەگەرچی بنەماکانی دژایەتی رێژیمی پاشایەتی و هەوڵدان بۆ دابین بوونی مافە نەتەوەیی‌یەکان لەنێو خەڵکی کوردستان و بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانداڕیشەیەکی کۆنتری هەبوو، بەڵام نارەزایەتی مەدەنی خەڵکی کوردستان لەکاتی بەخاک سپاردنی کاک عەزیز یوسفی‌دا خاڵێکی وەرچەرخان بوو لە مێژووی بزووتنەوەی مەدەنی و جەماوەری خەڵکی کوردستان. ئەو رێوڕەسمە ونارەزایەتی‌یە هەرچەند لە مەهاباد بوو، بەڵام بنەماکانی هەر لەو ناوچەیەدا بەرتەسک نەمایەوە و زۆر زوو ناوچە جیاوازەکانی رۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە و بوو بە هۆی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی نارەزایەتی کە تەنانەت دوای رووخانی حکومەتی پاشایەتیش درێژەی کێشا و بوو بە سەنگەری ئازادی بۆ رووبەڕوو بوونەوەی ئەو کودەتایەی بەسەر شۆڕشی گەلانی ئێران‌دا کرا.

رێچکەی خۆڕاگری سیاسی لە زیندان کە لە کوردستان بە نموونەی وەک عەزیز یوسفی دەناسرێتەوە، تا ئێستاش هەر بەردەوامە. دەیانئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتو هەروەها ژمارەیەکی زۆر هەڵسوڕاوی سیاسی و مەدەنی کورد لە زیندان دان. ئەو زیندانی‌یانە سەرەڕای هەموو فشار و هەڕەشەیەکی حکومەت و دەزگا ئەمنییەتی‌یەکان، ساڵانێکی زۆرە خۆیان ڕاگرتووە و لەسەر بیر و باوەڕەکانی خۆیان سوورن و ئامادە نین بە نرخی



رزگار بوون، ساتوسەودا لەسەر بیر و باوەڕیان بکەن و پشت لە رابردووی خۆیان بکەن.نموونەیەکی دیکەی ئەو زیندانی یانە محەمەد سدیق کەبوودوەندە کە نزیک بە ١٠ ساڵە بە هۆی دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان بەند کراوە و نەک تەنیا ئامادە نەبووە پاشەکشە لە بۆچوون و خواستەکانی بکات، بەڵکوو نێو زیندانیشی کردووەتە سەنگەرێک بۆ داکۆکی کردن لە بەها نەتەوەیی و ئینسانییەکان و بەگژ داچوونی سەرەڕۆیی و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی. زیندانی‌یانی سیاسی خۆڕاگر و پابەند بە بیروباوەڕیان بۆ بزووتنەوەی کورد، سەرمایەیەکی مەعنەوی گەورەن و دەبێ بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی‌یان لێ بکرێت و هەروەها دوای گیان لەدەست دانیشیان لەبیر نەکرێن.

لە ٣٨ەمین ساڵیادی گیان لەدەست دانی کاک عەزیز یوسفی دا دەبێ دان بەو راستی‌یە دابندرێ کە وەک پێویست ئاوڕ لە خەبات و رەنجەکانی ئەو تێکۆشەرە نەدراوەتەوە و وەک سەمبولێکی نێو زیندان کەمتر بە نێوخۆ و دەرەوەی کوردستان ناسێندراوە. ئەگەر داستانی عەزیز یوسفی لە هەر شوێنێکی دیکە تۆمار کرابا، قارەمانیەتی و خۆڕاگری ناوبراو چەندین کتێبی پێ پڕ دەکرایەوە و کاریگەری و خۆ پێگەیاندنی لەنێو زیندان دەکرا بە بابەتی زۆر لێکۆڵینەوە و نووسین. هەروەها ساڵرۆژی گیان لەدەست دانی لە رۆژژمێری نەتەوەیی‌دا لاپەڕەی تایبەتی بۆ تەرخان دەکرا و ساڵانە بە شکۆوە یادی دەکرایەوە. بۆیە پێویستە بۆ ئێستا و داهاتووش زیاتر کار لەسەر وەبیرهێنانەوە و ناساندنی ئەو کەسانە بکرێت کە بە قارەمانەتی و ئیرادەی خۆیان لەنێو دڵی دوژمن‌دا چۆکیان بە زیندان و تەسلیم بوون‌دا بە عەرز داداوە.

سیاسی

# سەفەری روحانی بۆ مەهاباد و چەند سرنجێک لە قسەکانی



عومەر باڵەکی

حەسەن روحانی سەر کۆماری ئێران لە ماوەی رابردوودا سەردانی پارێزگای ورمێ کرد و بێجگە لەوە کە لە ناوەندی پارێزگا واتە شاری ورمێ بۆ ئامادە بووانی کۆبوونەوەیەک کە بە مەبەستی پێشوازی لە ناوبراو تەرتیب درابوو قسەی کرد، رۆژی دواتر سەردانی شاری مەهابادی کرد لەوێش قسەی بۆ خەڵکی ئامادەبوو لە ستادیومی وەرزشی ئەو شارەدا کرد و لە قسەکانی دا کۆمەڵێک بابەتی لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئابووریدا هێناگۆرێ و هەر لەو پێوەندییەدا کۆمەڵێک قەول و بەڵێنی دا کە دەوڵەت و دەزگاکانی ئیجرایی و ئیداری پارێزگا رادەسپێرێ بە جێ بە جێ کردنیان کە ئەو بەڵێنیانە و جێ بەجێکردنیان باسێکی دوور ودرێژ هەڵدەگرێ. بەڵام ئەوەی لەو بابەتەدا دەمانهەوێ تیشکی بخەینە سەر ئەو بەشە لە قسەکانی ناوبراوە کە بە تەواوی لە گەڵ قانوونی بنەرەتی ئێران و کردەوەکانی دەوڵەت و دەزگای حاکمەی کۆماری ئیسلامی لە ناتەبایی دان. روحانی لە بەشێک لە قسەکانی لە شاری مەهاباددا دەڵێ: «هیچ کەس مافی ئەوەی نییە فەرق و جیاوازی لە نیوان مەزهەب و نەتەوەکان (اقوام) دابنێ و ئەسل لە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەر شایستە بوونە.» تەنانەت بەوەندەش بەسەندە ناکا و بۆ ئەوەی لە حزووری خەڵک دا قورس و قائیم قسە بکا دەڵێ: «من بە عینوانی سەر کۆمارو رەئیسی شورای ئەمنیەتی میللی بە ئاشکرا رادەگەیێنم کە لە ئێراندا هیچ کەس ئەو مافەی نییە لە نێوان موسوڵمان و پێرەوانی مەزهەبێک لە گەڵ مەزهەبێکی دیکە فەرق و جیاوازی دابنێ.» ئەگەر ئەو دوو رستەیە لە قسەکانی روحانی تەتەڵە بکەین و لەگەڵ ئەسلەکانی قانوونی بنەرەتی ئیران کە سەرچاوەی قانوون و دەسەڵاتەکانە لە نیزامی کۆماری ئیسلامی‌دا بەراوردبکەین، ئەو کات بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو قسانەی روحانی بە پێ قانوونەکانی ئێران ناتوانی هیچ مەبنایەکی قانوونی لە پشت بێ.. لە حاڵەتی زۆر گەشبینانەدا رەنگە ئاغای روحانی خۆی بەو قەناعەتە گەیشتبێ کە سەقامگیری سیاسی و ئابووری لە ئێراندا بەوە بەندە کە دەبێ نەتەوە جیاوازەکانی پێکهێنەری ئێران لە بەرێوەبەری و دەسەڵاتداریەتی حاکمییەتی ئێراندا بەشداریان پێ بکرێ ، بەڵام هەر وەک لە سەرەوە ئیشارەم پێ کرد تەنیا قەناعەتی ئاغای روحانی بۆ ئەو پرسە گرینگە کە بەشداری کردنی هەموو نەتەوە و پێرەوانی ئایینە جیاوازەکانە لە دەسەڵاتداری ئێراندا، بەس نییە بەڵکو لە پێش هەموو شتێکدا قانوونی بنەڕەتییە کە نیزامی کۆماری ئیسلامی لە سەر دامەزراوە و دەسەڵاتی رەهای داوە بە کەسێک بە ناوی رێبەر کە بۆ «دائم العمر» لە سەر کورسی دەسەڵاتداریەتی جێگیر بێ، پێویستە بگۆردرێ، چونگە رێبەر لە بەرامبەر هیچ کەس و لایەنێکدا خۆی بە وڵامدەر نازانێ، بەڵکو بە پێ ئەسلی پێنج لە قانوونی ئەساسی رێبەر نوێنەر و راسپاردەیە لە لایەن ئیمامی زەمانەوە کە ئەویش نوێنەری خوایە لە سەر زەوێ. لە نیزام و سیستمێکی ئاوادا ئەو قسانەی روحانی تەنیا وەک قسەیەکی جوان و دڵخۆشکەر دێنە بەر چاو، دەنا لە مەیدانی کردەوەدا ناتوانن هیچ مەبنایەکی قانوونیان هەبێ. ئەسلەکانی ٤، ١٢، ١١٥، ١٥٧ و چەند ئەسلێکی دیکە ئەوە راستییە دەسەلمێنن کە چۆن ئەسڵ وبڕگەکانی قانوونی بنەڕەتی بەربەست دروست دەکەن لە بەرامبەر بەشێکی بەرچاو لە تاکەکانی کۆمەڵگا کە دەیانهەوەی بەشداری دەسەڵات و بەرێوبەری وڵات بن. چونکە لەو ئەسلانەدا بە روونی دین و مەزهەبی رەسمی وڵات دیاری کراوە و گوتراوە هەموو قانوونەکان دەبێ لە چوارچیوەی دین و مەزهەبی رەسمی کە هەمان ئیسلام و ئەویش لە نەوعی شیعەی ١٢ ئیمامی‌یە دابێ، واتە هیچ کەس ناتوانێ وەک رێبەر، سەرکۆمار، سەرۆکی پارلەمان، سەرۆکی دەزگای دادوەری، فەرماندەهانی ئەرشەدی نیزامی و... تەنانەت دیپلۆماتکار خۆی بەربژێر بکا، مەگەر موسلمان و پیرەوی شیعەی ١٢ ئیمامیی باوەردار بە «ویلایت مطلقه« بێ و لە بێژینگی شوورای نیگابان دەرچووبێ. بۆیە لە ئاکام دا دەبینین قانوونی بنەرەتی ئێران ئەو فەرق وجیاوازیە لە نێوان نەتەوە و مەزهەب و ئایینەکان لە ئێراندا داناوە و لێرەدایە کە دەردەکەوێ ئەو قسانەی رووحانی لە پلەی سەرکۆماردا کە خۆی بەرێوبەری قانوونە، دژایەتی هەیە لەگەڵ نیوەرۆکی قانوونی بنەڕەتی ئێران، واتە ئەو قسانەی روحانی تەنیا دەتوانی مەسرەفی کاتی هەبێ، چونکە سەر کۆمار ناتوانێ بە پێچەوانەی ئەسل و مادەکانی قانوونی ئەساسی بجولێتەوە.

لە بەشیکی دیکەی قسەکانی‌دا روحانی دەڵـێ:» شانازی بە «قومیت» لە قوناغی سیهەم دایە» و لە درێژەی قسەکانی دەڵێ: «پێش هەموو شتیک دەبی بزانین ئێمە ئێرانین و بە ئێرانی بوونی خۆمان شانازی دەکەین و هەمووما‌ن موسوڵمانین و شانازی پێوە دەکەین.» ئەو روانگە و بۆچوونەی ئاغای روحانی دەبێ لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە نەتەوەکەی خۆی بە درێژایی مێژووی ئێران هەستی بە چەوسانەوە نەکردووە، تەنانەت ئەو کاتەش کە خاکی ئێران لە ژێر دەسەڵاتی «موغول و تاتار و عەرەب و تورک ...» دابووە، چونکە هەمووی ئەوانە خزمەتیان بە فەرهەنگ و زمانی فارسی کردوە. بەڵام نەتەوەکانی دیکەی پێکهێنەری ئێران وەک کورد و تورک و بەلوچ و عەرەب ... و تەنانەت ئایین و ئایینزاکانی غیرە ئیسلام و شیعە هەموو کات لە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئابوورییەوە چەوساونەوە و ئەو بەشە لە نەتەوەی کورد کە لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بندەستی رێژیمەکانی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی دا قەراری گرتووە بە ئێسک و پێستەوە ئەو جیاوازی دانان و هەڵاواردنانەیان هەست پێ کردوە. ئاغای روحانی حەتمەن وەک سەر کۆمار و کەسێکی شارەزا لە سیستمی کۆماری ئیسلامی ئەوە باش دەزانێ کە ئەو پارێزگایە کە بە ناحەق ناوی ئازەربایجانی بەسەر دا براوە هەر لە ئێستا دا زیاتر لە ٦٠٪ دانیشتووانی کوردن کە بە پێی ئامارەکان تەنیا نزیک بە ٥٪ ناوەندی بریار دان و بەرێوەبەری ئەو پارێزگایە بە دەستی کوردانە. لە وڵاتێکی ئاوادا کە هەڵاواردن دەکاتە پلەی ١٠٠٪ ، خەڵکی ئەو ناوچەیە چۆن بە ئێرانی بوونی خۆیان شانازی بکەن. لە ماوەی ٣٧ ساڵی رابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تاوانی کورد بوون خەڵکی ئەو دەڤەرە قەتڵی‌عام دەکەن و دووبەرەکی داوێنە نێو دوو نەتەوەی کورد و ئازەری و ئەوە لە حاڵیک دایە کە لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا ئەو دوو نەتەوەیە توانیویانە لە تەنیشت یەکتر بژین لە کاتێکدا کە هەر ئەو دوو نەتەوەیە خوازیاری ئەوە بوون کە دەوڵەت و ئیدارە و بەرێوەبەری خۆیان هەبێ، بەلام دوای ٧٠ ساڵ لەو رێکەوتە بە پێی سیاسەتی شا و کۆماری ئیسلامی رۆژ بە رۆژ لەو پارێزگایە کورد چەوساوەتەوە و بێ‌حورمەتی پێ کراوە و لە زێد و ئاو و خاکی خۆی هەڵقەندراوە، تەنانەت ئایینی هاوبەشیش کە هەمان ئیسلام بێ فریای نەکەوتووە. ئاغای روحانی دەبێ ئەوە باش بزانێ زۆر سروشتییە کە دابەش کردنی نادادپەروەرانەی دەسەڵات و نەبوونی سەرمایەگوزاری و پشت گوێ‌خستنی داواکاری خەڵک و رێز دانەنان بۆ مافی شارۆمەندی، تاکەکانی ئەوە نەتەوەیەی کە بەو شێوەیە دەچەوسێنەوە، خۆیان لە بەرامبەر دەوڵەت و وڵاتدا بە بەرپرسیار نازانن و لە هەموو رێگایەکی مومکین کەڵک وەردەگرن بۆ نارەزایەتی دەربڕین و شێوەی خەباتی جۆراجۆر هەڵدەبژێرن بۆ وەدەست هێنانەوەی مافەکانیان. مرۆڤ کاتێک شانازی بە هاوڵاتی بوون دەکا کە مافەکانی وەک هاوڵاتی راستەقینە پارێزراو بێ.

بیروڕای ئازاد

# ناتۆ و رووسیە یاریی بە ئاگر دەکەن (مەترسیی شەڕی ناوکی)



موختار نەقشبەندی
وەرگێڕان بۆ کوردی: تەهای رەحیمی

چەند ساتێک دوای یەکەم زەبری ناوکی دەنگی ئاژیری مەترسیی لە شارە گەورەکانی ئامریکا و رووسیە و ئوروپا و (رەنگە چینیش) بەرز دەبێتەوە، بەڵام هیچ دەرەتانێک نیە و کەمتر لە کاتژمێرێک دواتر، هەموو دنیا بە بیستنی هەواڵی هێرشی ناوکی بۆ سەر شارە گەورە و بنکە سەربازییەکانی رووسیە و ئەمریکا و ئوروپا تووشی گومان دەبێ و هەموو وڵاتانی جیهان سەرەڕی بێلایەنیش سوپاکانیان دەخەنە حاڵەتی ئامادەباشی، بەڵام کار لە کار ترازاوە و بێلایەنی وڵاتان هیچ کاریگەرییەکی نیە تا بەر بە وێرانی وڵاتان بگرێ، تەنانەت ئەگەر نەشکەونە بەر هێرشی بۆمبی ناوکی. لە دواساتەکانی داهاتوودا و دەگەڵ هاویشتنی مووشەکە ناوکییەکانی دیکەی رووسیە و ئەمریکا لە ژێردەریایی و بنکە شاراوەکانەوە و بۆمبرێژی ناوچە هەستیارەکانی وەک ئاوبەندەکان و کارگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا و چاڵە نەتەکان لە لایەن فرۆکە بۆمبرێژە ستراتیژییەکانەوە و هێرش بۆ سەر شارەکانی دیکە و ئاگردانی جەنگەڵ و لیرەوارەکان، لە ماوەی کەمتر لە ٢٤ کاتژمێردا دووکەڵێکی قوورس ئاسمانی زۆربەی جیهان دادەپۆشێ و بەرگری تیشکی خۆر دەگرێ و بەرەبەرە زستانێکی زۆر سارد و ناخۆش دادێ و نەخۆشێ و ئاڵۆزی و هەرەج و مەرەج هەموو شوێنەکانی دنیا دەگرێتەوە، نەخۆشی سەرچاوەگرتوو لە بۆمبە ناوکی و میکرۆبی و شیمیاییەکان بڵاو دەبێتەوە، زۆربەی ئەوانەی ماون بەو دەردەوە تێدا دەچن. زۆربەی کارناسان پێیان وایە ٩٩ لەسەدی مرۆڤ دەربازی نابێ. ئەو کورتەیە، باس لە ئاکامەکانی شەڕی ناوکی نێوان رووسیە و ناتۆ بوو، ئەگەر ئێستا روو بدا. هەتا ئێستا هاوسەنگی هێزی ناوکی یەکێک لە هۆکارەکانی روونەدانی شەڕی نێوان ئەمریکا و رووسیە بووە، بەڵام هەنووکە رووسیە پێی وایە ئەمریکا بە دامەزراندنی سیستمی دژە مووشەکی لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا و ئوروپا دەیهەوێ توانای ستیراتیژیکی ناوکی رووسیە لاواز بکا و ئەو کارەی ناتۆی بە هەنگاوێکی دوژمنکارانە زانیوە. ئەو پرسە لەو رۆژانەی دواییدا بۆتە جێی باس و ئەو پرسیارەی ورووژاندوە کە رووسیە دژکردەوەی چ دەبێ. لە درێژەدا تاووتوێی ئەم پرسە دەکەین.

دوای دارمانی یەکێتی سۆڤییەت، پێوەندیی رووسیە و رۆژاوا ئەگەرچی زۆر جار تەنگەژەی تێکەوتوە، بەڵام بەگشتی، لەچاو قۆناخی شەڕی سارد زۆر باشتر بووە و ئەمریکا و رووسیە لە زنجیرە رێککەوتنێک لە ژێر ناوی ستارتدا، ژمارەی کڵاوە ناوکییەکان و ئامرازی گواستنەوەیان وەکو مووشەکە باڵستیک و ژێردەریایی و بۆمبرێژە ستراتیژیکەکانیان کەم کردەوە و بە رواڵەت جیهان هەندێک ئەمنتر بوو. بەڵام دەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی کڵاوە ناوکییەکانی هەردووک لایەن هێندە زیادە کە تەنانەت بیرکردنەوە لە ئاکامەکانی شەڕی نێوان رووسیە و ئەمریکا بۆ کارناسە سەربازییەکان کارەساتبارە. کۆتایی هاتنی شەڕی ئایدیۆلۆژیکی نێوان رۆژهەڵات و رۆژاوا و کەمبوونەوەی چەک و تەقەمەنی ناوکی رووسیە و ئەمریکا بە بێ شک کۆتایی شەڕێکی سارد بوو کە دەیان ساڵ جگە لە بەفیڕۆدانی هەزاران میلیارد دولار سامانی رۆژاوا و رۆژهەڵات بۆ بەرهەمهێنانی چەک و تفاقی سەربازیی هیچ دەسکەوتێکی دیکەی نەبوو، بەڵام بە واتای کۆتایی رکەبەریی چەپەڵانە و زێدەخوازای و شەڕ لە جیهانیش نەبوو و کێشەی سنووری و نەتەوەیی و ئێتنیکی دەگەڵ رکەبەریی چەپەڵانە و زێدەخوازییە ئابوورییەکان و نایەکسان بوونی پێکهاتەی رێکخراوی نەتەوەکان و ئەنجومەنی ئاسایش، بەردەوام بواری بۆ دەستەبەندی و باڵ باڵێنی دیکە خۆش کردوە و بەداخەوە ئێستاش زلهێزەکان نایانەوێ ئەو کێشە و ئاریشانە چارەسەر بکەن. بوودجەی سەربازیی ١٧٠٠ میلیارد دولاری وڵاتانی جیهان لە ساڵی رابردوودا (دامەزراوی توێژینەوەی ئاشتی ئیستیکهۆڵم) نیشانەدەری بێ متمانەیی و ترس لە هێرشی لایەنی بەرانبەر یان ئامادەبوون بۆ شەڕی نێوان وڵاتانە. سەرەڕای لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت، ناتۆ هەروا لێک دەرەوێتەوە و رەفتاری دوو ساڵی رابردووی رووسیە لە ئوکراین و لکاندنی کریمە بە وڵاتەکەیەوە بۆوەتە هۆی ترسی وڵاتانی ئوروپایی و بەتایبەت وڵاتانی دەڤەری باڵتیک و ناتۆش بەو بیانوویە زیاتر لە سنوورەکانی رووسیە نزیک بووەتەوە. بەڵام کرانەوەی بنکەی بەرگری مووشەکی لە رۆمانی و دروست کردنی بنکەیەکی هاوشێوە لە لەهیستان لە چەند ساڵی داهاتوودا بە بیانووی رووبەروو‌بوونەوەی مەترسیی مووشەکی ئێران، هێندەی دیکەترس و تووڕەیی رووسیەی هەڵخڕاند، بەتایبەت چەند مانگ لەمەوبەر ئەمریکا بۆ پاراستنی دراوسێکانی کۆریای باکوور لە ئەگەری هێرشی ئەو وڵاتەدا، بڕیاری دامەزراندنی سیستمی دژەمووشەکی «تاد»ی لە کۆریای باشووری دا. هەر چەند سکرتێری گشتی ناتۆ دامەرزاندنی ئەو بنکە و سیستمانەی بە سیستمی بەرگری ناو برد، بەڵام پووتین ئامانجی ئەو کارەی ئەمریکای بە پووچەڵکردنەوەی توانایی ناوکی رووسیە زانی و رایگەیاند دەگەڵ دامەزراندنی کەرەسەی



هێرشبەری پێشکەوتوو، دژکردەوەمان دەبێ. لە بواری سەربازییەوە قسەکەی پووتین راستە، چونکی ئەگەر ئەمریکایەکەم گورزی ناوکی لە رووسیە بوەشێنێ، بەکردەوە سیستمی دژە مووشەکی دامەزراوی لە ئوروپا بەر بە دژکردەوەی رووسیە دەگرێ یان لانیکەم بەشێک لە مووشەکە ناوکییەکانی رووسیە دەفەوتێنێ وئەوەش رێک بە واتای کەم کردنەوە یان پووچەڵکردنەوەی توانایی مووشەکی رووسیەیە، بە چەشنێک ئیدی سیستمە دژە مووشەکییەکانی رووسیە توانایی بەرگریی لە بەرانبەر یەکەم زەبری ناوکیی ئامریکا نیە. هەروەها ئەو بنکانە بەهۆی ئەوەی خاوەنی سیستمی وریاکردنەوەی پێشوەختە و دژکردەوەی خێران، توانایی رووسیە بۆ دەست وەشاندنی پێشوەختە زۆر دادەبەزێنن و ژمارەیەکی زۆری مووشەکە رووسییەکان بەر لەوەی بگەنە ئامریکا دەتەقێنرێنەوە و ئەوەش بە واتای تێکچوونی دەیان ساڵ هاوسەنگی ناوکی نێوان ئەو دوو وڵاتەیە. پێویستە بوترێ مەبەست لە یەکەم زەبری ناوکی، پەکخستنی لایەنی بەرانبەرە بە چەشنێک توانای دژکردەوەی لێ ببڕێ. لە سەردەمی شەڕی سارددا هەردووک وڵات هەوڵەکانیان لەسەر ناسین و زانینی شوێنی بنکە مووشەکیە ناوکییەکان و بۆمبرێژە ستراتژیکەکان و ژێردەریایی ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر چڕ کردبۆوە، هەتا بتوانن ئەگەر بەسەریان داداِن یەکجێ مووشەک و بۆمبە ناوکییەکانی لایەنی بەرانبەر لە سەر زەوی و دەریا لەنێو بەرن و بەکردەوە لایەنی بەرانبەریان لە بواری ناوکییەوە چەک بکەن، بەڵام هەروەک باسکرا بە هۆی ئەوەی هەردووک لایەن خاوەن بارتەقایەکی زۆری کڵاوەی ناوکی و چەکی هەڵگریی بوون، هیچ کامیان توانای پەکخستنی یەکیان لە یەکەم هێرشدا نەبوو و لە ترسی هێرشی پێچەوانە، لێکیان نەدا. بەڵام پاش لێکهەڵوەشانی یەکێتی سۆڤییەت، ئەمریکا بەهۆی هێزی ئابووری زۆر بەرزتر لە رووسیە و وەبەرهێنانی مەزن لە بەشە سەربازیی و زانستییەکاندا توانیوێ لە بواری تێکنۆلۆژی سەربازی بەتایبەت توانایی زانیاریی لە زۆر بوارەوە وەسەر رووسیە بکەوێ‌و، بە دامەزراندنی بنکە مووشەکییەکانی لە ئوروپا، رووسەکان مافی خۆیانە نیگەرانی زەبرێکی قوورس لە لایەن ئەمریکاوە بن، چونکی بە بێ گومان ئەمریکا زۆربەی مووشەکە ناوکیی و بۆمبرێژە ستراتژیک و ژێردەریاییە رووسییەکان بەر لە هەر دژکردەوەیەک بە مووشەکی ناوکی لەنێو دەبا و بوونی سیستمی مووشەکی لە ئورووپاش دەستی رووسەکان بۆ بەکارهێنانی ئەو مووشەکانەی ماون دەبەستێ و، ئەوکات رووسیە بە میلیۆنان کوژراو و بریندار یا دەبێ بەبێ مەرج خۆ بدا بە دەستەوە یان بە هاویشتنی ئەو مووشەکانەی ماونی (کە زۆربەیان بەر لەوەی بگەنە ئامانج لە لایەن سیستمە دژە مووشەکییەکان دەپێکرێن) و وێران کردنی چەند شارێکی ئەمریکا چاوەڕوانی هاتنی سەدان بۆمبی ناوکی دیکە بێ بۆ سەر شارەکانی.

هەنووکە تۆپەکە لە زەوی رووسیە دایە و دەبێ چاوەڕوان بین بزانین دژکردەوەی چ دەبێ، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی هێژمۆنی ئابووری رۆژاوا هەر چەشنە تەنگەژەیەکی زیاتر و دەستپێکردنی شەڕێکی سارد، قازانجی بۆ رووسیە نابێ و رووسیە دەبێ بەرەبەرە لە بواری سەربازییەوە لە ئەمریکا جێ بمێنێ و بەمجۆرە لە بەرانبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا بێدەنگ بێ ئەگینا ... و لەوانەیە خۆڕاگری رووسیە بۆ پاراستنی پێگەی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناڤین و ئوروپا دوایین هەوڵەکانی ئەو وڵاتە بێ، بەر لەوەی هاوسەنگی ناوکیی بەرەبەرە بەتەواوەتی بگۆردرێ.

بەداخەوە مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لە کوشت و کوشتار و شەڕ و تاڵان و ئێمە مرۆڤە مودێرنەکانیش رێگەی باب و باپیرانمان بەر نەداوە و رەنگە لەوانیش خراپتر و بە دروستکردنی چەکی کۆمەڵکوژی ترسناک، بەرەی مرۆڤمان خستبێتە بەر مەترسیی فەوتانەوە. ئەگەر هەر چەشنە شەڕێکی ناوکی لە نێوان رۆژاوا و رووسیە روو بدا، تەنانەت لە باشترین حاڵەتیشدا ئەگەر ئەمریکا بتوانێ لە یەکەم زەبردا رووسیە پەک بخا و پێویست نەکا هێرش بکاتە سەر شارەکان، دیسانیش کوژرانی چەندین میلیۆن کەسی رووسی بە سەدان مووشەکی ناوکی کە بەر بنکەکانی رووسیە دەکەون، پەڵەیەکی رەش دەبێ بە نێوچاوانی مرۆڤایەتییەوە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر واش بڕواتەپێش، رووسیە هەموو تواناییەکانی لە دەست نادا و شارە ئامریکایی و بەتایبەت ئورووپاییەکان لە دەست تۆڵەی ناوکیی رووسیە رزگاریان نابێ، پێویستە بزانین لە دنیادا ٩ وڵات خاوەن هێزی ناوکین کە بەگشتی هێزی حەوت وڵاتیان (فەرانسە، ئینگلیس، چین، هیند، ئیسرائیل، پاکستان و کۆریای باکوور) دەگەڵ هێزی رووسیە و ئەمریکا بۆ پێکگرتن نابن و ئەگەر ئەمریکا یا رووسیە نەبووایە، ئەوی دیکەیان دەیتوانی هەموو سیاسەتەکانی بەزۆری بەسەر جیهاندا بسەپێنێ! بەگوێرەی لێکدانەوە و مەزەندەی بنیاتی گۆلدمەن ساکس تا ساڵی ٢٠٥٠ بەرهەمی (ناخالس)ی نێوخۆیی چین بە زیاتر لە ٥٢ هەزار میلیارد دولارەوە زیاتر لە ئەمریکا بە ٣٤ هەزار میلیارد دولارەوە دەبێ و هیندیش دەگاتە زیاتر لە ٢٤ هەزار و دەڤەری یۆرۆش دەگاتە ٢٢ هەزار میلیارد دولار و رووسیە دەگا بە زیاتر لە ٨ هەزار میلیارد دولار، کەواتە دەبێ چاوەڕوان بین بزانین ئایا ئەمریکا و رۆژاوا دەست لە سەر دەستدا دەنێن کە وڵاتانی برازیل و پاکستان هاوسەنگی ئابووری و سەربازی جیهان بە زەرەری رۆژاوا بگۆڕن.

سیاسی

# سزای «محاربە»؛ دەسمایەی کوشتنی ئازادیخوازان

## بە بۆنەی ساڵەوەختی ئیعدامی شەهید مەنسووری ئاروەند



**تاهیر قاسمی**

رۆژی یەکشەممە، ٢٤ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی، هەواڵی ئیعدامی هاوڕێ مەنسووری ئاروەند، تێکۆشەری ئازادی، ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستان و قارەمانی نێو زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی بڵاو بۆوە. بەوەش دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی رەشی دیکەی بە دەفتەری ئەستوور و پڕ لە تاوانی ئەم رێژیمەوە لکاند.

شەهید مەنسووری ئاروەند لە جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٠ی هەتاوی، بە تاوانی هاوکاریی لە گەڵ حیزبی دێموکراتی کوردستان دەستبەسەر کرا و دواتر لە دادگا فەرمایشییەکانی رێژیم دا بە هەمان هۆ، تۆمەتی «محاربە لە گەڵ خوا»ی لێ درا و حوکمی ئیعدامی بەسەردا سەپا.

لە بە ناو یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامیدا، «محاربە لە گەڵ خوا» تایبەت بە تێکۆشەرانی سیاسی و دژبەرانی ئەم رێژیمەیەو وەک قورسترین تاوان بۆ ئازادیخوازن، حوکمەکەی ئیعدام یان بڕینەوەی دەست و لاقی تۆمەتبارە.

تاوانی «محاربە و مفسد فی الارض»» لە ئایەتێکی قورئانەوە وەرگیراوە. بە پێی ئایەتی ٣٣ لە سورەی «مائیدە»: «کەسانێ کە بەرهەڵستی خوا و پێغەمبەرەکەی دەکەن و هەوێنی فەسادی سەر دنیان، سزایان کوشتن، لە درادان یان بڕینەوەی دەست و قاچیانە.»

ئەم ئایەتە ئەگەرچی رووی لە خوا و پێغەمبەرەکەیەتی، بەڵام هەر لە کۆماری ئیسلامییەوە تا ئەلقاعیدە و داعش و زۆربەی ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و نگریسانەی بە ناوی ئیسلامەوە حکومەت دەکەن، وەک ئامرازێک بۆ کوشتنی جیابیران و بەرهەڵستکاران کەلکی لێ وەردەگرن. بەکاربردنی ئەم ئایەتە لای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکانی لە گوێرەی ئەو، بەو ئامانجانەیە:

١- گرینگ نییە تێکۆشەران و رزگاریخوازان چەندەیان باوەڕی بە خوا هەیە. گرینگ ئەوەیە چەندە باوەڕیان بەو تەعریفە پڕ لە زەبروزەنگە لە خوا هەیە کە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ هێشتنەوەی دەسەڵاتەکەی خۆی لە خوا بۆ خەڵکی ساویلکەی دەکا.

٢- گرینگ نییە بەرهەڵستکار چەندە باوەڕی بە ئیسلام و بە پێغەمبەری ئیسلام هەیە. گرینگ ئەوەیە چەندە باوەڕی بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی وەک «کۆپیی دەسەڵاتی سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام» هەیە.

٣ - دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە رێی گونجاندنی ئەم ئایەتە لە بە ناو یاسای سزادانی خۆیدا گەرەکیەتی نیشان بدا کە حکومەتەکەی حکومەتی خوا، وەلی فەقیهەکەی جێگرەوەی پێغەمبەر، دەسەڵاتەکەی کۆپیەک لە دەسەڵاتی ئیسلامیی سەردەمی پێغەمبەرەو کەسێکیش دژ بە وەلی فەقیە و ئەو نیزامە بێ، ئەوە دژ بە خوا و پێغەمبەر و ئایینەکەیەتی‌و سزاکەی، سزای «محاربە» و «شەڕ لە گەڵ خوایە».



٤- کۆماری ئیسلامی بە بەکاربردنی ئەم ئایەتە وەک سزا، گەرەکیەتی قەباڵەی خوا و پێغەمبەر بە ناوی خۆیەوە بنووسێ، دزێوترین کردەوەکانی خۆی بە کردەوەکانی خوا و پێغەمبەرو ئیسلام لە قەڵەم بدا و هەر جۆرە دژایەتیەک لە گەڵ ئەم سیستەمە و کردەوەکانی بە دژایەتی لە گەڵ خوا و پێغەمبەر دەرخواردی خەڵکی ساویلکە بدا.

٥- سزای محاربە دژ بە ئازادیخوازان زۆر پێش لەوە کە پیادەکردنی شەرع بێ، شەرعیەتدان بە کوشتنی ئازادیخوازان و جیابیرانە. ئەویش لە پێناو راگرتنی دەسەڵات و بۆ پاراستنی یەکێک لە نیزامە هەرە نگریسە دژە ئینسانیەکانی مێژووی مرۆڤایەتی.

لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا، ئەوە سادقی خەلخالی بوو کە بۆ یەکەم جار و بە پێی ئەم ئایەتە لە قورئان، سەدان و هەزاران کەسی بێ تاوانی بە بێ لێکۆڵینەوە و تەنانەت بێ دادگایی، بە گومانی جیابیری، ئیعدام کرد. دوا جار کردەوەکانی خەلخالیی جەللاد چوونە نێو یاسای سزادانی کۆماری ئیسلامییەوە و هەتا ئێستا بە پێی بەندەکانی پێوەندیدار بەو بابەتە لە بەناو یاساکانی ئەم رێژیمەدا، گیانی هەزاران تێکۆشەری رێگای ئازادی و رزگاری لە ئێران و لە کوردستان ئەستێندراوە.

ئەگەرچی کۆماری ئیسلامی بە بە کاربردنی ئەو ئایەتە بۆ کوشتنی جیابیران و تێکۆشەرانی ئازادی، گەرەکیەتی وا بنوێنێ کە هەر کەس و لایەنێک دژ بەو سیستمە دیکتاتۆرە بوەستێتەوە، ئەوا دژی خوا وەستاوەتەوەو ئەم ئایەتەی لە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە بۆ سەردەم و شێوەی دەسەڵاتی خۆی راکێشاوە، بەڵام هەر بە پێی ئەو ئایەتەی قورئان، دانانی عەلی خامنەیی لە ئاست پێغەمبەری ئیسلام، پێک گرتنی دەسەڵاتی ئیسلام لە سەردەمی پێغەمبەر لە گەڵ دەسەڵاتی پڕ لە گەندەڵی، پڕ لە هەژاری و جیاوازیی چینایەتی، پڕ لە هەڵاواردن، پڕ لە بەرتیلخۆری، دەسەڵاتێک کە هێزە ئەمنیەتی و چەکدارەکانی بڵاوکەرەوەی مادە هۆشبەرەکانن و دەسەڵاتێک کە بۆ هەموو دیاردە نێگەتیڤ و نائینسانیەکان بووە بە نمونەی خراپترین و دزێوترین وڵات لە جیهاندا، داکشاندان و داشکاندنی ئەم هەموو پێداهەڵگوتنەیە کە ئیسلامییەکان لە سەردەمی دەسەڵاتی پێغەمبەری ئیسلامی دەکەن. لە راستیدا بەکاربردنی ئەم ئایەتە لە لایەن کۆماری ئیسلامی و هەر دەسەڵاتێکی دیکە دەچێتە خانەی کفر، بێ رێزی بە ئیسلام و دوا جار نزم کردنەوەی پێغەمبەری ئیسلام تا ئاستی کەسێکی تاوانباری وەک عەلی خامنەیی.

لە ساڵوەگەڕی ئیعدامی هاوڕێ مەنسووری ئاروەند، سڵاو دەنێرم بۆ رۆحی پاکی ئەو شەهیدە تێکۆشەرەی رێگای رزگاریی کوردستان و سەرجەم ئەو ئازادیخوازانەی نێو سیاچاڵەکانی کۆماری ئیسلامی کە بە سزای بێ بنەمای «محاربە» ئیعدام کران و گیانیان لێ ئەستێندرا.

بیروڕای ئازاد

# کەبوودوەند، فەرزادێکی دیکە



**رێبوار مەعرووفزادە**

محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی بەرگریلەمافی مرۆڤی کوردستان لە هەشتی مانگی گولانەوە مانی لە خواردن گرتووە و بەو هۆیەوە بارودۆخی تەندروستی زۆر خراپە. کەبوودوەند داوای پێداچوونەوە بە بارودۆخی زیندان و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەروەندە تازەیە دەکات کە لە دژیان کردۆتەوە. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠٠٧وە بە تاوانی تێکدانی ئاسایشی نەتەوەیی دەستگیر و زیاتر لە دە ساڵ زیندانی بەسەردا سەپا. ئەوە لەحاڵێکدابوو کە کاری کەبوودوەند تەنیا رۆژنامەگەری و گەیاندنی زانیاری لەبارەی پشێلکردنی مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. لەو وتارەدا جەخت لەسەر کاردانەوەی خەڵک لەمەر مانگرتنی کەبوودوەند دەکەم و هەوڵ دەدەم وڵامی ئەو پرسیارە بدەمەوە کە بۆ مانگرتنی کەبوودوەند پاش ٩ ساڵ زیندانی، شەقامی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان وەدەنگ نایەنێت.

### کەسایەتی کەبوودوەند

رۆڵی کەبوودوەند لە بە رێکخراوکردن و بەرفراوانترکردنی چالاکی مەدەنی و مافی مرۆڤ زۆر پربایەخ بووە. کەبوودوەند لە رێگای گۆڤاری «پەیام مردم»، دەنگی مافخوازی خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانی بوێرانە و بەشێوەیەکی بەرفراوان بەرجەستە کردەوە. دامەزراندنی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە ساڵی ٢٠٠٥ نەک هەر وەرچاخێک لە چالاکی مەدەنی کەبوودوەند بوو، بەڵکوو نوێنەرایەتی قۆناخێکی نوێ لە کاری مەدەنی و رێکخراوەیی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەکات. سەردەمانێک بوو کاری مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە چالاکی بێ کاریگەری و کاری خەڵکی کۆنەپارێز و نەوێر دەناسرا. بەڵام کەبوودوەند لەسەر مافی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان پەیوەندی بە بان کی مۆن، سەرۆکی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و رێکخراوەکانی نێودەوڵەتی مافی مرۆڤ وەک رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی گرت و هاووڵاتیانی رۆژهەڵاتی کوردستانی لەمەر مافەکانیان هوشیارتر کردەوە. کەبوودوەند لە چەند ساڵی ڕابردوودا، بە بۆنەی جیاواز پەیامی ئاراستەی خەڵکی کوردستان کردوە و نێوئاخنی زۆربەی پەیامەکانی بانگهێشت بۆ خەباتی ناتوندوتیژ، پاراستنی مافی مرۆڤ و بەرێوەبردنی دێموکراسی بووە. کەبوودوەند لە ساڵی ٢٠١٢ دا بە نیسبەت تیرۆری دکتور قاسملوو پەیامێکی بڵاوکردەوە و تیرۆریزمی دەوڵەتی مەحکووم کرد. ئەو لە ساڵی ٢٠١٤ بە بۆنەی ٦٨ مین ساڵرۆژی کۆماری کوردستان، پەیامێکی بڵاو کردەوە و لە پەیامەکەیدا لە مافی خۆبەڕێوەبەری و سیستمی فێدراڵی وەک شێوازێک بۆ بەجێگەیاندنی مافی خەڵکی کوردستان و ئێران داکۆکی کرد. ئەو پەیامانەی کەبوودوەند لە لایەک پانتایی ئازادی ڕادەربرینی وەک مافێکی بنەرەتی مرۆڤ لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرفراوان کرد و لە لایەکی دیکە حیزب و چالاکانی سیاسی رۆژهەڵاتی لە سەر داکۆکردنی لە کەیسی کەبوودوەند یەکگرتوو کرد.

زیندان لە سیستمە دیکتاتۆرەکاندا بۆ ئەوەیە کەسانی بوێر و مرۆڤدۆست تەسلیم و دەستەمۆ بکات و پێش بە بەردەوامی کاری خەباتکاران و ئازادیخوازان بگرێت. بەڵام لە چەند ساڵی رابردوو دوو زیندانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر تایبەت و لە رێگەی نووسین و نامەکانیان لە زیندانەوە توانیان فازێکی دیکە لە خەباتی نێو زیندان بێننە ئاراوە. فەرزادی کەمانگەر و محەممەد سەدیقی کەبوودوەند لەرێگەی پەیام و نامەکانی زیندانیان توانیان لە بڵاوکردنەوە دەنگی ئازادیخوازی و مافخوازی خۆیان بەردەوام بن. کەمانگەر و کەبوودوەند توانیان ئەدەبیاتێکی زیندانی پتەو بەرهەم بێنن کە هەڵگری رەخنە، دیالۆگ، ئازادیخوازی و مرۆڤخوازی‌یەکی بێ وێنە بووە.

کەمانگەر گیانی خۆی لەپێناو مافخوازی بەخت کرد و کەبوودوەندیش زیاتر لە ٩ ساڵە لە زیندان دایە. ئەو دوو کەسایەتیە کاریگەری گەورەیان لە سەر گۆڕینی ئەقلانیەتی شۆڕشگێری تاکی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووە. وانەی ئەو دوو چالاکە بە چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە رۆژهەڵات ئەوە بووە کە خەباتی مەدەنی مانای کۆنەپارێزی لە هەڵویست و کرداردا نیە و چالاکێکی مەدەنی پێویستە بوێرانە دەنگی مافخوازی و مرۆڤخوازی خۆی بەرز بکاتەوە و لەو پێناوەدا ئامادەی هەزینەدان بێت. داخستنی دوکان و بازار لە لایەن خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ دەربرینی نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی نیشاندەری پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نارەزایەتی لەهەمبەر لەسێدارەدانی فەرزاد و هاوڕێیانی و پێگەی جەماوەری فەرزاد لە نێو خەڵکی کوردستاندا بوو.

پشتیوانی لە کەبوودوەندەکان

حیزبە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە مەجالی چالاکی ئاشکرایان نیە، بە دەرکردنی راگەیەندراو و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە وڵاتانی دەرەوە هەوڵیان دا پشتگیری لە مانگرتن و داواکاری کەبوودوەند بکەن. کاتێک فەرزادی کەمانگەر لە ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ چەند کەسێکی دیکە لەسێدارە درا، بەشێک لە پەرلەمانتاران و چالاکانی سیاسی نێوخۆ بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکیان لە کەمانگەر نەکرد و هۆکارەکەشیان بۆ ئەوە دەگەڕاندەوە کە گویا کەمانگەر بە چەکەوە گیراوە. کۆماری ئیسلامی هەوڵیداوە کەبوودوەند بە زۆر تاوان تۆمەتبار بکات، بەڵام هیچ گومانێک لە ناتوندوتیژبوون و مەدەنی بوونی خەباتیکەبوودوەند نیە. دیار نییە پارلمانتارانی کورد و ئەو چالاکانەی لایەنگری لە خەباتی مەدەنی و ئاشتیخوازانە دەکەن، بۆ پشتگیری لە کەبوودوەند ناکەن. ئەندامانی بەرەی یەکگرتووی کورد، پارلمانتارانی کورد و سەرجەم چالاکانی مەدەنی و سیاسی نێوخۆی وڵات پێویستە لەخەباتی مەدەنی کەبوودوەند ئەزموون وەرگرن و بە ئاشکرا و بوێرانە داکۆکی لە کەیسی کەبوودوەند بکەن. سەفەری روحانی بۆ مەهاباد و پارێزگای ورمێ دەیتوانی دەرفەتێکی باش بێ بۆ چالاکانی سیاسی و مەدەنی تا پشتیوانی لە ئازادی کەبوودوەند بکەن.

ئەوەی شەقامی رۆژهەڵاتی کوردستان زیاتر بۆ مەرگی رێبەرانی سیاسی و مەدەنی دەهەژێت تا بۆ پشتگیری و داکۆکردن لەوان لە لایەک دەرخەری دیوی نەرێنی سایکۆلۆژی شۆڕشگێرانەی تاکی کوردە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و لە لایەکی دیکە دەرخەری گەشەنەکردنی مافخوازی و ئازادیخوازی لە نێو بەشێکی بەرچاو لە چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردستانی رۆژهەڵات دایە- چونکە مافخوازی دەبێ وامان لێبکات هەموو هەوڵمان بۆ پاراستن و رێزگرتن لە ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە بێت نەک تەنیا بۆ مردنیان.

بیروڕای ئازاد

# حیزبی دێموکراتی کوردستان زۆرترین ئەرکی لە سەر شانە



**ناسرقادرپوور**

هەوڵدانی بەرپرسانەی حدک بۆ چارەسەری کێشەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان و دنیای دەرەوەدا دەبێ پێداچونەوەی تێدا بکرێ و کەڵکی زیاتر لە کێشەکانی ناوچەکە وەربگرێت و دەبێ مێتودی خۆی لە چوارچێوەی دیپلۆماسییەکی بەهێزتردا دابرێژێتەوە کە ببێتە بنچینەی پلاتفۆرمی سیاسی حدک لە پێناوی بە دیفاکتۆ کردنی پرسی کورد لە سەر ئاستی ناوچە و نیونەتەوەییدا.

مەسەلەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هەتا دێ زیاتر دەخرێنە پەراوێزەوە ئەو پەراوێزەش بە پلانی تۆکمەوەیە. پرۆسەی سیاسی پێوەندیدار بەم مەسەلەیە بەتایبەتی لە لایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە ئاستی نێونەتەوەیەوە خۆی لێ دەدزرێتەوە و پەردەپۆش دەکرێ. کە وابوو چۆن و بە چ شێوازێک دەتوانین کۆدی ئەو پلانانە تێک بشکێنین. بە دڵنیایەوە بە دیپلۆماسییەکی بەهێزی بەرنامە بۆ دارێژراو لە ئاستی نێودەوڵەتی‌دا و خەباتی مەدەنی و میدیایی لە نێوخۆدا دەتوانین بەشێکی زۆر لە ئامانجەکانمان وەدی بێنین و خەونی دژمنەکەشمان تێک بشکێنین.

کورد لە باشوری کوردستان کە خاوەنی حکوومەتێکی نیمچە سەر بەخۆیە لە بواری ئابووری، دیپلۆماسی و سەربازییە، لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی‌دا پشتیوانی لێ دەکرێت، هەتا ئاستی ناسینی بە دەوڵەت.

کورد لە رۆژئاوا دا بونەتە خاوەنی چەند کانتونێک و ژنانی تێکۆشەر لە شەری کوبانی دا بونە دیفاکتۆیەکی نێونەتەوەیی ودنیایان سەرسام کرد و مێژوو کوردیشیان درەوشاوەترکرد.

خەبات لە باکووری کوردستانیش لە پێناو مافی نەتەوەیی کورد بە شێوەازێکی مەدەنیانە تەنگی بە تورکیە هەڵچنیەوە و ئەوانیش بونەتە دیفاکتۆیەک لە هەمان کاتدا لە ئاستی نیونەتەوەیەوە پشتیوانیان دەکرێت.

لێرەدا پرسێکی گرینگ بۆ ئێمەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا دێتە پێش، ئەویش ئەوەیە کە ئێمە چۆن دەڕوانینە ئەو بارودۆخە کە بەسەرمان داسەپاوە و ئەرکی سەرەکی ئێمە بۆ چارەی کێشەی کورد لە رۆژهەڵات و پرسی نەتەوەییمان چییە؟

ئایا کێشەی ئێمە لە رۆژهەڵات لە گەڵ حکوومەتێکی توتالیتاری وەک ئێران کە هیچ باوەرێکی بە دیالۆگ و دیمۆکراسی نییە و هیچ نەتەوەیەکی دیکە لەو وڵاتەدا قەبوڵ نەکردوە و ناکا، چۆن چارەسەر دەکرێ؟

بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ حکوومەتێک کە بەردەوام کوردی بە دوژمن و لایەنگری ئوروپا و ئامریکا داناوە، دیپلۆماسییەکی بە هێز و بەرنامە بۆدارێژراو و خەباتی مەدەنی لە نێو کۆمەڵگای رۆژهەڵات دا بە شێوازێکی تۆکمەتر،هەروەها ئابورییەکی بەهێز دەتوانی زۆر کارساز بێ.

هەر لە سەر بنەمای ئەم روانگە سیاسی و دیپلۆماسییەی کە ئیمکانی پێویستی بۆ پێشکەوتنی ئابووری بەهێزو کەسانی پسپۆرهەیە، دەبێ حیزب بە سەرتاپای سیستمی سیاسی و تەشکیلاتی خۆیدا بچێتەوە.

حکوومەتی ناوەندی لە تاران بە دژایەتی توند دەگەڵ خەباتی سیاسی سەرجەم حیزبەکان و بە تایبەت حدک بە میتودی شەر، توندو تیژی، گرتن، ئەشکەنجە و ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان دا بە تەمایە بەر بە نارەزایەتییەکان بگرێ و کۆتایی بە کێشەی کورد بێنێ. بەڵام ئەزمونی دەیان ساڵی رابردوو نیشانی دەدا کە هەرگیز ئەم روانگە سیاسیەیە و ئەو زەبروزەنگەی هەتا ئێستا لە لایەن حکومەتی ناوەندی‌یەوە لە کوردستان دا پەیڕەوکراوە نەیتوانیوە رێگا چارەی کێشەی کورد بێ.

خەباتی مەدەنی و دیمۆکراسی بە بێ نەبوونی پلاتفۆرمێکی سیاسی تۆکمە و پەرتەوازەیی خۆی ئیمکانی ئەوەی نەبووە کە رۆڵی بزوتنەوەیەکی بەرین لە نێوخۆ بخوڵقێنن. ئەم بارودۆخە بۆتە هۆی پێکهێنانی بۆشایەکی سیاسی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا کە حدک دەبێ ئەو بۆشایە پڕبکاتەوە، چونکە زۆرترین چاوەڕوانی لێ دەکرێت لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە.

پرسی کورد لە رۆژهەڵاتدا بە پێی مێژووش بێ زۆرتر بە باڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان بڕواوەو هەر بۆیە دەبێ زۆر هەستیارانە و بەرپرسانە کاری دیپلۆماسی بۆ بکات.

پلاتفۆرمێکی هاوبەشی نەتەوەیی بە بەشداری چالاکانی سیاسی، مەدەنی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نیوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان بە سەرپەرستی حدک، دەتوانێ هەنگاو بە هەنگاو کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو رزگاری بەرێ.

# ڕاپۆرتی سیاسیی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کۆنگرەی شازدە

## کە لە لایەن سکرتێری گشتی حیزب، بەرێز خالیدی عەزیزی‌یەوە پێشکەش کرا (٧)

**حدک و دەوڵەتی مەرکەزی**

لەپێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی مامەڵە لەگەڵ دەوڵەتی مەرکەزی نەک هەر لەنێو کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکوو لەنێو ڕیزەکانی حیزبی ئێمەشدا بیروڕای جیاواز هەیە و ئەو بابەتە کە بۆ بەرنامەڕێژیی خەباتمان بنەڕەتییە، شیاوی ئەوەیە کە لێرەدا هەڵوێستەی لەسەر بکەین.

سیستەمی کۆماری ئیسلامی بەجۆرێک داڕێژراوە و کارکردی ئەو ڕێژیمە بە جۆرێک بووە کە زەرفیەتی ئاڵوگۆڕ و کرانەوەی لە خۆیدا نەهێشتۆتەوە. ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ کورددا هەر لەدوای ئینقلابەوە هەتا ئێستا سەرکوتکەرانە و یەک ڕەهەندی بووە. لە بەرامبەریشدا، گوتاری زاڵ لەنێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕووخێنەردا، بە کوردیشەوە، بەجۆرێک یەکڕەهەند بووە کە هەموو شتێک بە چاوی ڕەش و سپی دیتراوە و تەواوی سیاسەت و هەڵوێستەکان بەشێوەیەک کەوتوونەتە گرەوی مان و نەمانی ڕێژیمەوە.

لەحاڵێکدا کە ڕێژیمەکانی دەسەڵاتدار لە تاران نە بە بەشداریی کورد دروست بوون و نە کوردیش ئیدیعای ئەوەی کردوە کە بە تەنیا دەتوانێ بیانڕووخێنێ، جووڵانەوەی ئێمە لە ئێران لەسەر بنەمای دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بەهۆی چەکداربوونی بە جووڵانەوەیەکی «برانداز» ناسراوە. ئەو جۆرە خوێندنەوەیە لە شێوەی هەڵسوکەوت لەگەڵ تاران بەرهەمی ڕەفتار و کرداری ڕێژیم لە دژی ئێمە و لەڕاستیدا دژکردەوەی ئێمە بەرامبەر بە تاران بووە. دەگەڵ ئەوەی ویستی ڕووخانی ڕێژیمێک بەو سروشت و ماهیەت و کارکردەوە کە کۆماری ئیسلامی هەیەتی بەتەواوی مەنتقی و ڕەوایە، بەڵام بەو مانایە نییە کە ئەوە تەواوی کایەی سیاسیی ئێمە لە ئێراندا لە قالب بدا. دروست نیە لەجیاتی مانۆڕدان و مەیدانداری دەگەڵ ڕێژیم، هەموو ئیبتکار و خەللاقیەتی سیاسی و خەباتگێڕیی ئێمە تەنیا لە دروشمی ڕووخانی ڕێژیم و بایکۆتی هەڵبژاردنەکاندا خولاسە بێتەوە. سەرنجڕاکێشە کە کۆمەڵێک مانۆڕی وەک بەشداری لە هەڵبژاردن و وتووێژ لەگەڵ ڕێژیم کە حیزبی دێموکڕات لە قۆناخی جۆراوجۆری خەباتدا تاقیی کردونەتەوە، دروست نیە لەسەردەمی ئێستاله کۆمەڵگەی سیاسیی ئێمەدا ببنە تابوو.

لێرەدا قسە لەوە نیە کە ماهیەت یا نیەتی کۆماری ئیسلامی چیە و باسەکە نابێ لەسەر ئەوە بێ کە ڕێژیمێک بەو کارنامەیەوە کە هەیەتی چەندە دەکرێ ئومێدی پێ ببەسترێ کە هەنگاوێک بەرەو کرانەوە یان بەرەو چارەسەری پرسی کورد هەڵێنێتەوە. بەڵکوو قسە لەوەیە کە لەو خوێندنەوە لە قالبدراوەدا بەهۆی کورتبوونەوەی یاریی سیاسی لە پرۆسەیەکی نەگۆڕ و بێ بەرهەمدا سەنگ و تواناکانی کورد بە گشتی و حیزبەکانی بهتایبهتی وەدەر ناکەوێ و لە ئاکامدا نە ڕێژیم لەسەر مەسەلەی کوردستان لە دەرەوەی خانەی ئەمنیەتی و چەکداری گیروگرفتی بۆ دروست دەبێ و نە سەرنجی بیروڕای نێونەتەوەییش بۆ لای پۆتانسیەلێکی جەماوەری ڕادەکێشرێ کە وێڕای شوناسخوازییەکەی دەیتوانی و دەتوانێ سەرمایەیەکی بەهێزی ڕەوتی ئازادیخوازی بۆ هەموو ئێرانیش بێ.

ئەوەی بۆ ئێمە وەک کورد دەبێ گرینگ بێ ئەوەیە کە وێڕای دانەبڕاویمان لە بزووتنەوەی سەراسەریی ئێران (بە هەموو لاوازی و کەموکوڕییەکانیەوە) بۆ جەسپاندن یان لانیکەم هێنانەگۆڕی مافە نەتەوایەتییەکانی خۆمان لە هەموو هەل و دەرفەتێک کەڵک وەربگرین و دەسەڵات لە تاران بە دەست هەرکەس و لایەنێکەوە بێ ناچار بە بیرکردنەوە لە چارەسەری کێشەی کورد لە ئێرانی بکەین. بۆ ئەو مەبەستەش نابێ خەباتی خۆمان و داهاتووی کورد لە ئێران تەنیا بە سیناریۆی ڕووخانی ڕێژیمەوە ببەستینەوە. مادام سروشتی خەبات و پرسی کورد زۆر تایبەتمەندیی هەن، پێویستە وەک کورد نەک هەر لە پێوەندی لەگەڵ ڕێگاچارەکاندا، بەڵکوو لەبارەی شێوازەکانی خەباتیشەوە دەستمان بۆ مێتۆدی جۆراوجۆر ئاوەڵا بێ.

ئەو شێوازانە لە گوتار و هەڵوێستگرتن و فەرهەنگسازیی سیاسییەوە تا هێنانەمەیدانی خەڵک و پشتگیری لە دروستکردنی بنیاتە فەرهەنگی و داکۆکیکارەکانی مافی مرۆڤ دەگرێتەوە. لە بەستێنی سیاسییشدا دوو بابەتی هەڵبژاردن و وتوویژ دیارتر و جێگەی باسترن. دەربارەی هەڵبژاردن، حیزبی ئێمە لە سەرەتای هاتنەسەرکاری کۆماری ئیسلامییەوە تا ئێستا قەت بە شێوەی موتڵەق و یەکدەست چاوی لە هەڵبژاردنەکانی ژێر حاکمیەتی ئەو ڕێژیمە نەکردوە. ئەگەر ڕاستە کە کۆمەڵێک ئاستەنگی سیستمی لە هەموو هەڵبژاردنەکاندا بەدی دەکرێن، ئارایشی هێزەکان و سروشتی هەڵبژاردنەکان دەکرێ جیاوازییان پێکەوە هەبێ. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە سروشت و وەزعیەتی هەر هەڵبژاردنێک جیاوازە، ئێمە خۆمان لەوە دەبوێرین کە نوسخەی پێشوەخت و یەکدەستمان بۆ مامەڵە لەگەڵ پرسی هەڵبژاردن لە کۆماری ئیسلامیدا هەبێ و زۆر جار بۆخۆشمان هەڵبژاردنمان تەحریم کردوە. لەهەرحاڵدا ئەسڵی ئێمە ئەوە نیە کە تەنیا لەبەر خاتری ئارگومێنتی شەرعیەتدان بە ڕێژیم (کە ئارگومێنتێکی بێ‌جێیە) پێشگیری لەوە بکەین کە خەڵک هەڵبژاردنەکان وەک دەرفەتێک بۆ نیشاندانی نێوەرۆکی ویست و داواکانیان و قورسایی دیمۆگرافیی قەومی و بەربەرەکانی دەگەڵ ڕێژیم بەکار بەرن.

هەرچی وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیشە، حیزبی ئێمە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە هەتا ئەمڕۆ ئەزموونێکی دوورودرێژ و بەداخەوە تاڵی لە وتوویژ لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەندیدا هەبووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە سەر قۆناغی ئێستا، پاش کۆنگرەی پازدەهەمی حیزب، لەلایەن شووڕای ئەمنیەتی میلیی ئێرانەوە داوای وتوویژ لە ئێمە کرا. ئێمەش وەک پرەنسیپ قبووڵمان کرد و چەند جارێک بۆ تاوتوێکردنی زەمینە و بنەمای چارەسەری پرسی کوردستان لەگەڵیان دانیشتین. بەڵام بەهۆی جیددی‌نەبوونی ڕێژیم ئەو گفتگۆیە بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت. دانیشتنی ئێمە و نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی باس و قەزاوەتی جۆربەجۆری لەسەر کرا. بەتایبەتی هێندێک کەس و لایەن بە ئاماژە بە کارنامە و ماهیەتی ڕێژیم پێیان وابوو کە ڕێژیم لەو کارەدا تەنیا بەدوای مەبەستی خراپی وەک کێشەنانەوە لەنێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێ. دەگەڵ ئەوەی حاشای لێ‌ناکرێ کە ڕێژیم پێش هەموو شتێک بەدوای ئەو جۆرە ئامانجە دژی‌گەلی‌یانەدا دەگەڕێ، پێمان وایە وەک پرەنسیپ نابێ وتووێژو دانوستان ڕەت بکەینەوەو هەرلەوکاتەدا دەبێ وشیاری نەخشەو پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی بین.

**بواری دیپلۆماسی**

لەنێو بزووتنەوەی کورددا حیزبی دێموکڕات بەتایبەتی لە سایەی حیکمەت و لێهاتوویی ڕێبەری شەهیدمان د. قاسملوودا هەمیشە بە ڕچەشکێنی دامەزراندنی پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە و ڕاکێشانی سەرنج و پشتیوانیی کۆڕوکۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان بۆ لای دۆزی ڕەوای گەلەکەمان ناسراوە. بەڵام وەک پێشتر ئاماژەی پێ‌کرا، پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر قازانجی لایەنەکان بنیات نراون و زۆر جار قورسایی ئەو بەرژەوەندیانە بە سوودی ڕێژیمە سەرەڕۆکان و بە زیانی بزووتنەوە ئازادیخوازەکان دەشکێتەوە. لە پێوەندی دەگەڵ کورددا نەک هەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەسەریەکەوە بەڵکوو دەوڵەتانی دەستڕۆیشتووی جیهان بە جیاش سیاسەتێکی یەکدەستیان لە هەمبەر مەسەلەی کورد نیە، بەڵکوو سیاسەتیان لەگەڵ هەر پارچەیەکی کوردستان بەستراوەتەوە بە سیاسەتیان لەگەڵ دەوڵەتی حاکم بەسەر ئەو پارچەیەی کوردستاندا.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا بواری دیپلۆماسی یەکێک لە بوارە پڕشنگدارەکانی کار و تێکۆشانی حیزب بووە کە وەک دوایین نموونەی بەرهەمی ئەم کار و تێکۆشانە دەتوانین ئاماژە بە وەرگیرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بە ئەندامی ئەسڵیی ڕێکخراوی ئەنترناسیۆناڵی سۆسیالیست بکەین. سەرەڕای هەموو ئەو کار و تێکۆشانەش، مادام لە هەلومەرجی ئێستادا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەک پارتنەر یان ئاڵترناتیوی کۆماری ئیسلامی مامەڵە ناکا و مادام فازی ئێستای پێوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاواش ئەولەوییەت دەداتە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی ناوکی و فایلە سیاسی و ئەمنیەتییەکانی ناوچە، نابێ پێمان سەیر بێ کە دوورەدیمەن و ئاسۆی دیپلۆماسیی ئێمە بە بەراورد لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان جارێ بەرتەسکتر بێ.

بەڵام هەروەک لە سەرەوە ئیشارەمان پێ‌کرد، کێشەی کورد لە ئێران تایبەتمەندیی خۆی هەیە و حیزبی دێموکڕاتیش هەوڵی داوە و دەبێ زیاتریش هەوڵ بدا کە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تایبەتمەندییە دۆست و پشتیوان لە جیهانی دەرەوەدا بۆ قەزیەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیدا بکا. ڕاستە کە پێوەندییەکانی ئێمەش وەک باقیی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بە ناچار دەچێتە ژێر باندۆری هەموو ئەو مشت و مڕ و مامەڵانە کە لەنێوان ئێران و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لە ئارادایە، بەڵام ئێمە چ لەڕووی گوتار و دۆزەوە و چ لە ڕووی مێتۆد و کەرەسەوە لە پێوەندییەکانماندا خاوەن ڕابردوو و فەرهەنگی تایبەت بە خۆمانین.

کۆنگرەی ٧٠ ساڵ تێکۆشان
16th CONGRESS
Kurdistan Democratic Party - Iran

پێویستە ئەم پۆتانسیەلە بەدوور لە سنووربەندییە بەسەرچووە سیاسی و ئیدئۆلۆژییەکان لە خزمەت پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا باشتر وەگەڕ بخەین و بە کارکردنی زیاتر لەسەر کەناڵەکانی لۆبی و پێوەندی لەگەڵ بنیاتە نێونەتەوەییەکان و دەوڵەتانی خاوەن‌نفووز لە جیهان و لە ناوچەدا، باشتر لە جاران سەرنج و پشتیوانیی بیروڕای گشتیی نێودەوڵەتی (چ ناوەندە بڕیاردەرەکان و چ میدیاکان) بۆ لای ڕەهەندی سیاسیی پرسی کورد لە ئێران و مافی مرۆڤی کورد لەو وڵاتەدا ڕابکێشین. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوە کە زۆر زەحمەتە پێشبینی بکرێ کە ڕەوتی ڕووداوەکانی داهاتووی ئەو ناوچە شێواوە لە پێوەندی لەگەڵ ئێراندا بە کام ئاقاردا دەڕوا، پێویستە تێ‌بکۆشین لەئاستی ناوچەیی و نێودەڵەتیدا بەگوێرەی توانای خۆمان ئەوەندە دیار و بەرچاو بین کە نەهێڵین کێشەی کورد لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لەبیر ببرێتەوە.

**هاوکاری و هاوخەباتی**

لەگەڵ هەموو متمانە و دڵگەرمییەک کە بە هێز و توانای خەباتگێڕیی خۆمانمان هەیە، ئێمە لەو باوەڕەداین کە بەبێ پەرەپێدانی ڕووحی برایەتی و هاوخەباتی لەگەڵ لایەنەکانی دیکە، خەباتی ئێمە ناتوانێ بە ئاکامی دڵخواز بگا.

**حدک و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی**

هەموو ئەو باسانەی کە لەپێوەندی لەگەڵ فەزای سیاسیی ئێران و بارودۆخی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانیدا خستماننە ڕوو، بەرچاوڕوونی دەدەنە سیاسەت و هەڵوێستی لەمەودواشمان بۆ مامەڵە لەگەڵ هێزەکانی نەیاری کۆماری ئیسلامی. بە باوەڕی ئێمە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بۆ دەرچوون لەو وەزعە کە پێشتر باسمان کرد، پێویستە مشوور و ئازایەتیی بەخۆداچوونەوە و خەسارناسییەکی جیددیی کارکردی دەیان ساڵەی خۆی هەبێ و بە ڕاشکاوی دان بە هەڵە و کەموکوڕییەکانی خۆیدابنێ. پێش هەموو شتێک لایەنەکانی نێو ئۆپۆزیسیۆن لەجیاتی ئەوەی بە هۆکاری مێژوویی و فیکری یەکتر حەزف بکەن و لە پەراوێز بخەن، پێویستە فەرهەنگی یەکترقبووڵکردن و لەگەڵ‌یەکتر حاوانەوە لەنێو خۆیاندا جێگیر بکەن. ئۆپۆزسیۆنی دەرەوە هەروەها پێویستە لە خەڵکی ئێران و مەیدانی ئەسڵیی خەبات کە نێوخۆی ئێرانە نزیک بێتەوە. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە ئۆپۆزیسیۆن تێگەیشتن و خوێندنەوەیەکی واقعبینانەی لە کۆمەڵگەی ئێران هەبێ و ڕاستییەکانی وەزعی ئێران بەو جۆرە کە هەیە ببینێ، نەک ئەوە کە لە خەیاڵ و ئارەزوودا بخولێتەوە. لە مامەڵە لەگەڵ ئەو واقیعەشدا لەجیاتی ئارمانگەرایی و گیرکردن لە مەسایل و مەفاهیمی ئیدئۆلۆژیک و فیکری پێویستە لە هەوڵی دۆزینەوە و دەکارخستنی ڕێکارەکانی بەمەیدانی‌کردنی خەباتدا بێ.

سەرەنجام و لە هەمووی گرینگتر بۆ ئێمە، پێویستە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە تەرسیمی ئاییندەی سیاسیی ئێراندا لەسەر ڕێگاچارەیەک ساغ ببنەوە کە هەموو خەڵکی وڵات خۆی تێدا ببیننەوە. لەو نێوەشدا، جیا لەلایەنی سیاسی و مێژوویی قەزیەی کورد لە ئێران، پێویستە ئەوە وەبەرچاو بگرن کە ئەمڕۆ کورد سەنگ و پێگەیەکی بەهێزی لە ناوچەکەدا بۆخۆی پێکهێناوە. هەربۆیە گۆڕەپانی سیاسیی ئێرانیش بە ژوورەوە و دەرەوە ناتوانێ کورد وەک خۆی و لەسەر بنەمای ویست و داواکانی تایبەت بە خۆی وەبەرچاو نەگرێ.

لەژێر ڕووناکایی ئەو خوێندنەوەیەدا ئێمە هەروەک لە چەند ساڵی ڕابردوودا هەوڵمان بۆ داوە، لە داهاتووشدا هەر دەبێ بۆ ئەوە تێ‌بکۆشین کە لە پێوەندی و هاوکاریمان لەگەڵ کەسایەتی و گرووپ و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆندا وێڕای یارمەتیدان بە لێک‌تێگەیشتن لەسەر چەند و چۆنیی هاوخەباتی و بنەما و نێوەرۆکی ئاڵترناتیڤی سیاسی لە ئێران، دانپێدانانی فرە نەتەوەبوونی ئێران لە بەستێنی گشتی و حکوومەتیدا، و بەڕەسمی ناسینی مافەکانی کورد وەک پرسی سیاسیی نەتەوەیەک ( نەک تەنیا لە گۆشەنیگای فەردگەرایانەی مافی هاونیشتمانی‌یەوە) بکەینە پێوەری ڕێککەوتن و هاوپەیمانیی بەکردەوە و نەهادینەکراو.

## دیزەبەدەرخۆنەکردنی گەندەڵیی «بنیادی شەهید» لە مەجلیس

بە کۆتایی هاتنی تەمەنی مەجلیسی نۆیەم، گەورەترین گەندەڵیی "بنیادی شەهید"ی ڕێژیم کە لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی مەحموود ئەحمەدی نژاددا کرابوو، لە لایەن نوێنەرانی پاوانخوازی مەجلیسەوە دیزەبەدەرخۆنە کرا.

سەرپۆشدانان لەسەر پەروەندەی لێکۆڵینەوەو پشکنین لە بنیادی شەهید لە سەردەمی دەوڵەتی مەحموود ئەحمەدی نژاد کە پەروەندەیەک قورستر لە گەندەڵیی ڕێکخراوی دابینکردنی کۆمەڵایەتی بوو، شوورەییەک بوو کە لە کارنامەی کاریی مەجلیسی نۆیەمدا تۆمار کرا کە زۆرینەکەی لە دەستی ئوسولگەراکاندا بوو.

مەجلیسی نۆیەم لە حاڵێکدا پەروەندەی کاریی خۆی داخست کە پاش تێپەڕبوونی ٣ ساڵ لە کۆتایی کاری لێکۆڵینەوەو بەدواداچوون لەسەر ئەم پەروەندەیە، بەڵام ڕێگە نەدرا ئەو ڕاپۆرتی لە کۆبوونەوەی ئاشکرای مەجلیس‌دا بخوێندرێتەوە تا لایەنە شاراوەکانی ئەم پەروەندەیە بۆ هەموو



لایەن ئاشکرا بێ.

ئاکامی لێکۆڵینەوەی پەروەندەی بینادی شەهید زیاتر لە ٣٠ هەزار بەڵگەو ٥٠٠ لاپەڕە بوو، بەڵام لابییە سیاسییەکان لەوە بەهێزتر بوون کە کەس نەتوانێ مەسعوود زەڕیبافان، سەرۆکی بینادی شەهیدی ڕێژیمو، هاوڕێی نزیک ئەحمەدی نژاد دادگایی بکاو وەڵامدەر بێ.

بەپێی ئەم ڕاپۆرتی هەیئەتی لێکۆڵینەوەو بەدواداچووبی مەجلیس تەنیا یەک بابەتیان گەندەڵییەکی١٧٠ میلیارد تمەنی‌یەو بۆ دەرەوەی ئێران نێردراوە. بەشەکانی دیکەی گەندەڵییەکان نوێنەران ئێستاش نەیانتوانیوە چاویان پێی بکەوێ.

## بێدەنگەکردن لە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن بەدژی ژنان لە دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی‌دا

ماوەی ١٣ ساڵە لایەحەی پەیوەستبوونی ئێران بە کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێک بە دژی ژنان چۆتە کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام، بەڵام بڕیاری لەسەر نەدراوەو تا ئێستاش بێدەنگەی لێ‌کراوە.

چالاکانی مافەکانی ژنان پێیان وایە پەیوەست بوون بەم کۆنڤانسیۆنە دەکرێ بە مانای گۆڕینی قانوونە پڕ لە هەڵاواردنەکانی ئێران لە بابەت ژنان بێ، ئەو قانوونە پڕ فەڕقو جیاوازیدانان لە بواری کارو بەشداریی ژنان لە حەوزەی ئابووری، سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌دا کە ژیانی ڕۆژانەی ژنانی لەگەڵ ئاستەنگ بەرەوڕوو کردۆتەوە.

ساڵی ٨٢ لە کاتی پەسندکرانی ئەم لایەحەیەدا لە مەجلیس زۆر لە




دژبەرانی لە باڵی ڕاستی ڕێژیم گوتیان پەیوەستبوونی ئێران بەم کۆنڤانسیۆنە بوار بۆ دەستێوەردانی وڵاتە بیانییەکان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتدا خۆش دەکاو لە ئێستادا قانوونە نێوخۆییەکان کیفایەتی پاراستنی مافەکانی ژنان دەکەن.

هەرچەند ئەو کات ئەم لایحەیە لە مەجلیس پەسند کرا، بەڵام دژایەتییەکانیش چڕتر بوونەوە. مەرجەعە تەقلیدەکان بە لێکدانەوەی جۆراوجۆر بەندەکانی کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێک بەدژی ژنانیان بە پێچەوانەی ڕاسپاردەو پەروەردە ئیسلام دەزانی‌و پێوەستبوون بەم کۆنڤانسیۆنەیان مەحکووم کرد.

ئەم لایەحەیە پاش دژایەتیی شووورای نیگابان بۆ کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام نێردراو بە هاتنە سەر کاری مەحموود ئەحمەدینژاد، ئەم مەسەلەیە بە تەواوی دیزە بە دەرخۆنە کرا، بەڵام لەگەڵ هاتنە سەر کاری دەوڵەتی ڕوحانی چالاکانی ژنان هیوایەکیان بۆ دروست ببوو.

شایانی باسە لە ماوەی سێ ساڵ دەوڵەتی ڕوحانی‌دا هیچ قسەیەک لەسەر پەیوەستبوونی ئێران بەم کۆنڤانسیۆنە نەکراوەو ماوەی ١٣ ساڵە بێدەنگەی لێ کردوە.

## دەستپێکی فستیڤاڵی «داوەڵ» لە ئیلام



یەکەمین فستیڤاڵی ناوچەیی "داوەڵ" لە ئیلام، بە ١٥٠ بووکەڵەی تایبەت بەم ناوچەیە دەستی پێ کرد.

ئەم فستیڤاڵە کە لە ڕۆژی ڕابردووڕا لە شاری ئیلام دەستی پێ کردوە، بۆ ماوەی ٣ ڕۆژ لە شوێنی "بووستانی کەوسەر" لەم شارە بەڕێوە دەچێ.

کاربەدەستانی شاری ئیلام ڕایانگەیاندوە کە پێک هێنانی کەشێکی شاد بۆ منداڵان‌و بنەماڵەکانیان، بەڕێوەبردنی کارگە و وێستگەکانی نیگارکێشی، ئەدەبی، کێبڕکێی وێنەی سێلفی بە داوڵەوە و هەروەها کارگەکانی فێرکاریی درووست کردنی بووکەڵە، بەرنامەکانی دیکەی ئەم فستیڤاڵەن.

ئاشنا کردنی منداڵان و گەورەکان لەگەڵ شێوازی دروست کردنی بووکەڵەو کەرستەی پێویست بۆ ئەم کارە، وەک ئامانجەکانی بەڕێوەبردنی ئەم فستیڤاڵە ڕاگەیەندراوە کە بۆ ئەم مەبەستەش لە کەلوپەلی جۆراوجۆری وەک دار، کەوچک و تەنەکە کەڵک وەرگیراوە.

## حەشیمەتی بێکار لە ئێران لە ١٠ میلیۆن کەس زیاترە




ئابووریزانێکی سەربەخۆ لە ئێران دەڵێ، حکومەت لەکزیدانی ئابووریی بە جیددی ناگرێ‌و حەشیمەتی بێکارانی ئێران ٦ میلیۆن کەس زیاتر لەم ئامارەیە کە بە ڕەسمی ڕاگەیەندراوە.

موحسێن ڕنەانی ئیسفەهانی دەڵێ کە دەوڵەت لە ١٠ ساڵی ڕابردوودا تەنیا یەک میلیۆن هەلی کاریی پێک هێناوەو لە ژمارەی کارگا پیشەسازییەکانیش ٢ هەزار دانە کەم بوونەتەوە.

ئیسفەهانی ئەندامی هەیئەتی زانستیی زانکۆی سەنعەتیی ئیسفەهان دەڵی حەشیمەتی بێکارانی ئێران هەر نەبێ ١٠ میلیۆن کەسە. ئەو دەڵێ ژمارەی بێکاران بە شێوەی ڕەسمی ٤ میلیۆن کەس‌و هێندێک جار بە شێوەی ناڕەسمی ٦ میلیۆن کەس باس دەکرێ، بەڵام بەپێی لێکۆڵینەوە مەیدانی‌و بەپێی فاکتە ئابوورییەکان ئێمە لە ئێران زیاتر لە ١٠ میلیۆن کەسمان خەڵکی بێکار هەیە.

بەقسەی ڕەنانی ئیسفەهانی لە ساڵە ٨٤ بۆ ٩٣ تەنیا یەک میلیۆن هەلی کار لە ئاستی ئێراندا پێک هاتووەو لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵەدا ڕێژەی کارگاکانی پیشەسازی سەرووی ١٠ کرێکار لە ١٦ هەزار یەکە لە ساڵی ٨٣ بۆ ١٤ هەزار یەکە لە ساڵی ٩٢ لە کەمی داوەو ئەمە نیشانەی ئەوەیە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا ڕاوەستان‌و قەیرانی ئابووری درێژەی بووە.

ئەم ئابووریناسە وێڕای ئاماژە بەوەی کە لە سیستمی سیاسیی وڵاتدا هەموو شتێک بە جیددی وەرگیراوە، جگە لە داکشانی سیاسەتەکانی ئابووریی، دەڵێ دەوڵەتی ڕۆحانی‌ش تووشی شکستی ئابووری هاتووە، چونکی زیاتر لە بیری کۆنترۆڵی ئاوسان‌دا بووە تا بووژاندنەوەی ئابووریی وڵات.

## هەڕەشەکردن لە شەهرام نازری لە لایەن دادستانی نەیشابوورەوە

دادستانی نەیشابوور هەڕەشەی کردوە کە لە ئەگەری هەر چەشنە هەوڵێکی دیکە بۆ بەڕێوەبردنی کۆنسێرتی شەهرام نازری، زۆر بە توندی لەگەڵ ناوبراو بەرەوڕوو دەبنەوە.

جەواد فەرەجی، ئامادەکاری ئەم کۆنسێرتە، لەم بارەوە ڕایگەیاندوە کە، پاش نەدواداچوونی زۆر لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا، بۆ جارێکی دیکە مۆڵەتی کۆنسێرتی نەیشابوور لە ڕێکەوتی ١٠ و ١١ی جۆزەردان بە شەهرام نازری درا و بە مەبەستی دابینکردنی ئەمنیەت لە کاتی بەڕێوەچوونی ئەم بەرنامەیەدا، چەند کۆبوونەوەیەک لەگەڵ فەرمانداری‌و کاربەدەستانی ئەمنیەتیی ئەم شارە بەڕێوەچووە و پاشان لەگەڵ سەرۆکی ئیدارەی ئیرشادی نەیشابوور سەردانی دادستان‌یان کردوە، بەڵام ئەو دیسانەکەش زۆر بە جیددی ناڕەزایەتیی خۆی لە هەمبەر بەڕێوەچوونی ئەم کۆنسێرتە دەربڕیوە.

وەک فەرەجی دەڵێ پاش ئەوەی کە ئاماژەی بە مۆڵەتە قانوونییەکانی ئەم کۆنسێرتە کردوەو باسی لە بەڵێنیی فەرمانداری بە مامۆستا نازری لە بابەت بەڕێوەچوونی ئەم کۆنسێرتە کردوە، پێداگریشی لەسەر ئەوە



کردۆتەوە کە مۆڵەتی پێویست بۆ بەڕێوەبردنی ئەم کۆنسێرتە وەرگیراوە، بەڵام دادستان ڕاشکاوانە گوتوویەتی بێتوو ئەم کۆنسێرتە بەڕێوە بەرن زۆر بە توندی بەرەوڕووی شەهرام نازری دەبێتەوە.

ناوبراو لە کۆتایی قسەکانی‌دا گوتی سوور بوونی ئێمە لەسەر بەڕێوە بردنی کۆنسێرتی نازری بە هیچ ئەنجامێک نەگەیشت و بڕیارماندا ئەم کۆنسێرتە هەڵوەشێنینەوە.

عەلی جەننەتی، وەزیری ئیرشاد لە کاردانەوە بە هەڵوەشانەوەی ئەم کۆنسێرتانەی کە وەزارەتی ئیرشاد مۆڵەتی بەڕێوەچوونیان پێ دەدا، گوتی: هۆکاری هەڵوەشاندنەوەی ئەم کۆنسێرتانە خۆتێهەڵقورتاندنی نابەجێی دادستانییە و ئەوان بە پێی لێکدانەوەی خۆیان هەوڵی لەم چەشنە دەدەن.

## دادگای تاوانی تاران:
## یەک ناوەندیش خۆی لە پەروەندەی تاوانەکانی ئەحمەدینژاد نەداوە

سەرپەرستی دادگای کەیفەریی ١ی پارێزگای تاران دەڵێ پاش ماوەیەکی زۆر هێشتا هیچ ناوەندێک وڵامی پرسیارەکانی دادگای لە بارەی پەروەندەی مەحموود ئەحمەدینژاد سەرکۆماری پێشووی ئێرانی نەداوەتەوە.

مۆحسێن ئیفتخاری گوتی: ماوەیەکی زۆرە کۆمەڵێک پرسیارو بەدواداچوونمان لەسەر پەروەندەی ئەحمەدی‌نژاد لە ناوەندو دام و دەزگا جۆراوجۆرەکان کردوە، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ بێ تاقە یەک ناوەندێکیش وڵامی ئیستعلامەکانی ئێمەی نەداوەتەوە. ئیفتخاری ڕۆژی سێشەممە ٢٤ی خاکەلێوەش ڕایگەیاندبوو کە پەروەندەی مەحموود ئەحمەدینژاد گەیشتۆتە قۆناغی "پرسیار کردن لە ناوەندە جیاجیاکان" و هۆکاری درێژبوونەوەی ڕەوتی پێڕاگەیشتن بەم پەروەندەیەش هەر ئەم پرسیارانەن کە تا ئێستا بێ وڵام ماونەتەوە.

ڕۆژنامەی "شرق" پێشتر باسی لە ٣٢ پەروەندەی شکایەت لە مەحموود ئەحمەدینژاد لە لای دەزگای قەزایی وەک پەروەندەی شکایەتەکانی مەجلیس کردبوو.

کاربەدەستانی دەزگای قەزایی لە حاڵێکدا مەحموود ئەحمەدینژاد بە تۆمەتبار دەزانن کە ئەو ئێستاش وەک سەرکۆماری پێشووی ئێران بانگهێشتی کۆبوونەوە ڕەسمییەکان دەکرێ‌و لە نوێترین حاڵەتدا، ڕۆژی سێشەممە ٤ی جۆزەردان ئەحمەدینژاد لە کۆبوونەوەی مەجلیسی خوبرەگانی ڕێبەری‌دا بەشداری کردو ڕاست لە تەنیشت غوڵامحوسێن مۆحسێنیی ئێژەیی، وتەبێژو جێگری یەکەمی دەزگای قەزایی دانیشتبوو، کە ئەم ڕووداوە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەنگدانەوەو هەڵڵایەکی زۆری نایەوە.

## ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان فەلاقەکردنەکانی لە ئێران‌دا مەحکووم کرد

کۆمیسارییای باڵای مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان، فەلاقەکردنی ٣٥ لاو لە قەزوێن‌و ١٧ کرێکار لە شاری تیکابی مەحکوم کرد.

ڕۆپێرت کلوویل، وتەبێژی ئەم دامەزراوەیە لە بەیاننامەیەکداو لە زمان سەرچاوەکانی هەواڵ لە نێوخۆی ئێران ڕایگەیاند کە ٣٥ کچ و کوڕی لاو لە شاری قەوێن لە میوانییەکدا کە بە هۆی تەواوکردن خوێندن گرتبوویان دەسبەسەر کران‌و هەر یەکەو ٩٩ قامچیان لێ دراوە. هەروەها کۆمەڵێک کرێکاری کوردی کانگای زێڕی ئاغدەرە بەهۆی ناڕەزایەتی دەربڕین بە دەرکرانیان فەلاقە کراون‌و لە زیندان کراون.

لە بەیاننامەی کۆمیسارییای باڵای مافەکانی مرۆڤ، پێداگریی کراوە کە بەپێی مافە نێونەتەوەییەکانی مرۆڤ بە تایبەت کۆنڤانسیونی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەو ڕەفتارە نامرۆییەکان یان وردکردنی کەسایەتییان، فەلاقەو لێدانی قامچی قەدەغەیە. ڕۆپێرت کلوویل، لەگەڵ مەحکومەکردنی ئەو ڕەفتارەی کۆماری ئیسلامی داوای ڕاگرتن‌و هەڵوەشاندنەوەی ئەم جۆرە حوکمانەیان کردوە.

## تەیب نیا:
## ئابووریی ئێرانی سەردەمی پەهلەوی زۆر لە ئێستا سەرکەوتووتر بوو

عەلی تەیب نیا، وەزیری ئابووری و دارایی، لە کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرانی ماڵیاتیی سەرتاسەری ئێران، ساڵی ١٣٩٥ی لە داهاتووی ئابووریی ئێراندا بە چارەنووسساز لە قەڵەم دا. ناوبراو گوتی پاش دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران نێونجی گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە سەدی ٣ بووە کە لە ماوەی ١٠ ساڵی ڕابردوودا سەرەڕای داهاتی زۆرو زەوەند و بێ پێشینەکانی نەوت، گەشەی ئابووریی ئەم وڵاتە بۆ سەددا ٣ دابەزیوە. تەیب نیا پێی لێ ناوە کە گەشەی سەددا ٣ ی ئابووریی ئێران لە باشترین حاڵەت لە حاڵێک دایە کە لە دەیەی ٤٠ی هەتاوی‌دا ئاستی گەشەی ئابووریی ئێران سەرووی سەدی ١٨ و تەنانەت سەدی ٢٠ بووە.

وەزیری ئابووری‌و دارایی ئێران لە درێژەدا گوتوویەتی ئابووریی ئێران بەر لە هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی زۆر لەوەی ئێستا سەرکەوتووتر بوو.

تەیب نیا هەروەها بە پشتبەستن بەم نرخە زۆرانەی گەشەی ئابووریی ئێران لە ڕەوتی ساڵەکانی دەیەی ٤٠دا، گوتوویەتی لەچاو وەها ئەزموونێک تەنانەت گەشەی سەدی ١٠ی ئابووریی وڵاتی چین لە ماوەی ٣٠ ساڵی ڕابردوودا بە هیچ شێوەیەک وەک شتێکی عەنتیکەو سەیر نایەتە بەر چاو.

شایانی باسە سەرجەم داهاتەکانی نەوتی ئێران لە کاتی دۆزینەوەو هەڵێنجانی نەوت لەم وڵاتە تا ئێستا ١٣٠٠میلیارد دۆلار مەزندە کراوە کە نزیکەی ١١٥٠ میلیارد دۆلاری تەنیا کەوتۆتە بەر دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی.

عەلی تەیب نیا لەم بەشەی قسەکانی‌دا پرسیاری کردووە، کە لەبەرچی سەرەڕای بوونی داهاتە زۆرو زەوەندەکانی نەوت‌و بوونی وەها ئەزموونێک لە گەشەی ئابووری لە دەیەی ١٣٤٠، گەشەی ئابووریی ئێران لە ماوەی ٣ دەیەی ڕابردوودا تا ئەم ئاستە دابەزیوە؟

وەزیری ئابووریی دەوڵەتی یازدەیەم پاشان گوتوویەتی لە زۆربەی وڵاتانی جیهان پشکی قازانج هەڵگرتنەوە لە گەشەی ئابووریدا هێندێک جار دەگاتە سەدی ٨٠، بەڵام پشکی قازانجدانەوەی لە ئابووریی ئێراندا هێندە لە خوارێیە بۆ گوتن نابێ.

بە قسەی عەلی تەیب نیا ئابووریی ئێران نەخۆشەو دەبێ بەپەلە بیر لەوە بکرێتەوە چارەسەری بۆ بدۆزنەوە.

## سەدی ٤٦ی زیندانیان لە ئێران پاش ئازادکران دووبارە دەگەڕێنەوە بۆ زیندان

سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی ئێران باسی لە گەڕانەوەی سەر لە نوێی سەدی ٤٠ تا سەدی ٤٦ی زیندانیان پاش ئازاد کرانیان بۆ زیندان کردووە. ئەم کەسانە یا دیسان ڕوو لە تاوانی پێشوویان دەکەنەوە یان ئەوەی کە بە تاوانێکی نوێ ڕێیان لە زیندان دەکەوێتەوە.

ئەسغەر جەهانگیر ڕۆژی دووشەممە ٣ی جۆزەردان باسی لە پێویستیی سەرنجدان بە شێوازەکانی پێشگیری کردن لە تاوان کردوەو گوتوویەتی دەبێ ڕێکاری وا بەکار بێنن کە بتوانن ڕێژەی تاوان‌و لادانەکان لە کۆمەڵگادا کەم بکەنەوە.

هەواڵدەریی میزان لە زمان ئەم کاربەدەستە بەرپرسیارەوە نووسیویەتی سەدی ٤٣ی زیندانیان بە شێوەی ڕاستەوخۆ لەسەر تاوانە پێوەندیدارەکان بە مادەی هۆشبەر گیراون کە بەم پێیە لە پلەبەندیی زیندانیان بە پێی تاوانەکانیان، پلەی یەکەمیان بۆ تەرخان دەکرێ.

لە لایەکی دیکەشەوە کۆمەڵە تاوانێکی دیکەش هەیە کە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ مادە هۆشبەرەکان لە پێوەندی دان کە بە قسەی جەهانگیر، "بە وەبەرچاو گرتنی ئەوان ئاماری زیندانیانی پێوەندیدار بە مادەی سڕکەر دەگاتە ئاستی سەدی ٧٠ کە ئەوەش ڕێژەیەکی یەکجار سەرسوڕهێنەرە."

دزی‌و تاوانە ماڵییەکان‌و تاوان بەرامبەر بە خەڵک، لە پلەکانی دواتری خشتەی ڕیزبەندیی زیندانیان بەپێی تاوانەکان جێگیر کراون.

ئێران زیاتر لە ٢٠٠ هەزار زیندانی هەیە. ئەم ئامارە لە لایەن حەمیدڕەزا تەباتەبایی نایینی، سەرۆکی کۆمیسیۆنی قەزایی‌و حقووقیی مەجلیسی ئێران، لە ڕێکەوتی ٤ی بانەمەڕی ئەمساڵ ئامادە کراوە.

لە نێوان سەدی ٥٠ تا سەدی ٦٠ی ئەم کەسانە بۆ یەکەمین جار پێیان بە زیندان کراوەتەوە و سەرۆکی ڕێکخراوی زیندانەکانی وڵات وتوویەتی لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، دەتوانن پێش بە گەیشتنی ئەم کەسانە بە زیندان بگرن. ناوبراو دەڵێ زیندانی کدنی کۆمەڵێک لەم کەسانە هیچ خزمەتێک بەم کۆمەڵگایە ناکا.

بەپێی ئامارەکان لە ٢ ساڵ لەمەوبەرەوە، سەدی ٧٥ی زیندانیانی ئێران پەڕاوێزنشینن و خەڵکی ناوچە هەژارەکانن. هێندێک جار بنەماڵەی ئەم کەسانە، تەنانەت زیاتر لە خۆشیان تووشی گێرە و کێشە و گرفتی جۆراوجۆر دەبن.

کوردستان

ژمارە: ٦٨١

١٨ی جۆزەردانی ١٣٩٥

٧ی ژوئەنی ٢٠١٦

# ئەدەب و هونەر

**لە ئەدەبی جیهاندا، ئەدەبی منداڵان بە هۆی کاریگەریی وشوێندانەرییەکانی بەسەر ڕاهێنان وپەروەردەی منداڵانەوە جێگەوپێگەی تایبەتی بۆ خۆی تەرخان کردووە.**
**لە کوردستانیش ئەم ژانرە هونەرییە بە پشت بەستن بە ژێرخانی فۆلکلۆرێک ڕۆژبەڕۆژ لە گەشە ئەستاندن دایە و نووسەرانی کورد قەڵەمی خۆیانیان لەم بارەوە وەگەڕ خستووە.بە بۆنەی ڕۆژی جیهانی منداڵان لەسەر ئەم بابەتە واتا «ئەدەبیاتی منداڵان وتایبەتمەندییەکانی» لە گەڵ قەڵەمبەدەستێکی ڕۆژهەڵاتی کاک «کوردڤین ڕۆژهەڵات» کە لەم بارەوە خاوەن ئەزموون وبەرهەمە ،وتوویژێکمان ڕێکخستووە کە سەرنجتان بۆ خوێندنی ڕادەکێشین.**



**ئامادەکار؛ عەلی لەیلاخ**

پرسیار: -ئەدەبی منداڵان چییەو چ تایبەتمەندیگی هەیە؟

– ئەدەبی منالان بەشێکە لە ئەدەبیات و وێژە کە تایبەتە بە منالان و تایبەتمەندی هەرە گرینگی , جۆری ئاخاوتنەکەیە کە دەبێ منال لێی حالی ببێ و چێژی لێ وەر بگرێ .

سادە و ساکار بێت , لەگەڵ ڕۆحی منالانەدا بگونجێت , دنیایەکی جوان و پڕ لە شادمانی و بێ غەل و غەشیان پێی بناسرێت و هانبدرێن بۆ ژیانێکی شاد . منداڵ هێشتا گەنجینەی وشەیێ تەواو نییە و لە دنیایەکی بچۆکدا ئەژیت هەر بەو دونیای خۆیەوە دەبێ دونیای پێی بناسرێت.

ئەدەبیانی منالان بە هەموو بەشەکانیەوە گرینگن ،گەر منداڵ بە چیرۆک و شێعر و شانۆی منالانەوە پەروەردە نەکرێت , ناتوانێت لە داهاتوودا شتێکی بۆ وتن ببێت.

ئەو منالانەی زیاتر چیرۆک و شێعری منالانەیان بۆ خوێنرابێتەوە , زیاتر مێشکیان گەشەدەکەت و بنەڕەتی پەروەردەکەیان باشتر فورم دەگرێت .

هەست بە بەرپرسیارییەتی لە منداڵییەوە لە منالدا جێی دەگرێت , گەر منالی کەسەکان خالی بێت لە چیرۆک و زانستی ئاسانی سروشتی و دونیای دەروبەر , لە تەمەنی سەرەوە ناتوانن بە لێهاتوویی ڕابردوو بگوازنەوە بۆ بەرەکانی دیکە و خۆیان تۆشی سەرلێشێواوی دەبن .

کەسایەتی مرۆڤ لە منالیدا درووست دەبێت گەر نەتوانین لەو تەمەنە کورتەدا یارمەتی درووست بوونی کەسایەتییان بین , دواجار ڕۆحێکی لاواز و پڕ کێشەیان دەبێت.

٢-گرینگی ئەدەبیاتی منداڵان بە هەموو لقەکانیەوە لە چی دایە؟بۆچی بەشێک لە نووسەران بەم ژانرەوە سەرقاڵن؟؟

ئەو کەسانەی خۆیان بە ئەدەبیاتی منالانەوە سەرقاڵ دەکەن , هەستیان بەمە کردووە کە نابێت پێوەندی منال لە گەڵ دونیای خۆیدا بپچڕێد .

چۆنکە دەورانی منالی پلەیێکی ژیانی مرۆڤە و گەر ئەو پلەیە قورس و قایم نەکرێت , لە دەورانی گەنجی و لاوی و دواتر, توانای چارەسەرکردنی کێشەکانیان نامێنێت. بۆ ئەمەیە زۆرێک لە نووسەران خۆیانیان سەرقاڵی ئەم جۆرە ئەدەبیاتە کردووە.

پرسیار:لە ئەدەبی کوردی‌دا دۆخی ئەدەبیات بۆ منداڵان چۆن دەبینن؟بە ڕای جنابت شتێکی نوێیە؟یان مێژووی دووری هەیە؟

ئەدەبی منالان لە کوردیدا ئێستا باشە و بەرەو باشتریش دەڕوات.

ئەم جۆرە نووسینە بۆ ئەدەبی منالان لە کوردیدا مێژووی ناگاتە سەد ساڵ بەڵام شێوەی وتاری زارەکی چیرۆکی کوردی منالانە تەمەنی دەگاتە تەمەنی درووست بوونی مرۆڤ .

لەوکاتەوە مرۆڤی کورد توانیوویە قسە بکات , چیرۆکی بۆ منالانیش بە شێوەی زارەکی خولقاندووە.

٤-بەرێزت چ بووتە هۆکار کە لەم شێوە ئەدەبیاتە خۆتان تاقی بکەنە؟

پرسیار: دنیای منالانم خۆش ئەوێت دواتریش چۆن هەستم کردووە منالان داهاتووی هەر گەلێکن و دەبێ بە زمانی خۆیان پەروەردە بکرێن هەتا پێوەندییان لە گەل زمانی دایکیدا نەپچڕێت و ئامادەی چوونە ناو ژیانی ئاسایی و سەخت بن , منیش بە بەشی خۆم بە ئەرکم زانی بچمە ناو کاری منالانەوە. گەر زمانی منالانمان لاواز بێت داهاتوویەکی لاواز و بێ پشتیوانمان ئەبێت. بەڵام گەر منالان بە زمانی خۆیان پەروەردە بکرێن و بچنە ناو دونیای چیرۆک و شانۆی منالانەوە , دواجار ئەبینین لە هیچ بوارێکەوە کورتمان نەهێناوە.

٥-تائیستا چەند بەرهەمت لەم بارەوە بە چاپ گەیاندووە؟

تا ئێستا سێ بەرهەمی منالانەم بە ناوەکانی :

١- یاسای هاتووچۆ ( شێعر)
٢- کەروێشکی زانا( چیرۆک)
٣- هیوا و ئارەزوو(چیرۆک)

بەزمانی کوردی لە چاپ داوە.

نزیکەی ٨ بەرهەمی دیکەی منالانم هەیە کە هێشتا بوار بۆ چاپیان نەڕەخساوە.

پرسیار: چ کێشەوگرفتێک لە سەر ریێ گەشەی ئەدەبی منداڵانە مەبەست نووسین بۆ منداڵانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان‌دا دەبینن؟

گرینگترین کێشە لە سەر ڕێی ئەدەبیاتی منالان لە ڕۆژهەلات نەخوێندنی زمانی کوردییە لە خوێندنگاکاندا و دواتریش دەسکورتی نووسەران و یارمەتی نەدانیان لە لای حکۆمەتەوە بۆ چاپی بەرهەمەکانیان و بێ تەرخەمی و گرینگی پێی نەدانی خەڵکی کورد بە ئەدەب و زمانی خۆیان , گەورەترین بەربەستەکانی بەردەم ئەدەبی منالانە.

سپاس بۆ بەشداریتان لەم وتوویژە.

..............................

**منالی کوردستانم**
**ئەنووسم بە دەستانم**
**ناوی خاکی پیرۆزم**
**نیشتمانی پڕ سۆزم**
**قەت تۆ لە بیر نابەمەو**
**دەرگا لە تۆ دەکەمەو**
**بەرەو باخی زوانەکان**
**باخە فرە جوانەکان**
**چۆنکە زوانی دایکیمە**
**گەنجینەی زکماکیمە**
**بۆ داهاتووی پیرۆزم**
**بۆ شاهۆ و نەکەرۆزم**
**بۆ ئاڵاو نەخشەی کوردی**
**فێری ئەبم بە وردی**
**بۆ چاودێری وڵاتم**
**دایمە لە ڕێ خەباتم**
**زمان مافی ڕەوایە**
**کۆڵەکەی گەلە وایە**
**وەک چۆن باڵندەکان پاک**
**ئەدوێن ئازاد و بێ باک**
**ئێمەش منداڵانی گەل**
**کوردی دەخوێنین وەک مەل**

(کوردڤین)



## دژە ڕۆژهەڵات ناسی ئێدوارد سەعید (١)

### ڕەچەڵەک ناسی پەیوەندی نێوان زانست و ڕۆژهەڵات ناسی لە ڕوانگەی وڵاتانی ڕۆژئاوادا

لە واقیعدا بیری ڕەخنەگەرانەی ئێدوارد سەعید *دژە ڕۆژهەڵات ناسییە* پاش هێنانە گۆڕی ئەم بۆچوونە فەلسەفیانەی سەعید کۆمەڵێک بیرمەندی ڕۆژهەڵاتی و موسوڵمان کەوتنە تەقالای دۆزینەوەی ئاڵتێرناتیڤ بۆ گۆڕینەوە و سڕینەوەی ڕەوتی ڕۆژهەڵات ناسی کە وەکوو خاڵێکی بەرانبەر،ئەو پارادایمە بێگانەیە بدۆڕێ.

تێکڕای شرۆڤەکارانی بەرهەمەکانی سەعید پێیان وایە کە ئەو بیرمەندێکی پۆست مۆدێرنە، بۆیە دەبێت بۆ ناسینی باشتری کۆی بەرهەمەکانی لە گەڵ ئاستی بیری پۆست مۆدێرنیتە و پرەنسیبەکانی لە بوارە جۆراوجۆرەکانیدا وەکوو جیهان ناسی مرۆڤ ناسی، مەعریفە ناسی ،پرس ناسی ،نەریت ناسی و ئەنجامدا ئاکامناسی ئاشناییمان هەبێت.

لە سەردەمی هاوچەرخ و لە ساڵی ١٩٧٠ ی زایینی یەکێک لە هەرە گرینگترین ڕووداوەکان «هەڵاتنی مەکتەبی دواپێکهاتەخوازی» لە ژیانی ڕۆشنبیری فەڕانسەدا بوو. ئەرک و فانێکشێنی ئەم مەکتەبە ; بەرەنگاری و بەرهەڵستکاری لە گەڵ عەینییەت و گشتی بوون و شوناسی فەرمی و هێزی سەردەست بوو کە پێشتر زانستە مرۆیەکانیدا لە باوشی خۆی ڕاگرتبوو.

بە تایبەتی لە بەرهەمی بیرمەندانێکی وەکوو دریدا، فۆکۆ ،بارت لیوتار ،لاکان و بۆردیار ئەم دیاردە زانستییە زەق و بەرچاوە کە ئەو پارادایمە فیکریانە لە ئەندێشەی نیچە و هایدگر سەرچاوە دەگرێتەوە.

لە دونیای پۆست مۆدێرندا نە هەر زانست بەڵکوو جیهانی واقیع لە درِنالّی زمان و زەیندا ساز دەکرێ و لە نێوانی جیهان و زماندا شتێک بوونی نییە. هەر بەم هۆیە کاتێک جیهانێکی دیاری کراو هەبوونی نەبێت زانستێکیش سەبارەت بە ناسینی ئەو جیهانە نییە. هەر تاک و گرووپ و کۆمەڵێ بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی کە هەڵقوڵاوی مشوور و چاوەڕوانی تایبەتی و جیاوازە بۆ جیهانی دەرەکی دەڕوانێ . هەر تاک و گرووپ و کۆمەڵێ بە چەشنێکی تایبەت جیهانی خۆی ساز کردووە و تێی گەیشتووە و مەعریفەیەکی جیاوازی لە گەڵدایە. بە گشتی زانست و مەعریفە و ڕەهەند و هزرێکی یەکانگیربوونی نییە و هەمووی شوناسی مێژوویین و لە ڕێگای دۆخی کۆمەڵگایی پێناسە دەکرێن.

لیوتار لە پەرتۆکی *بارودۆخی پۆست مۆدێڕن* کە بە هەڵنەهاتن لە گەڵ مۆدێڕنیزم لە قەڵەم دەدرێت لە پەلەقاژەی سەروو لێ گێڕانەوە» واتە لێ گێڕانەوەی گەورە باس دەکات و دەڵێ سەردەمی ئێمە،بینەری لە ناوچوونی ئەو لێ گێڕانەوانەن کە بەڵێنی حەقیقەت و دادپەروەری و بەختەوەری بە خەڵکی دەدات!

فۆکۆ یەکێک لە گرینگترین مەرجەعە فیکریەکان ئێدوارد سەعیدە. سەعید لە *ڕۆژهەڵات ناسی* دا دەڵێ چەمکی دیسکۆرس بە پێی پێناسەی فۆکۆ لە دوو پەرتۆکی *دێرین ناسی زانست* و * چاودێری و سزا* یارمەتی زۆری دام بۆ داڕشتنی بناغەی ڕۆژهەڵات ناسی. و هەروها دەڵێ ئەگەر ئەم چەمکە وەکوو دیسکۆرسێ چاوی لێی نەکەین ناتوانیین لە ڕەوتێکی هەرە پێکهاتەیی کە ڕامیاری و چاند و هزری ڕۆژهەڵاتی لە ئاپلۆقەی خۆیا دیل کردووە تێبگەین.

توێژینەوەکان سەعید ئەم پرسە ڕوون دەکات کە چلۆن ڕۆژهەڵات ناسی وەکوو ئامێرێکی زانستی ; مێکانیزمێکی بۆ بەربار کردنی بیرە گشتییەکان ساز کردووە کە بە پێی بەرژەوەندی و قازانجی دەسەڵاتی ئێستیعمار بێت.

سەعید پێی وایە لە بازنەی ڕۆژهەڵات ناسیدا کە نووسەران و هەڵسووڕاوانی وڵاتانی ڕۆژئاوا پێکیان هێناوە جوگرافیایەکی خەیاڵاوی بە دی هاتووە کە جیهان بە دوو جەمسەری «بەشی گەورە و جیاواز! واتە ڕۆژهەڵات زەوین» و «جیهانی ئێمە واتە ڕۆژئاوا زەوین» دابەش کراوە.

هەر بەو چەشنە کە فۆکۆ لە پێوەندی زانست و دەسەڵات چەتەکان ،بەلاڕێداچووەکان ،هەرزەکاران و شێتەکان لە دەزگای فیکری خۆیدا تیوریزە دەکات کە بە چ ڕەوش و بارودۆخێک شناسایی و لێ وردبوونەوەیان لێ دەکرێت و دەچنە نێو بازنەی کۆنترۆڵ و سزادا.

ڕۆژهەڵات ناسیش هەمان حوکمی بۆ ئێدوارد سەعید هەیە. چەمک هایەک وەکوو جەوهەر ،عیرفان، ئێستیبداد،گەندەڵی، ڕۆح و شکۆ و هەوەس لە ڕێگای ئەو دیسکۆرسە خولقێندراوەی ئاکادیمیسیەنە ڕۆژئاوایەکان هاتووەتە گۆڕەپانی خوێندنەوە و چاودێری گشتی کە هەر وەک پێشتر ئاماژەی پێ کرا زۆربەی ئەو داهاتە زانستیانە لە پێناوی بەرژەوەندی ئەمپریالیزمی نوێدایە.

بە بڕوای سەعید لانی کەم هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە تا ئەمڕۆ کاردانەوەی جیهانی ڕۆژئاوا لە هەمبەر ئایینی ئیسلام بە پێی هزری * ڕۆژهەڵات ناسی* بووە . هەر بەم هۆکارەش ئەم ئایینە بە هەموو خوێندنەوە جۆراوجۆرەکانی پابەندی ڕۆژهەڵات زەوین ناسراوە .و تێڕوانین سەبارەت بە وی تێکەڵاوی مەترسی و دوژمنایەتی کراوە. هەڵبەت سەرەڕای ئەم دیسکۆرسە سەلمێندراوە هۆکارە ڕامیاری ،ئایینی و سایکۆلۆژیانەش پێچوونیان هەبووە.

سەعید پیشان دەدا کە* ڕۆژهەلات ناسی* لە هۆکەری چوار لێ گێڕانەوەی تیوریک لە بارەی ڕۆژهەڵاتدا کار دەکا . کە ئەم چوار تەوەرە زەینی تاک و کۆمەڵی ڕۆژئاوایی لە ژێر کاریگەری خۆی دادەنێ

لێ گێڕانەوەی یەکەم : دەسەڵاتی ئێستیبدادی

لێرەدا دەتوانین بە لێکۆڵینەوەی دەقاودەقی مۆنتسکیو لە پەرتۆکی * دەست خەتە فارسیەکان* وتارەکانی ویتفۆگل لە بارەی ئێستبدادی ڕووسی و هەروەها بڕیاری *شێوەی بەرهەم هێنانی ئاسیایی* کارڵ مارکس ئیشارە بکەین.

لێ گێڕانەوەی دووهەم: نەبوون و بۆشایی گۆڕینی کۆمەڵایەتی

دەتوانین بە پەرتۆکی *ڕامیاری* ئەرەستوو ; * سامانی نەتەوەکان* ی ئادام سمیت و فەلسەفەی فایدەخوازانەی جرمی بنتام و جۆن ستوارت میل و پەرتۆکی * ڕاوەستانی چینی* ئاماژە بکەین.

لێ گێڕانەوەی سێیەم: جینسیەت و شاوەت

پەرتۆکی *داب و نەریتی میسرییە مودێڕنەکان* و *ئەخلاقی پڕۆتێستانی*و *ڕۆحی سەرمایەداری * ماکس وێبر و بۆچوونەکان هۆرکهایمێر و ئادۆڕنۆ لەم بارە دان

لێ گێڕانەوی چوارەم: نەبوونی دۆزەنە و بیرکردنەوە

بەرهەمەکانی ماکس وێبر سەبارەت بە بیرکردنەوە و دیوان سالاری لە ڕۆژهەڵات نموونەیێکە لەو شێوە لێ گێڕانەوە.

کۆتایی بەشی یەکەم.

**فەردین ڕۆژهەڵاتی**

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 681 7 Jun 2016



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11642

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


# چەند دیمەنێک لە ڕێوڕەسمی ڕۆژی جیهانی منداڵان لە بنکەی دەفتەری سیاسی

یەکیەتیی لاوانو ژنانی دێموکڕاتی کوردستان بەبۆنەی یەکی ژوئەن، ڕۆژی جیهانیی منداڵان ڕێوڕەسمێکی تایبەتییان بۆ منداڵانی نێو بنکەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێکهێنا.

لەو ڕێوڕەسمەدا کە ڕۆژی شەممە، ١٥ی جۆزەردان گیرا، کۆمەڵە بڕگەیەکی هونەریو ئەدەبیو چالاکیی هەمەجۆری منداڵان پێشکێش کرا.

لە سەرەتای ئەو ڕێوڕەسمەدا کاک عومەر باڵکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەلایەن دەفتەری سیاسییەوە پەیامێکی بەو بۆنەیە پێشکێش کرد.

بە دوای پەیامەکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بڕگە سەرەکییەکانی ڕێوڕەسمەکە دەستی پێکرد کە بریتی بوون لە: گۆرانیی وێنەی نیشتمان لەلایەن گرووپی پەپوولە؛ خوێندنەوەی شێعر لەلایەن نیان بداغی، سادۆنیا مودەڕسی، دانیا میرشێخ حەیدەری، لانیا شێخئەحمەدی، هەدیە محەممەدپەناو سۆما خەواڵی؛ خوێندنەوەی پەیامی منداڵانی نێو شۆڕش لەلایەن بانە عەزیزی؛ گۆرانیی بێریڤان لەلایەن ئازیتا مۆئمێنی؛ گۆرانیی ئامۆژگاری لەلایەن گرووپی نیشتمان؛ گۆرانیی منداڵی جوان لەلایەن بنار جەناغی؛ گۆرانیی یاری لەلایەن کۆرسی منداڵانی ناوەندی ٣ی حیزبی دێموکڕات؛ گۆرانیی دایەو بابەی بەسۆزم لەلایەن گرووپی نیشتمان؛ چەند تابلۆیەکی هەڵپەرکێی منداڵان لەلایەن گرووپی نمەی باران؛ چەند پێشبڕکێیەکی ماست خواردن، فوودانە تەقاندنو شووتی خواردن؛ گۆرانییەک لەلایەن ڕێباز ڕەحیمیانو گۆرانیو شەڕەبەند لەلایەن ئاکار قادری، ئەندام سولەیمانی، پویا کەریمیانو هەردی محەممەدپەنا.

بڕگەی کۆتایی ڕێوڕەسمەکەش دابەشکردنی خەڵاتو دیاریی بەڕێوەبەرانی یادەکە بەسەر منداڵانی بەشداربوویی جێژنەکە بوو.

























